WWW.RUDAW.NET

# رووداو RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (319) دووشەممە 2014/7/21 30ی پووشپەڕ 2714 (750) دینار

## "مام جەلال گریا"



**رووداو- سلێمانی**

شـێخ جەنگـی تاڵەبانـی، برای مـام جـەلال تاڵەبانی، باسـی یەکەم دیـداری خۆی لەگەڵ براکـەی دەکات، دوای گەڕانـەوەی تاڵەبانی لە ئەڵمانیاوە بۆ شـاری سـلێمانی. شـێخ جەنگـی، کـە لـە کۆیـە دادەنیشـێت و شـەوی 2014/7/19 لە دەباشان چاوی بە مام جەلال کەوتووە، بە (رووداو)ی گوت "مام جەلال کە ئێمەی بینی گریا". هەروەها باسی تەندروسـتی تاڵەبانی دەکات و دەڵێت "وەزعی باشبوو، مام جەلال 11 کاژێر بوو لەبەر رێگا نەخەوتبوو". بۆیە کە گەیشـتەوە "گوتی برسـیمە و نانیـان بـۆ هێنا. نانەکە هەندێ برنـج و دوو پارچە مریشک و هەندێ سەوزە بوو". سەبارەت بە توانای قسـەکردنی تاڵەبانیش، شـێخ جەنگی گوتی "کە قسـەمان لەگەڵ مام جەلال دەکرد، ئەوەی حەزی لێبوو وەڵامی دەدایەوە، ئەوەی حەزی لێ نەبوو، سەری بۆ دەلەقاندین و دەیگوت لەخوا بەزیادبێ من باشم و حەزم لێبوو بێمەوە".

4 »



## مالیکی یەوموددین

گۆران محەممەد

22



نوام چۆمسکی بۆ کورد:

## کارێکی باشتان کرد چوونە کەرکووک

7



## دڵنیا حاشای لێدەکرێت

10

یەکێتی دەڵێت تەنیا دوو کاندیدمان هەیە

# نەجمەدین کەریم: ناکشێمەوە و ناوی خۆم دەدەمە بارزانی



7 کورد پاڵێوراون بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار

3 »



ژمارە (319) دووشەممە 2014/7/21

## قوباد تاڵەبانی: رووداو سەلماندی پرۆفێشناڵە



**رووداو – هەولێر**

قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کوڕی مام جەلال دەستخۆشی لەو رووماڵە تایبەتەی تۆڕی میدیایی رووداو دەکات، کە بەبۆنەی گەڕانەوەی مام جەلال بۆ کوردستان کردی. ئێوارەی رۆژی 2014/7/19 مام جەلال، سکرتێری گشتیی یەکێتیی لەڕێی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانییەوە گەڕایەوە کوردستان. بۆ ئەو مەبەستە رووداو راستەوخۆ سات بە سات زانیاریی لەسەر کات و چۆنێتی گەڕانەوەی دەدا. قوباد تاڵەبانی دەستخۆشی لەو رووماڵەی رووداو کرد و گوتی "سەلماندتان پرۆفێشناڵن".

# پارێزگاری دهۆک سوورە لەسەر دەستبڕین



**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

پارێزگاری دهۆک سوورە لەسەر لێدوانەکەی کە لەبارەی ناڕەزایی و خۆپێشاندانەکانی خەڵکی ناحیەی باتیفا گوتبووی ئەگەر "دەستێکی پیس لە پشت خۆپیشاندانەکان بێت دەیبڕین" و دەڵێت "ئێستاش ئەگەر دەستی دەرەکی لە پشت بێت دەیبڕم". پەرلەمانتارێکیش دەڵێت "لەگەڵ هەڕەشەکانی پارێزگاردا نین".

بەرەبەیانی رۆژی 14/7/2014 دوای لەکار کەوتنی مولیدەیەک، ژمارەیەک گەنجی ناحیەی باتیفای سەر بە قەزای زاخۆ دەچنە لای ئەو مولیدەیە و پاشان گردبوونەوەیەک دروست دەبێت. بەپێی قسەی قایمقامی قەزای زاخۆ، بەڕێوەبەری ناحیەکەی بە نوێنەرایەتی خۆی ناردووەتە لای ئەو گەنجانە، بەڵام بەهۆی لێکحاڵینەبوون، ئەو گەنجانە هێرشیان کردە سەر ئۆتۆمبێلی بەڕێوەبەری ناحیەکە و زیانیان پێگەیاند.

رۆژی 17/7/2014 فەرهاد ئەترۆشی، پارێزگاری دهۆک لەگەڵ نوێنەری خەڵکی ناحیەی باتیفا لە زاخۆ کۆبووەوە، دواتریش لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا گوتی "ئەگەر دەرچوو دەستێکی پیس لەپشت ئەو خۆپێشاندانە بێت، ئەو دەستە دەبڕین". ئەو هەڕەشەیەی پارێزگار ناڕەزایی زۆری لێکەوتەوە، بە تایبەتی لەلای خەڵکی باتیفا.

عادل، دانیشتووی ناحیەی باتیفا دەڵێت "چەندینجار کێشەکانی ناحیەکەمان گەیاندووەتە لایەنی پەیوەندیدار، بەڵام کەس هیچی بۆ نەکردووین، لە گردبوونەوەکەش هەمان داواکارییەکانی پێشوومان هەبوو، بەڵام گەنجەکانمان کۆنترۆڵی خۆیان لەدەستدا". دەربارەی لێدوانەکانی پارێزگار، عادل گوتی "لە جیاتی کوژاندنەوەی ئاگر، لێدوانەکانی ئەو ئاگرەکەی خۆشتر کرد، ئێمە داوای لێدەکەین داوای لێبووردن لە خەڵکی باتیفا بکات".

خەلیل مەحموود، قایمقامی قەزای زاخۆ پشتگیری لەو هاووڵاتیانە دەکات و دەڵێت "هەموو داواکارییەکانی ئەوان رەوان و حەقی خۆیانە". گوتیشی "لەسەر ئەو گردبوونەوەیە کەسمان دەستگیر نەکردووە".

سەبارەت بە هەڕەشەکەی پارێزگاریش، ناوبراو گوتی "پارێزگار مەبەستی لایەنی دەرەکی بوو، ئەگەر لایەنەکانی دەرەکی بن، خەڵکی ئێمە نەبێت، مەبەستم کورد نەبن، منیش لەگەڵ ئەو قسەیەی پارێزگارم".

هەرچەندە گردبوونەوەکە بچووک بوو، بەڵام بەهۆی هەڕەشەکەی پارێزگارەوە دەنگیدایەوە، رۆژی 19ی ئەم مانگە شاندێکی پەرلەمانی کوردستان سەردانی ناحیەکەی کرد. عەلی عەلی هالو، کە ئەندامی شاندەکەی پەرلەمان بوو گوتی "ئێمە پشتگیری لێدوانەکانی پارێزگاری دهۆک ناکەین و لەگەڵ هەڕەشەدا نین، دەبێت هەموو شت بە یاسا جێبەجێ بکەین، خۆپیشاندان مافێکی رەوای هەموو خەڵکە".

بەڵام پارێزگاری دهۆک پەشیمان نییە لە قسەکانی و گلەییشی لە هەندێک لە کەناڵەکانی راگەیاندن کرد و گوتی "ئێمە پشتگیری میدیای ئازاد دەکەین بۆ گەیاندنی پەیامی راستەقینە، بەڵام ئەوانەی کاری تێکدەرانە دەکەن بەمەرامی سیاسی و خراپ بەکاریبێنن، ئێمە لە رێگەی یاساوە ئیجرائاتیان لەگەڵ دەکەین".

ئەتروشی دەڵێت "ئێستاش دەڵێم ئەگەر دەستی دەرەکی لە پشت بێت و کاری تێکدەرانە بکەن، بەتوندی وەڵامیان دەدەینەوە و دەستیان دەبڕین".

سەبارەت بە جێبەجێکردنی داواکارییەکانی خەڵکی ناحیەکە، فەرهاد ئەترۆشی گوتی "هەر ئەو رۆژە ئێمە دەستمان بە ئیجرائات کرد، بۆ ئەوەی داواکارییەکانی خەڵکی باتیفا جێبەجێ بکەین، بریارماندا بەڕێوەبەری ناحیەکە و بەڕێوەبەری پۆلیس بگۆڕین".

فەهیم عەبدوڵلا، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆکیش لەگەڵ شێوازی لێدوانەکانی پارێزگاری دهۆکدا نییە و دەڵێت "دەستی کەسمان نەبڕیوە و دەستی کەسیش نابڕین، بەڵام لەگەڵ کاری تێکدەریشدا نین، چونکە داواکاری رێگای خۆی هەیە، بەڵام هەرشتێک رووبدات، دەبێ بەیاسا چارەسەر بکرێت، نەک هەڕەشە".

## داوای دروستکردنەوەی وەزارەتی ژینگە دەکەن

# ژینگەی کوردی دەبێتە ئۆپۆزیسیۆن



**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئۆپۆزسیۆنێکی دیکەی بۆ پەیدا بوو، بەڵام ئۆپۆزیسیۆنەکە حیزبێکی نوێیە و هێشتا رێوشوێنی یاسایی مۆڵەت وەرگرتنی تەواونەکردووە. سکرتێری ئەو حیزبە هیوایەکی بەهێزی هەیە لە ماوەیەکی کەمدا بتوانن هەمان ئەو پێگەیە بەدەستبێنن کە حیزبە سەوزەکانی رۆژئاوا هەیانە.

ملکۆ بازیانی بەپێکەنینەوە دەڵێ "قابیلە نەتوانین 500 ئیمزا کۆبکەینەوە" کاتێک پرسیاری ئەوەمان لێکرد کە ئاخۆ دەتوانن رێوشوێنە یاساییەکانی وەرگرتنی مۆڵەتی کارکردن تەواوبکەن، بەتایبەت کە یەکێک لە مەرجەکان واژۆ و ناونیشانی 500 ئەندامی حیزبەکەیە؟

لۆگۆ و بەرنامەی سیاسی و پەیکەربەندیی حیزبەکە تەواو بووە و ماوەتەوە وەزارەتی ناوخۆ دواهەمین مۆری خۆی لە مۆڵەتی کارکردنیان بدات "قسەمان لەسەر هەموو شتێک دەبێ، لە ژینگەوە تاوەکو سیاسەت".

ملکۆ بازیانی، ساڵانێکی زۆر لە رۆژنامەکاندا وتار و سکاڵانامەی لە بارەی ژینگەی شارۆچکەکەی (بازیان) دەنووسی کە بەشێک لە کارگەکانی چیمەنتۆ و کاشی و گەچ، لەوێ رۆژانە ئاسمان بە دووکەڵ تاریک دەکەن. ئێستا ئەو باسی ئاسمانی هەموو کوردستان و وڵاتانی ناوچەکەش دەکات، چونکە بووەتە سکرتێری پارتێکی نوێ لە باشووری کوردستان کە لە 5ی حوزەیرانی رابردوو لە سلێمانی بەناوی پارتی ژینگەی کوردستان، خۆی ناساند.

سکرتێری پارتی ژینگەی کوردستان دەڵێ راستە کۆتایی ناوی حیزبەکەیان بە کوردستانە، بەڵام ئەوان تەنیا کار لەسەر کوردستان ناکەن "تەنانەت پاکستانی و فارس و عەرەب دەتوانن لای ئێمە ببنە ئەندام و بەرپرسیارێتی وەربگرن، بەمەرجێک ئەندامی هیچ حیزبێکی دیکە نەبن".

لە باشووری کوردستان رێکخراوی ژینگەپارێزیی دیکە هەن کە هەندێک لەو رێکخراوانە فشارێکی زۆریان خستە سەر حکومەت بۆ سزادانی ئەوانەی درەختەکان دەبڕنەوە و ژینگە پیس دەکەن. بەڵام هیچکام لەوانە نەبوونە پارتی سیاسی.

ملکۆ بازیانی دەڵێ بەهەمان ریتمە جددییەکەی ئەو رێکخراوانە و بگرە زیاتریش کار دەکەن، بەڵام رێرەوی کارەکەیان توندتر دەبێ بەوپێیەی ئەو باسیدەکات "دەبینە ئۆپۆزیسیۆن، بەڵام هەموو شتێک رەتناکەینەوە".

ئەوە یەکەمین پارتی ژینگەیە لە عێراق دەستبەکار دەبێت. لە رۆژئاوا حیزبە سەوزەکان کاتێکی زۆریان پێویست بوو بۆ ئەوەی لە گۆڕەپانی سیاسی و ململانێ پەرلەمانی و حکومەتدارییەکاندا شوێن پێی خۆیان بکەنەوە، بەڵام ئایا ژینگەی سیاسیی کوردستان پێشوازی لە پارتی ژینگەی کوردستان دەکات؟

ئاسۆ کەریم زەند، نوێنەری پارتی ژینگەی کوردستان لە دەرەوە، دەڵێ تاوەکو ئێستا بڕیاری ئۆپۆزیسیۆنبوونیان نەداوە و هەڵیانگرتووە بۆ کۆبوونەوەیەکی گشتی، ئەو گوتی "دەمانەوێت بۆچوونی هەموو ئەندامەکانمان وەربگرین".

ناوبراو هەروەها دەڵێ ژمارەیەکی زۆر ئەندامیان لە ئەورووپاش هەیە و دەبێت رای ئەوانیش وەربگرن "کوردستانیش شیاوە بۆ دروستبوونی پارتێکی ژینگەیی". گوتیشی "پارتی ژینگە سنووری نییە و بزووتنەوەیەکی جیهانییە، لە کوردستانیش بەرامبەر ئیکۆسایدی کوردستان و وەک وەڵامدەرەوەی ئەو هەموو ئیکۆسایدەی بەرامبەر ژینگەی کوردستان دەکرێت، دروستبووە".

پارتی ژینگەی کوردستان، پێشوازی لە شێوازی گرێبەستە نوێیەکەی نێوان باشووری کوردستان و تورکیا دەکات بۆ مەسەلەی سووتەمەنی "پێمانوایە ژینگەی تێدا رەچاو کراوە و دەستخۆشییان لێدەکەین".

ملکۆ بازیانی، یەکێک لە داواکارییەکانیان دەخاتە روو کە دەیانەوێ کاری لەسەر بکەن "دەمانەوێ وەزارەتی ژینگە دروستبکرێتەوە، چونکە ژینگە هێندە گرنگە کە پێویستە وەزارەتی هەبێت، دەمانەوێ یاسای ژینگەش هەموار بکرێتەوە".

سکرتێری پارتی ژینگە، پێیوایە ساڵانی پێشوو تەنیا ژینگەی بازیان پیسبوو "بەڵام ئێستا لە دهۆکەوە تاوەکو دەگاتە خانەقین ژینگە پیس بووە، دەبێ ژینگە و ئاو و هەوای کوردستان داکۆکیکاری سەرسەختی هەبێت". گوتیشی هەر بەو شێوەیە نامێننەوە، بیر لەوە دەکەنەوە بەشداریی هەموو چالاکییە سیاسییەکان بکەن "لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووش بۆ پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگاکان لیستمان دەبێت".

بەڵام بۆچی رێکخراوەکانی ژینگەپارێزنەچوونە نێو پارتی ژینگە؟ ملکۆ بازیانی، رەتیکردەوە ئەو رێکخراوانە کێشەیان لەگەڵ شێوازی کارکردنی ئەوان هەبێت و دەڵێ "سەرۆکی رێکخراوی کوردستانێکی سەوز بۆخۆی هاتە نێومانەوە و ئەندامی مەکتەبی سیاسییە". گوتیشی "یەکێک لە کارەکانمان یەکگرتنی هەموو رێکخراوەکانی تایبەت بە ژینگەیە لەگەڵ پارتەکەمان".

# 40 خێزانی عەرەب سکاڵا دژی خوێندنی کوردی تۆماردەکەن

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی لە بەغدا رایگەیاند، سکاڵای ژمارەیەک خێزانی عەرەبی ناوشاری بەغدایان بەدەست گەیشتووە کە "بەهۆی دەرنەچوونی منداڵەکانیان لە خوێندن، سکاڵایان لەدژی خوێندنی کوردی تۆمار کردووە".

بارودۆخی شێواوی عێراق کە هێشتا روون نییە دەگاتە لێواری دابەشبوونە چاوەڕوانکراوەکە یان نا، نەگەیشتووەتە ئەوەی بەرپرسانی خوێندنی کوردی لە کارەکەیان سارد بکاتەوە، هەرچەندە کوردی بەغدا لە دڵەڕاوکێ و نائارامییەکی زۆردا دەژین.

حوسێن جاف، بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی لە بەغدا دەڵێ راستە کوردی بەغدا بەتەواوی نائارامن و نازانن چییان بەسەردێ "بەڵام خوێندنی کوردی لە بەغدا بەردەوامە، ئەگەرچی سەربەستییەکەی جارانمان نەماوە و ناشزانین چارەنووسمان چی لێدێت".

لەدوای 2003وە، کاتێک کورد گەڕایەوە بەغدا و دواتریش لەساڵی 2005 کاتێک دەستووری نوێی عێراق پەسەند کرا، کوردی بەغدا، ئەوانەی چەندین ساڵە لەوێ نیشتەجێن کەوتنە خۆیان. لەساڵانی دواتردا خوێندنی کوردی لەبەغدا دەستی پێکرد.

حوسێن جاف، بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی دەڵێ لە سەرەتاوە چەند خوێندنگەیەک و باخچەی ساوایان وەک ئەزموون تاقیکرانەوە بۆ پرۆژەکەیان "بەڵام پرۆژەکە فراوان بوو، ئێستا لە 6 بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی نێو شاری بەغدا کە 400 خوێندنگەی ئامادەیی و ناوەندی و 5 باخچەی ساوایان لەخۆ دەگرێت، وانەی کوردی دەخوێنرێ و وانەیەکی فەرمییە".

بەڵام بەغدای 2014 جیاوازە لە هەر سەردەم و قۆناغێکی دیکە، چونکە دوای دەستبەسەرداگرتنی نەینەوا و تکریت لەلایەن چەکدارانی داعش و سوننەکان و پچڕانی پەیوەندیی زەمینی لەنێوان باشوور و ناوەڕاستی عێراق و باشووری کوردستان لەو دوو پارچەیەی دیکەی عێراق، هەندێک گرووپی شیعە مەزهەب لەناو شاری بەغدا کەوتنە هەڕەشەکردن لە کوردی ئەو شارە، لەوانەش گرووپی عەسائیبی ئەهلی حەق.

ناوبراو، لەبارەی ترس و دڵەڕاوکێی کوردی بەغداوە، قسەی بۆ (رووداو) کرد و گوتی "کوردی بەغدا لە ترسێکی زۆردا دەژین، جموجوڵ و هاتنە دەرەوەیان بە تەواوی کەمبووەتەوە، نە حیزبێک و نە لایەنێکی سیاسی هەیە پەنای بۆ ببەن، بەڕاستی هەست بە تەنیایی دەکەن".

حوسێن جاف، دەڵێ هێشتا بیر لەوە نەکراوەتەوە خوێندنی کوردی بوەستێنن و بەردەوام دەبن لەکاری خۆیان. بەڵام دەڵێت لەو ماوەیە 40 خێزانی عەرەب سکاڵایان لەسەر تۆمارکردوون. گوتیشی "سکاڵاکان لەبەر ئەوەیە کە منداڵەکانیان بەهۆی وانەی کوردییەوە دەرنەچوون، وانەی کوردیش وانەیەکی فەرمییە و بۆ ئەوان رەنگە هەندێک قورس بێت". هەروەها دەڵێ "خەڵک زۆر حەزدەکەن منداڵەکانیان بهێننە باخچەی ساوایان و فێری کوردی ببن، چونکە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن و دەیانەوێ منداڵەکانیان کوردی بزانن".

تاوەکو ئێستا ئامارێکی فەرمی راگەیێندراو نییە لەبارەی ژمارەی کوردی شاری بەغدا، هەرچەندە لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان لە ئەنجامی دەنگەکانی خۆیان لەبەغدا، رەتیاندەکردەوە ئەوە راستبێ کە ملیۆنێک کورد لە بەغدا هەبێت، بەڵام حوسێن جاف دەڵێ "زیاتر لە ملیۆنێک کورد لە بەغدا دەژین". گوتیشی "خۆ بەوە نابێت کە ئەوان دەنگ بە حیزبەکانی خۆمان نادەن، ئیدی کورد نەبن، لە گەڕەک و ناوچەکانی بابولشێخ، جادەی کیفاح، ناوچەی جزیرە، گەڕەکی کوردەکان، کەڕادە، بابولشەرجی، بابولموعەززەم، کوردێکی زۆر دەژین".

عادل نووری، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی، قسەکانی حوسێن جاف پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێ رۆژانە کورد لەبەغدا دەبنە قوربانی "بۆ کەس هەیە بوێرێ لە بەغدا جلی کوردی لەبەر بکات، یان بە کوردی قسەبکات و لەبازاڕدا بسووڕێتەوە؟". هەروەها دەڵێ "لەناو شاری بەغدا، ئەوەندەی حکومەت دەسەڵاتی هەیە، ئەوەندەش میلیشیاکان دەسەڵاتدارن".

ئەمە هێشتا کورد بڕیاری جیابوونەوەی نەداوە، ئەی ئەگەر لە باشووری کوردستان ئەو بڕیارە سیاسییە بدرێ و پەیوەندییەکانی کورد و عەرەب بەتەواوی ئاڵۆز ببێت، ئاخۆ ئەوکات کوردی بەغدا چیدەکەن؟ حوسێن جاف دەڵێ هەموو شتێک کاتی خۆی وەڵام دەدرێتەوە، بەڵام کوردی بەغدا "خەڵکی ئازا و بەخشندە و دڵسۆزن، ئەوکات ئەوانیش بیر لەخۆیان دەکەنەوە".



فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم

## "سەرۆکایەتی پەرلەمان پووچەڵە"

**ڕووداو- بەغدا**

سەرچاوەیەکی بەرپرس لە سەرۆکایەتیی پەرلەمانی عێراق بە (تۆڕی میدیای ڕووداو) ڕاگەیاند، بەیان جەبر سولاغ، سەرۆکی فراکسیۆنی مواتن لە پەرلەمانی عێراق بە فەرمی لە دادگای فیدراڵی سکاڵای تۆمارکردووە لەسەر دانیشتنی تایبەت بە هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق و جێگرانی. سەرۆکی فراکسیۆنی مواتن لەو سکاڵایەدا هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی بە پووچەڵ داناوە و داوای لە دادگا کردووە دانیشتنەکە هەڵبوەشێنێتەوە، چونکە لە یەکەم دانیشتنی پەرلەماندا سەرۆک و جێگرانی سەرۆکی پەرلەمان هەڵنەبژێردراون، ئەمەش پێشێلکردنی دەستوورە.



## پۆستی سەرۆک کۆمار بومەلەرزە دەخاتە نێو یەکێتی

## نەجمەدین کەریم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی:

# لە خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار ناکشێمەوە

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق "بومەلەرزە" دەخاتە نێو یەکێتی و ئەو حیزبە بەکردەوە دەکاتە دوو پارچە. نەجمەدین کەریم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی هەڕەشە لە مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی دەکات و دەڵێ خۆپاڵاوتنی ناکێشێتەوە و کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتیش بۆ یەکلاکردنەوەی پاڵێوراوی پۆستی سەرۆک کۆمار بە "شکستخواردوو" ناودەبات.

مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان زنجیرەیەک کۆبوونەوەی بۆ یەکلاکردنەوەی کاندیدی هێزە کوردستانییەکان کە پشکی ئەو حیزبە بوو، بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق سازکرد، بەڵام دواجار شکستیان هێنا و نەیانتوانی یەک بەربژێر بەناوی کوردەوە دەستنیشان بکەن.

دوا کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە 2014/7/20 لە سلێمانی سازکرا و دوای کۆبوونەوەکە مەلا بەختیار، لێپرسراوی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ڕایگەیاند کە هەریەک لە بەرهەم ساڵح و فوئاد مەعسوم بەربژێری فەرمیی یەکێتین بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار.

بەڵام زۆری نەخایاند دوای قسەکانی مەلا بەختیار، نەجمەدین کەریم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارێزگاری کەرکووک کە خۆی بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆمار پاڵاوتبوو، ڕەخنەی توندی لە مەکتەبی سیاسی یەکێتی گرت، چونکە لە غیابی ئەودا ناوەکان کاندیدکراون و ناوی ئەوی تێدا نییە.

نەجمەدین کەریم بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "مەکتەبی سیاسی لەبەرئەوەی نەیتوانی لەسەر یەک کەس بگاتە ڕێککەوتن، دوو ناویان کاندید کرد، کە تۆ یەک کەست نەبوو مانای وایە ناوەکان کراوەیە. بۆیە منیش کاندیدم و ناکشێمەوە".

بەڵام مەلا بەختیار دەڵێ هەریەک لە "مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی پەرلەمانی عێراقیش ئاگادار کراونەتەوە لەوەی یەکێتی تەنیا دوو ناوی هەیە بۆ ئەو پۆستە". و نەجمەدین کەریم کاندیدی ئەوان نییە بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق.

نەجمەدین کەریم کە لە هەڵبژاردنی 30ی نیسانی ڕابردوودا لە پارێزگای کەرکووک و زیاتر لە 150 هەزار دەنگی هێنا، گوتی "ناردنی ناوی کاندیدەکان بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئاسانە، مادام یەک کاندید نییە، ئێمەش ناوی خۆمان دەدەینە جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەک کاندیدی پۆستی سەرۆک کۆمار".

بەگوێرەی زانیارییەکانی (ڕووداو)، کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتی سەرپەرشتی کۆکردنەوەی دەنگی کردووە لەنێو مەکتەبی سیاسی یەکێتیدا بۆ ئەوەی پاڵپشتی "بەرهەم ساڵح" بکەن. (ڕووداو) زانیویەتی کە 10 ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نامەیەکیان ئیمزا کردووە بە ئاگاداری کۆسرەت ڕەسوڵ و نامەکە دراوەتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە ئەوان پاڵپشتی لە بەرهەم ساڵح دەکەن بۆئەوەی ببێتە بەربژێری کورد بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق.

نەجمەدین کەریم دەڵێ "هەندێ کەس لەبەر بەرژەوەندی شەخسیی خۆیان و کێبڕکێی حیزبایەتی، قسەی ناشیرین لەسەر من دەکەن کە بارزانی و پارتی دژی من بن، بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەوان (بارزانی) شارەزایی باشیان هەیە لە مێژووی ئێمە و لە هەر کوێ کارمان کردووە زۆر بە جددی کارمان کردووە و لەدەرەوەش کارمان کردووە بۆ مەسەلەی کورد و لە کەرکووکیش کارمان کردووەو سەرکەوتوو بووین".

نەجمەدین کەریم پێیوایە بەشدارنەبوونی ئەو لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی کاریگەری هەبووە لەسەر ئەوەی کە ناوی ئەو نەخراوەتەوە پاڵ هەردوو بەربژێرەکەی دیکە "من لە کۆبوونەوەکەی مەکتەبی سیاسی نەبووم، کۆبوونەوەکەش سەرکەوتوو نەبوو، گەر سەرکەوتوو بووایە ئەوا یەک ناویان هەڵدەبژارد، ئێ هەڵبژاردنیش نەکرا بۆ یەکلاکردنەوەی کاندیدی یەکێتی بۆ ئەو پۆستە". گوتیشی "کە لە کۆبوونەوەکە نەگەیشتنە ئەنجام، گوتیان با هەردووکیان هەبن و ئەگەر منیش لەوێ بوومایە ناوی منیشیان تێدەکرد، بەڵام کە لەوێ نەبووم ناوی منیان دانەنا".

دکتۆر نەجمەدین کەریم هەر لەدرێژەی قسەکانیدا بۆ (ڕووداو) گوتی "سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئاگای لێیە کە من خۆم کاندید دەکەم و قسەشی لەگەڵ کراوە و منیش هیچ قسەیەکی سەلبیم نەبیستووە لەلایەن جەنابیانەوە". هەربۆیە ڕەتیدەکاتەوە کە خۆی لە کێبڕکێی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار بکێشێتەوە و دەڵێت "ئەگەر مەکتەبی سیاسی یەکێتی یەک کاندیدیان دانابایە دەکشامەوە، بەڵام مادام یەک کاندید نییە منیش ناوی خۆم دادەنێم و بەردەوام دەبم، چونکە لەنێو مەکتەبی سیاسی یەکێتی زانراوە کە من کاندیدم و مادام بووە بە دوو کەس، ئێ خۆ هیچ جیاوازیی نییە لەگەڵ سێ کەس، ڕاستە ئەوە بۆ کورد باش نییە کە سێ کاندیدی هەبێ، بەتایبەتی بۆ یەکێتی خراپە، بەڵام نیازی ئەوەم نییە بکشێمەوە".

ئەندامێکی دیکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی هۆی پشتگیری نەکردنی مەکتەبی سیاسی لە نەجمەدین کەریم بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە "نەجمەدین کەریم لە بەغدا ناوی خۆی پێشکەش کردبوو، دواتر هەر لە بەغداوە نامەی بۆ مەکتەبی سیاسی نارد کە خۆم کاندید کردووە و پاڵپشتی من بکەن".

یەکلانەکردنەوەی بەربژێری پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق، یەکێتی بە ئاشکراو بەکردەوە دابەش کردووە. لایەنێکیان لە کۆسرەت ڕەسوڵ و بەرهەم ساڵح لەگەڵ هەشت لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پێکدێن و لایەنەکەی دیکەش بەسەرپەرشتی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدە. بەڵام وادیارە قسەی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد لەو مەسەلەیەدا یەکلاکەرەوە نەبوو.

فوئاد مەعسوم، کاندیدی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدە بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار. ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەڵێت "دکتۆر فوئاد چەند ڕۆژێک لەمەوبەر نامەیەکی بۆ مەکتەبی سیاسی یەکێتی نووسیوە و تێیدا گوتوویەتی پاڵپشتی بەرهەم ساڵح دەکەم، بەڵام دوو ڕۆژ لەمەوبەر هەڵوێستی گۆڕی و خۆی کاندید کرد و لەلایەن بنەماڵەی تاڵەبانیشەوە پاڵپشتی دەکرێ".

ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ڕەتیدەکاتەوە کە هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بڕیاری کۆتایی ناو یەکێتی بدات و دەڵێت بڕیاری یەکێتی مەکتەبی سیاسی دەیدات نەک هێرۆخان، بۆیشی نییە هەڵوێستەکانی خۆی لەسەر مەکتەبی سیاسی بسەپێنێ و ئەمە ناچێتە سەر، ئیدی سەردەمی هەیمەنەی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد کۆتایی هات".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە لەسەر باڵی بەرهەم ساڵح هەژمار دەکرێ و پێی باش نەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی "ململانێی کۆن لەنێوان هێرۆخان و بەرهەم ساڵحدا هەیە، کاتی خۆی کە بەرهەم ساڵح لە هەولێر سەرۆکی حکومەت بوو، هێرۆ خان پێیوابوو بۆ گۆڕینی بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک دەبێ فەرمان لەو وەربگرێ، بۆیە ئێستاش ئەو ناکۆکییە هەر ماوە". ئەوەشی ئاشکرا کرد کە لەو کۆبوونەوانەی چەند ڕۆژێکە مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەیکات "هێرۆخان بە ڕوون و ئاشکرا گوتی من پاڵپشتی بەرهەم ساڵح ناکەم و دەنگی بۆ نادەم و کاریشی بۆ ناکەم".

هەریەک لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان تاڕادەیەک هاوڕان لەسەر چۆنیەتی یەکلاکردنەوەی کاندیدی یەکێتی بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری. کاکەمین نەجاڕ، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دەڵێ "پارتی لەگەڵ ئەوەیە ئەو کاندیدەی هەم لەنێو یەکێتیدا ڕای زۆرینەی لەسەر بێت و هەمیش حیزبە کوردستانییەکان ڕازی بین پێی پاڵپشتی دەکات".

محەممەد ڕەئووف، سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامیش باسی هەڵوێستی حیزبەکەی دەکات "باشتر وایە ناوی هەردوو کاندیدەکەی یەکێتی بێننە نێو کۆبوونەوەی پێنج حیزبە سەرەکییەکە و بە ئامادەبوونی سەرۆکی هەرێمی کوردستان تەماشا بکرێ کە کێ نەرمترە و کێ لە نێو یەکێتی پاڵپشتی زیاتری هەیە ئەو کاندیدی کورد بێت". گوتیشی "هەر کەسێک لەدەرەوەی هێزە کوردستانییەکان خۆی کاندید بکات دەنگی نادەینێ و کاندیدی هێزە کوردییەکان نییە".



ناوی خۆم وەک پاڵێوراو دەدەمە سەرۆکی هەرێمی کوردستان

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی: سەردەمی هەیمەنەی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد کۆتایی هات

### 7 کورد خۆیان پاڵاوتووە

بەپێی زانیاری ڕووداو تاوەکو ئێستا حەوت کورد خۆیان بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق بەربژێر کردووە، ئەوانیش بریتین لە:

**1- فوئاد مەعسووم**
**2- بەرهەم ساڵح**
**3- نەجمەدین کەریم**
**4- هیوا محەممەد عارف**
**5- محەممەد ساڵح جاف**
**6- یەحیا نەسرەدین حەمەد دەروێش**
**7- تەحسین بەکر حەمەد ئەمین**

## پەرلەمانتارانی کورد هۆشداری دەدەن

# "مالیکی گەمەی پوتین و مێدفیدیف لە عێراق دووبارە دەکاتەوە"



**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

نوێنەرانی کورد لە بەغدا دەڵێن لە ئاڵۆزترین ساتەوەختی مێژووی سیاسی عێراقدان و هێشتا بۆخۆشیان نازانن کورد چی دەوێت لە عێراقدا. ئەندامێکی لیژنەی دانوستاندنکاری کورد، پێیوایە ئەگەر پەرلەمانتارانی کورد لەگەڵ سەرۆکی حیزبەکان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەیەک نەکەن بۆ وەرگرتنی بەرچاوڕوونی، کورد بەشداریی دانیشتنی داهاتووی پەرلەمان لە ڕۆژی 4 شەممە نەکات باشترە "چونکە نازانین داوای چی بکەین و کورد چی دەوێ".

بەغدا وەک تونێلێکی تاریکی لێهاتووە بۆ ئەو نوێنەرە کوردانەی دەبێ لە یەک کاتدا بیری ئەوەیان هەبێت کە سەرکردایەتی سیاسی کورد بەڵێنی ئەنجامدانی گشتپرسی و ساخکردنەوەی چارەنووسی سیاسی خۆی بەخەڵک و پەرلەمانی کوردستان داوە و لەلایەکی دیکەشەوە پۆستە سیادییەکانی بەغدایان لەدەستنەچێ.

### کورد سوێندی خوارد یەکپارچەیی بپارێزێ

ڕۆژی 15ی تەمموز، پەرلەمانی عێراق دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی هەڵبژارد. سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ لە پەرلەمانی عێراق، نیگەرانە لەوەی تاوەکو ئێستا لیژنەی دانوستاندنکاری کورد یەک کۆبوونەوەیان ئەنجامداوە کە ئەویش لەگەڵ پەرلەمانتارانی کورد بووە و کورد فراکسیۆنێکی یەکگرتووی نییە.

"هەموو خەریکی وەرگرتنی پۆستن"، ئەحمەد ڕەشید، هەروەها دەڵێ کە ئەوان وەک پەرلەمانتارانی کورد سوێندیان خواردووە یەکپارچەیی عێراق بپارێزن، گوتیشی "من زۆر بێتاقەتم بەو سوێندە".

خەڵک بەرچاویان ڕوون نییە ئاخۆ کورد دەچێتەوە نێو باوەشی بەغدا و بەشداریی لە پرۆسەی سیاسی ئەو وڵاتە دەکاتەوە یان بەڵێنەکانی خۆی دەباتە سەر و سەربەخۆیی ڕادەگەیێنێ، تەنانەت پەرلەمانتارانیش نازانن کورد کام ڕێگەیان هەڵدەبژێرێ. ئەحمەد ڕەشید، دەڵێ " نە کارنامەمان هەیە لە بەغدا کاری لەسەر بکەین و نە کۆبوونەوەیەکیشمان پێکراوە چی بکەین".

عادل نووری، ئەندامی لیژنەی دانوستاندنکاری کورد لەبەغدا، بەهەمان شێوەی ئەحمەد ڕەشید، دەڵێت کە پێویستە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان تاوەکو ڕۆژی 3 شەممە کۆبوونەوە بە 62 پەرلەمانتارەکەی کورد بکات و پێیان بڵێت چی بکەن "یان ئەوەتا فراکسیۆنێکی هاوبەشی کوردی دروستبکەین و سەرۆکی بۆ دیاری بکەین و بە پاکێجێک بچینە سەر هێڵی گفتوگۆ لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان".

لەبارەی سوێندی یاسایی عادل نووری گوتی، ئەگەر سوێندیش خورابێ، دەستووری عێراق نەیگوتووە نابێ کورد باسی مافی چارەنووسی خۆی بکات "سوێندمان خواردووە ئەو دەستوورە جێبەجێ بکرێت کە مافەکانی کوردی تێدایە".

### پێکهێنانی حکومەت جێی گومانە

بەرپرسی یەکێک لە پارتە سیاسییەکان پێیوایە، کورد ڕاستە تاوەکو ئێستا داواکارییەکانی خۆی بۆ حکومەتی داهاتووی بەغدا و بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسی ئامادە نییە "بەڵام بێگومان مەرجی نوێی هەیە". ئەو بەرپرسە کە لە کۆبوونەوەیەکی ئەو دواییە لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشداریی کردووە و نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی "کورد هێشتا گومانی هەیە لەوەی حکومەتی نوێ پێکبهێنرێت بەو شێوەیەی کە لایەنەکانی پێ ڕازی بکرێت"، هەروەها گوتیشی "سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەمەرجێک ڕازی دەبێ لەسەر دواخستنی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی کە حکومەتی نوێی عێراق هەموو داواکارییەکانی جێبەجێ بکات".

خەسرۆ گۆران، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی و سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، وایدەبینێ کە درەنگ نییە بۆ ئامادەکردنی کارنامەی کوردی و دەڵێ "سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی حکومەت و لایەنە سیاسییەکان پێکەوە داواکاری کورد ئامادە دەکەن بۆ بەغدا، بەڵام لە هەر حاڵەتێکدا بێت کورد گشتپرسی خۆی هەر ئەنجام دەدات ".

لە حکومەتەکانی پێشووتریشدا، کورد چەند جارێک وەرەقەی داواکارییەکانی بردە بەغدا و لەسەری پێکهاتن کە دواهەمینیان وەرەقەیەکی 19 خاڵی بوو، بەڵام هیچ خاڵێکی داواکارییەکانیان جێبەجێ نەکرا. تەنانەت کار بە بودجە و مووچەبڕین و پاشەکشەی وەزیرەکانی لە حکومەت گەیشت.

### دووبارەکردنەوەی گەمەی پوتین و مێدفیدیف

زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی نێو ماڵی شیعە هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕەی کە دەبێ مالیکی بگۆڕدرێ، بەپێی ئەو زانیارییانەی پەرلەمانتارانی کورد لەبەغدا بۆ (ڕووداو)ی باسدەکەن، مالیکی ڕازی دەبێت خۆی بەربژێر نەکاتەوە بۆ سەرۆکایەتی حکومەت ، بەڵام هەمان گەمەی فلادیمێر پوتین، سەرۆکی ڕووسیا دووبارە دەکاتەوە کاتێک لەگەڵ دیمیتری مێدفیدیف، سەرۆک وەزیرانی ئێستا کەوتنە جێگۆڕکێی پۆست لەنێوان خۆیان و سێبەری دەسەڵاتی پوتین بەسەر ڕووسیای فیدراڵەوە کاڵ نەبووەوە.

شێرکۆ مەنگوڕی، سەرۆکی لیستی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق، هەست بەو یارییە دەکات و دەڵێ "ئەو نامەیە کاتێک گەیشت کە هەوڵی زۆری دا بۆئەوەی حەیدەر عیبادی، لە حیزبی دەعوە ببێتە جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان، بەڵام هاوکێشەکە گۆڕاوە و تاکڕەوی چیتر قبوڵ ناکرێت".

هوشیار عەبدوڵڵاش، پەرلەمانتاری بزووتنەوەی گۆڕان لە ئەنجوومەنی نوێنەران وای دەبینێ کە مالیکی خەریکی دووبارەکردنەوەی هەمان یارییەکەی ڕووسیایە و دەڵێ "یەکێک دادەنێ لە جێگای خۆی، بەڵام هەرخۆی سەرۆک وەزیران دەبێت لە پشتەوە"، ئەحمەد ڕەشید، باسی ئەو سێبەرەی مالکی دەکات کە عەلی ئەدیبە "عەلی ئەدیب، ئەو کەسە توندەیە کە مالیکی داوای لێدەکرد هەندێک نەرم بێت بەرامبەر نەتەوەکانی دیکە".

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (319) دووشەممە 2014/7/21

## مەسرور بارزانی: پێویستمان بە چەکە




**ڕووداو- هەولێر**

مەسرور بارزانی، ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە دیدارێکی لەگەڵ ئاژانسی ڕۆیتەرز دەڵێت، "هەڕەشەی چەکدارانی یاخیبوو لە عێراق سەرەنجام دەگاتە وڵاتانی ڕۆژئاوا، ئەگەر ئەو وڵاتانە نەیەن و لە سەرچاوەکەیەوە بەرەنگاری ئەو هەڕەشەیە نەبنەوە". لە دیدارەکەدا مەسرور بارزانی زیاتر باسی لە سیاسەتی وڵاتانی ڕۆژئاوا و هەڕەشەی گرووپە چەکدارەکان و پێویستی پێشمەرگە بۆ چەکی زیاتر کردووە. بارزانی دەڵێت "داعش بووەتە خاوەن چەکی مۆدێرن و پێشکەوتوو، بۆ ئەوەی پێشمەرگە بەرەنگاریان ببێتەوە پێویستە پێشمەرگە چەکی باشتری پێبێت لەوەی ئێستا هەیە".

### شێخ جەنگی باسی یەکەم دیداری خۆی و تاڵەبانی دەکات

# مام جەلال کە ئێمەی بینی گریا



**شێخ جەنگی: ئەو قسانەی حەزی لێبوو وەڵامی دەدایەوە، ئەوەی حەزیشی لێنەبوو سەری بۆ دەلەقاندین**

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

دەمێک بوو برا گەورەکەی نەبینیبوو، کەسوکاری نزیکی خۆی نەبینیبوو، بەڵام کە گەڕایەوە وەک براکەی دەڵێ "مام جەلال گریا". دەشڵێت کە "پرسیارمان لێدەکرد، ئەوەی حەزی لێنەبوو وەڵاممان بداتەوە سەرێکی بۆ دەلەقاندین".

چۆن لەو کاتەی کە نەخۆشکەوت، جگە لە کەسوکاری هەرە نزیکی کەس نەیبینی، لەکاتی گەڕانەوەشی بۆ سلێمانی و تاوەکو گەیێنرایەوەماڵەکەی لە داباشان، سەرەتا تەنیا خزمە زۆر نزیکەکانی بینییان.

جەلال تاڵەبانی، ئێستا لە یەکێک لە بەرزترین شوێنەکانی سلێمانی کە "داباشان"ی شوێنی نیشتەجێبوون و بڕیارە سیاسییەکانیەتی دەحەوێتەوەو هەر لەوێ دەتوانێ هەموو سووچێکی سلێمانی ببینێ کە چەندین ساڵە لەو شارە سیاسەت دەکات و جارجاریش بەهۆی پۆستەکەی لە بەغدا لەو شوێنە دووردەکەوتەوە.

### کە گەڕایەوە برنج و مریشکی خوارد

شێخ جەنگی، برا گەورەی جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراق و سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بۆ (ڕووداو) باسی یەکەم ساتی دیداری خۆی و براکەی دەکات و دەڵێت "وەزعی باش بوو، مام جەلال 11 کاژێر بوو لەبەر ڕێگا نەخەوتبوو". بۆیە کە هات "گوتی برسیمە و نانیان بۆ هێنا. نانەکە هەندێ برنج و دوو پارچە مریشک و هەندێ سەوزە بوو".

ئاراس شێخ جەنگی کە سەرپەرشتی هێنانەوەی تاڵەبانی دەکرد بۆ سلێمانی، پێش گەڕانەوەی تاڵەبانی بە (ڕووداو)ی گوت "تاڵەبانی بەربانگ لە سلێمانی دەکات". بەڵام کاتێک تاڵەبانی گەیشتە داباشان، کاژێر 7:30 خولەک بوو، واتە 10 خولەک لەکاتی بەربانگ تێپەڕیبوو.

تاڵەبانی لە 2012/12/7 لە شاری بەغدا دوای کۆبوونەوەیەکی دوو کاژێری لەگەڵ نووری مالیکی، تووشی "جەڵتەی مێشک" بوو. لەوکاتەی نەخۆش کەوتبوو تاوەکو پێش گەڕانەوەی تەنیا سێ جار وێنەی تاڵەبانی لەلایەن خێزانەکەیەوە بڵاوکرایەوە، دواتریش لەکاتی هەڵبژاردنەکانی 30ی نیسانی ڕابردووی پەرلەمانی عێراق بۆ یەکەمجار گرتەی ڤیدیۆیی تاڵەبانی نیشاندرا کاتێک بەشداری لە پرۆسەی دەنگدان کرد لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا.

### مام جەلال گریا

شێخ جەنگی باسی بینینی تاڵەبانی دەکات و دەڵێت "مام جەلال کە ئێمەی بینی گریا، دوای نانخواردنیش بەئێمەی گوت داوای لێبووردن دەکەم دەبێ ئێستا پشوو بدەم، ئێمەش گوتمان تەنیا خۆشی تۆمان دەوێ".

بەڵام پێش ئەوەی بخەوێ کە قسەمان لەگەڵ مام جەلال دەکرد "ئەوەی حەزی لێبوو، وەڵامی دەدایەوە، ئەوەی حەزی لێ نەبوو سەرەکی بۆ دەلەقاندین و دەیگوت لەخوا بەزیادبێ من باشم و حەزم لێبوو بێمەوە".

کاتێک تاڵەبانی گەڕایەوە بۆ باشووری کوردستان، بەشێکی زۆری ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی لە سلێمانی بوون بۆ ئەوەی چاویان بە تاڵەبانی بکەوێ، بەڵام بەبڕیاری بنەماڵەی تاڵەبانی جگە لە کەسوکاری خۆی، کەس نەیبینی.

### مام جەلال 90% چاکبووەتەوە

شێخ جەنگی زیاتر باسی هەڵسوکەوت و قسەکانی تاڵەبانی دەکات پێش ئەوەی پشووبدات و دەڵێ "کوڕێکی لاهوریش لەوێ بوو (لاهور شێخ جەنگی، بەرپرسی هێزی دژە تیرۆر) بچکۆلەبوو. مام جەلال بۆ لای خۆی ڕاکێشا، بەڵام ئەو نەچووە لای، منیش خۆم لێ تووڕە کردو.....". گوتیشی "کە مام جەلالم بینی وامزانی ئیدی تەواو چاکبووەتەوە، چونکە مام جەلال لەنەبوون گەڕایەوە، دکتۆرەکان بە ئێمەیان دەگوت 80% ئومێدی چارەسەری نییە، بەڵام ئێستا 90% بەرەو چاکی دەڕوات".

### تاڵەبانی پێویستی بە دوو مەشق هەیە

دکتۆر عەبدولڕەحمان عەزیز، پزیشکی پسپۆڕ لە نەخۆشییەکانی جەڵتەی مێشک و دەمار بەگوێرەی دەرکەوتنی وێنە و گرتە ڤیدیۆیەکانی تاڵەبانی شیکردنەوە بۆ ڕەوشی تەندروستیی تاڵەبانی دەکات و دەڵێ "مام جەلال لەو پلەیە تێپەڕیوە کە ئیدی ئەندامەکانی جەستەی بە ئامێری پزیشکی کاربکات و ئەوەی دەیبینن دۆخی تەندروستیی جێگیرە".

پزیشکەکە دەڵێ "تاڵەبانی ئێستا پێویستی تەنیا بە دوو چارەسەری سروشتی هەیە، ئەویش یەکەم: مەشقکردن لەسەر قسەکردن. دووەم: مەشقکردن لەسەر لای ڕاستی مام جەلال کە بەهۆی جەڵتەوە هەندێکی لەکارکەوتووە، بۆیە کە دەڵێن دوو دکتۆری ئەڵمانی لەگەڵ مام جەلال هاتوون ئەوەیە، دکتۆرێک بۆ مەشقی قسەکردنە و دکتۆرێکیش بۆ ڕاهێنانی جەستەیە".

دکتۆر عەبدولڕەحمان هەندێ بە وردی باسی کاریگەری جەڵتەی مێشک دەکات و دەڵێ لە وێنەکان و گرتە ڤیدیۆییەکان وا دەردەکەوێ کە لای ڕاستی تاڵەبانی هەندێ لەکارکەوتووە و ئەمەش پێمان دەڵێ کە جەڵتەکە لەلای چەپی مێشکی تاڵەبانی بووە. بۆیە کە جەڵتە لەلای چەپی مێشک دەدات ئەوا لای ڕاستی نەخۆش لەکاردەکەوێ و ناتوانێ قسەش بکات، چونکە سەنتەری قسەکردنی هەر مرۆڤێک لەلای چەپی مێشکە.

دەربارەی تەندروستی تاڵەبانی، پزیشکەکە دەڵێ بە گوێرەی وێنەکان بێ "70%" تاڵەبانی باش بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی لاشەی تاڵەبانی شلە نەیتوانیوە باشتر بێتەوە سەرخۆ، چونکە ساڵێک و 7 مانگ زۆرە بۆ وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی و نەخۆشەکە بەباشی دەرنەکەوێ. بەپێی ئەو چارەسەرییەی تاڵەبانی وەریگرتووە، دەبووایە ئێستا 80%ی جەستەی گەڕابووایەوە دۆخی جارانی.

# تاڵەبانی لە زمانی ئەمریکییەکانەوە

**نامۆ عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- واشنتن**

کەم کەس هەیە هێندە جەلال تاڵەبانی وێستگەی ژیانی نائاسایی بووبێت. کەم شوێن هەیە مام جەلال یادگاری لێ جێنەهێشتبێت.

ساڵی 2002، جەلال تاڵەبانی لەگەڵ شاندێکی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا لەناو وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە واشنتن قسە بۆ ڕۆژنامەنووسان دەکات. ئەمە یەکێکە لە دوایین کۆبوونەوەکانی مام جەلال لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پێش داگیرکردنی عێراق.

ئەوکات مام جەلال گەنجتر و لەشساختر بوو لە ئێستا کە دوای زیاتر لە 16 مانگ مانەوە لە نەخۆشخانە، شەممەی ڕابردوو گەڕایەوە کوردستان. بەڵام هێشتا بە زۆرێک لە خەونەکانی نەگەیشتبوو. ئەو خەونانەی ئامادەبوو لە شاخەکانی کوردستان شەڕیان بۆ بکات. ئەو خەونانەی کە کردییە یەکێک لە دوژمنە سەرسەختەکانی سەددام حسێن، دیکتاتۆری پێشووی عێراق.

ساڵی 2002، مام جەلال یەکێک لە کۆبوونەوەکانی لەگەڵ دیپلۆماتێکی ئەمریکیدا دەبێت بەناوی زەڵمای خەلیلزاد.

خەلیلزاد باسی ئەو بینینەی مام جەلال بەم شێوەیە دەکات:

"ساڵی 2002 لەگەڵ هەندێک عێراقیی دیکەدا لە کۆنفرانسی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە لەندەن بینیم. من لەوێ نوێنەری سەرۆک بووم و باڵیۆز بووم بۆ عێراقی ئازاد. کاتێک بینیم لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی عێراقیدا قسەی دەکرد و لەگەڵ یەکتردا ناکۆک بوون. هەوڵیدەدا هەموویان لەیەکتر نزیک بکاتەوە تا ڕێکبکەون. بە نیوە گاڵتەیەکەوە، ئەوکاتە پێمگوت بەهۆی ئەم مامەڵەکردنەتەوە دەبیتە سەرۆکی داهاتووی عێراق. ئەویش گاڵتەی لەگەڵ دەکردم و دەیگوت تۆش دەبیتە باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق".

هەردوولا پێشبینییەکانیان ڕاست دەرچوو. تاڵەبانی بوو بەیەکەم کورد لە مێژوودا ببێتە سەرۆک کۆماری عێراق. بوونی مام جەلال بە سەرۆکی دەوڵەتێک کە هەمیشە ناسنامەیەکی عەرەبیی هەبووە، بەرهەمی گۆڕانکارییەکی مێژوویی بوو. بەڵام هەوڵ و کۆششی ناوازەی چەندین ساڵەی کەسایەتی مام جەلال ناتوانرێت فەرامۆش بکرێت.

ئێدمۆند غەریب یەکێکە لەوانەی تاڵەبانی بینیوە کاتێک لە ساڵانی هەشتاکاندا سەردانی ئەمریکا دەکات بۆ پێشخستنی دۆزێک کە بڕوای پێی هەبوو. ئێدمۆند کە پرۆفیسۆرە لە زانکۆی ئەمریکی لەواشنتن، خۆی شاهێدی ئەو وەرچەرخانە بووە کە لەماوەی چارەگە سەدەی ڕابردوودا بەسەر ژیانی مام جەلالدا هاتووە.

ئێدمۆند دەڵێت "تاساڵی 1988 کاتێک هات بۆ ئەمریکا چاوم پێی نەکەوتبوو. ئەوکات حکومەتی ئەمریکا پێشوازییان لێنەکرد".

پێشوازی نەکردنی حکومەتی ئەمریکا لە تاڵەبانی، وەکو یەکێک لەسەرکردەکانی نەتەوەیەکی چەوساوە کە تازە جینۆسایدکرابوو، مام جەلال سارد ناکاتەوە لەهەوڵدان. وەکو کەسێکی دووربین، بەهەنگاوی وردتر دەستپێدەکات. هەوڵدەدات کورد بناسێنێت بە هەرکەسێک کە دەستی پێی دەگات.

ئێدمۆند بە ڕووداو دەڵێت "دواتر کە چاوم پێیکەوت پەرتووکەکەی خۆی بۆ هێنابووم. کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد. لەسەر پەرتووکەکە شتێکی بۆ نووسیم کە ئەمەبوو: برام مامۆستا و دکتۆر ئێدمۆند غەریب. ئەم خەڵاتە بە ڕێزەوە پێشکەشە بە تۆ بۆ هەوڵە باشەکانت لە ناساندنی دۆزی کورد بە برا عەرەبەکانمان و جیهان.. لەگەڵ ڕێزدا.. نووسەر".

ئەوکات تاڵەبانی هەستی بە هەڵەیەک کردووە کە لە ڕابردوودا ڕۆڵی هەبووە لەو شکستانەی بەسەر شۆڕشەکانی کورددا هاتوون.

"گوتی یەکێک لە گرنگترین شتەکان ئەوەیە کە کورد لە ڕابردوودا هەڵەی کردووە چونکە عادەتەن مامەڵەیان لەگەڵ دەزگا هەواڵگرییەکان دەکرد. گوتی ئەو پەیوەندییەی کە لە داهاتوودا دەبێت هەمانبێت، پێویستە ئاشکرا و زانراو بێت بۆ ئەوەی هەمان ئەو ئەزموونانە دووبارە نەکەینەوە کە لەڕابردوودا بەجۆرێک لەجۆرەکان خیانەتمان لێکرا. گوتی دەمەوێت پەیوەندیمان لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت بمێنێت. دەمەوێت پەیوەندیمان لەگەڵ چین هەبێت. بەڵام لەهەمانکاتدا دەمانەوێت لەگەڵ ڕۆژئاوادا بکرێینەوە و پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکییەکان دروستبکەین. ئەمریکا یاریکەرێکی سەرەکییە و زۆر گرنگە دیالۆگت لەگەڵی هەبێت".




نوێترین وێنەی تاڵەبانی کە پاش گەڕانەوەی بۆ سلێمانی لە میدیای یەکێتییەوە بڵاوکرایەوە

لەساڵانی نەوەتەکاندا تاڵەبانی هەستدەکات هێواش هێواش خەریکە بەرهەمی ماندووبوونی دەچنێتەوە کاتێک دەیڤد پاڵەک، وەکو بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پێشوازی لێدەکات. هەرچەندە دەیڤد بەرپرسێکی پلەبەرزی حکومی نەبوو، بەڵام باشترە لەهەشتاکان کە کەس پێشوازی لێنەدەکرد. یەکەمجار لە ساڵی- 1997 لە سەردەمی شەڕی ناوخۆ، بەرپرسەکەی ئەمریکا تاڵەبانی وەکو کەسێکی پراگماتیک دەبینێت.

دەیڤد دەڵێت "ئەوکات بێگومان بارودۆخ زۆر جیاواز بوو. سەدام هێشتا لەسەر دەسەڵات بوو. ئەویش سکرتێری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو، کەسایەتییەکی ئۆپۆزسیۆن بوو لە عێراق، بەڵام پەیوەندی باشی لەگەڵ ئەمریکادا هەبوو. کۆبوونەوەیەکی درێژی تایبەتمان لەوەزارەتی دەرەوە سازکرد. شتێک کە زۆر کاری تێکردم، ئەوەبوو کە ئەو وادەردەکەوت کەسێک بێت سەیری وێنە گەورەکە بکات لە ناوچەکە و عێراقدا".

پێش داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە لە ساڵی 2003، ئەمریکا و ئۆپۆزسیۆنی عێراق لە کۆبوونەوەکانیاندا ڕەخنەیان لە ئەدا و سیاسەتی یەکتر دەگرت. لەکاتێکدا سەرکردەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ڕەخنە زۆر جار تووڕە دەبن، تاڵەبانی قسەیەک بۆ دەیڤد دەکات کە تا ئێستا لەبیری ماوە.

"لە کۆتایی ئەو بەشەی قسەکەماندا، مام جەلال بە عەرەبی گوتی پەندێک هەیە با پێت بڵێم". پەندەکە بە کوردی واتای ئەوە دەگەیەنێت کە "هاوڕێی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە ڕاستتدەکاتەوە کاتێک هەڵەیت، ئەو کەسە نییە کە بڕوا بە هەرشتێک دەکات بیڵێیت".

دوای شەڕی عێراق، تاڵەبانی وەکو سەرۆکی وڵات لە کۆشکی سپی پێشوازی لێدەکرێت. لە وەرچەرخانێکی مێژوویدا، جۆرج بوش گوتی "شەرەفە بۆ من کە ئەمڕۆ بەخێرهاتنی هاوڕێم سەرۆک تاڵەبانی دەکەم بۆ کۆشکی سپی. ئەو سەرۆکی عێراقی ئازادە".

تاڵەبانی لای زۆرکەس لە ئەمریکا وەکو سیاسییەکی بەتوانا و بەئەزموون دەناسرێت. کەم سەرکردەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە هێندەی ئەم سەرکردەیەی شاخ متمانەی بەخۆی هەبێت و بە زمانی ئینگلیزی- بە ئاکسنتێکی سەرنجڕاکێشی کوردییەوە- لەگەڵ سەرۆکی بەهێزترین وڵاتی جیهان و میدیادا قسە بکات: "شانازی دەکەم کە ئەو شەرەفەم پێبڕاوە تا سەرۆک جۆرج بوش ببینم کە ئێمە بە ڕزگارکەری عێراقی دادەنێین".

خەلیلزاد کە باڵیۆزی ئەمریکا بوو لە عێراق لە ساڵانی 2005 تا 2007، دەڵێت "کاتێک سەرۆک جۆرج دەبلیو بوش بە سەردانێکی چاوەڕواننەکراو لە ساڵی 2006 هات بۆ عێراق. بەهۆی بارودۆخی ئاسایشەوە، ڕێگەمان پێنەدرابوو بە زۆر کەس بڵێین کە ئەو دێت. بۆیە تەلەفۆنم بۆ سەرۆک تاڵەبانی کرد و پێمگوت داوای چاکەیەکت لێدەکەم جەنابی سەرۆک. دەمەوێت بەیانی بێیت و لەم کاتەدا سەردانم بکەیت. بێگومان ئەو هێندە میهرەبان بوو گوتی: بێگومان دێم. هەمان شتیشم بە سەرۆک وەزیرانی عێراق گوتبوو. بردم بۆ ژوورەکە کە سەرۆک بوش لەوێ چاوەڕێی دەکرد. وێنەیەک هەیە کە پەنجەم لێ بەرز دەکاتەوە و دەڵێت" زاڵم، پێت نەگوتم کە ئەوی لێیە".

وەکو یەکەم سەرۆکی کورد لە نەتەوە یەکگرتووەکان، تاڵەبانی گوتار دەدات. پاشان لە زانکۆی کۆلۆمبیای نیویۆرک کە تێیدا وەکو هەمیشە لەبیرناچێت، ئەو تەنیا سەرکردەیەکی عێراقی نییە- بەڵکو سەرکردەیەکی کوردیشە- کاتێک خوێندکارێکی تورک بوونی کوردستان دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

تاڵەبانی دەڵێت "کوردستان وڵاتێکە خوا دروستی کردووە. من دروستم نەکردووە. ئەگەر ئێوە لە تورکیا نکۆڵی لێبکەن، ئەوە بەو مانایە نایەت کە نییە. تەنانەت لە سەردەمی پاشا مستەفا کەمال ئەتاتورکدا دانی پێدانرابوو. بگەڕێوە بۆ یەکەم باڵەخانەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی تورکیا دەبینیت لەسەر دیوارەکە کوردستانی لێیە. ئەم وڵاتە ئێستا بەشێکە لە عێراق و بەفەرمی دانی پێدانراوە. حکومەتی هەرێمی کوردستانمان هەیە. پەرلەمانی کوردستانمان هەیە. ئێمە لە عێراق دانی پێدادەنێین. نامانەوێت تەدەخول لەکاروبارتان بکەین. ئەگەر ئێوە دانی پێدانانێن، ئەوە کەیفی خۆتانە. بەڵام ئێمە کوردستانمان وەکو بەشێک لە عێراق هەیە".

لەم شارە لیبراڵەدا، بۆچوونی تاڵەبانی لەسەر سزای لەسێدارەدان وا لە ئەمریکییەکان دەکات چەپڵەڕێزانی ئەم سەرکردەیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەن: "وەکو پارێزەرێک بەڵێننامەیەکی جیهانیم واژوو کردووە دژی سزای لەسێدارەدان. من ڕێزی ئیمزاکەی خۆم دەگرم. بۆیە من ناتوانم"

بۆ ئەوەی بزانیت تاڵەبانی- لە کوڕێکی شاخەوە- چۆن گەیشت بەو ئاستە بەرزەی دەسەڵات لە عێراق، ڕەنگە پێویست بێت لەوانەوە دەستپێبکەیت کە کاریگەرییان لەسەری هەبووە.

ئێدمۆند دەڵێت "باسی هەندێک لەو کەسانەمان کرد کە کاریگەرییان لەسەری هەبووە. گوتی یەکێک لەو کەسانە شێخ عوبەیدولڵای نەهری بووە. گوتی هەروەها شێخ مەحمودیش. گوتی کاتێک گەنج بوو لە نەخۆشخانە سەردانی کردووە".

مام جەلالی تەمەن 81 ساڵ، زۆربەی خەونەکانی هاتوونەتە دی. بەڵام بەدڵنیاییەوە خوازیارە پێش ئەوەی ئەم جیهانە جێبهێڵێ، ئەو خەونەی بێتەدی کە زۆربەی ژیانی خەباتی بۆ کردووە: سەربەخۆیی کوردستان.

رووداو
ژمارە (319) دووشەممە 2014/7/21

عادل بەرواری، راوێژکاری پێشووی نوری مالیکی، سەرۆکوەزیرانی عێراق:

# مالیکی دەیگوت پارتیش وەک یەکێتی دووکەرت دەبێت



**عادل بەرواری، لەدوای رووخانی رژێمی سەدام، لەسەر داوای مەسعود بارزانی چووە بەغدا، پاشان بووە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق. دوای تەواوبوونی خولی یەکەمی پەرلەمانی عێراق، لەسەر داوای مالیکی و بە رەزامەندی سەرکردایەتی پارتی لە بەغدا مایەوە و بووە راوێژکاری سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ کاروباری هەرێمی کوردستان. عادل بەرواری، لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو)، پەردە لەسەر چەندین نهێنی هەڵدەداتەوە لەبارەی هەوڵەکانی مالیکی بۆ لاوازکردنی پێگەی پارتەکانی کوردستان لە بەغدا، لەوانەش پارتی دیموکراتی کوردستان.**

هەڤپەیڤین: ناسر عەلی و یوسف ئەحمەد

> مالیکی دەیویست هەندێ سەرکردەی سەربازیی کورد بۆ خۆی رابکێشێ

> حیزبی دەعوەو مالیکی لای ئێران مەرغوب نین

> مالیکی بەبێ پرسی تارق نەجم هیچ کارێک ناکات

> هادی عامری و مالیکی گوتیان حەز دەکەین کەرکووک بۆ کورد بێت نەک سوننە

**رووداو: چوونی تۆ بۆ بەغدا بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

**عادل بەرواری:** کاتێک بەغدا گیرا و دواتر مەجلیسی حوکم پێکهات، هەموو سەرۆک هۆزەکانی کورد و عەرەب داوایان لێکرا بچنە بەغدا، ئەوکات بارزانی داوای لێکردم لەگەڵیان بچمە بەغدا، هەموو کەسایەتییە سیاسی و سەربازییەکانی ئۆپۆزیسیۆن و باڵیۆزی ئەمریکا لە بەغدا کۆبوونەوە، پاشان کۆنگرەی نیشتیمانی بەسترا کە کورد رۆڵی سەرەکییان لە بەستنی کۆنگرەکەدا هەبوو، لەو کۆنگرەیەدا مالیکیش بەشداربوو، بەڵام رۆڵی ئەو لە حیزبی دەعوە ئەوەندە بەهێز نەبوو. لەو کۆنگرەیەدا ئەنجوومەنی نیشتیمانی پێکهێنرا کە ماوەکەی 6 مانگ بوو، سەرۆکەکەی فوئاد مەعسوم بوو، مالیکیش جێگر بوو.

**رووداو: تۆ دەڵێیت ئەوکات مالیکی ئەوەندە رۆڵی نەبوو، ئەی چۆن کرا بەجێگر؟**

**عادل بەرواری:** ئەوکات جەعفەری پێی کەم بوو ببێتە سەرۆکی ئەو ئەنجوومەنە، مالیکی کەسی دووەم یان سێیەمی نێو حیزبەکەی بوو، دوای تەواوبوونی ئەو شەش مانگە، بڕیاردرا کۆمەڵەی نیشتیمانی دابمەزرێنرێت و ساڵێک تەمەنی بۆ دانرا، ئەرکی ئەو کۆمەڵەیە ئامادەکردنی رەشنووسی دەستوور بوو، بەڵام چەند لیژنەیەک بۆ کارەکانی دیکەش پێکهێنران، بۆ نموونە لیژنەی ئەمنی و بەرگری کە مالیکی سەرۆکی لیژنەکە بوو، منیش جێگری بووم.

**رووداو: ئەوکات مالیکی بۆ کورد و لەگەڵ ئێوە کەسێکی چۆن بوو، رەفتارەکانی بەرامبەر بە کورد چۆن بوون؟**

**عادل بەرواری:** ئەوکات ئەو رێز و خۆشەویستییەی مالیکی بۆ کورد و بارزانی هەیبوو، بۆ کەم کەس هەیبوو. ئەو تەمەنێکی لەهەولێر بەسەربردبوو، ماستەری لەزانکۆی سەلاحەدین بەدەستهێناوە، بەتایبەتی پارتی زۆر پشتیوانی ئەوی دەکرد لەهەموو رووییەکەوە تاوەکو کەوتنی بەغدا، دواتریش کە چووە بەغدا، پارتی بەهەموو شێوەیەک پشتیوانی بوو. نێوانی من و ئەویش زۆر خۆشبوو، وەکو برا بووین و زۆرجار هەموو کارەکانی لیژنەکەی بەمن دەسپارد بەهەموو دەسەڵاتەکانەوە، زیاتر لەهەر حیزبێکی دیکە لە پارتییەوە نزیک بوو. هەتا لە 2005دا چۆن یەکێتی هاوپەیمانیی لەگەڵ ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی هەبوو، پارتی و حیزبی دەعوەش رێککەوتننامەیان ئیمزا کرد، سێ رۆژ مالیکی و دوو کەسی دیکە لە سەری رەش مانەوە، چونکە مالیکی لەو ساڵەدا لە کۆنگرەی حیزبەکەیدا ببووە سەرۆکی حیزبی دەعوە، کەسێکی خۆشەویست و زیرەک بوو لەنێو حیزبەکەیدا و خۆی پێ زۆر گەورە نەبوو، ئەمە بووە هۆی بەدەستهێنانی دەنگ لەعێراقدا، ئەوکات ئێمەش وەکو شیعە ئەوەندە بەهێز بووین، دەستوورمان بەپێی ویستی خۆمان نووسی، کە مالیکیش ئەندام بوو لە لیژنەی نووسینی رەشنووسی دەستوور.

**رووداو: دژایەتی مالیکی بەرامبەر بەکورد کەی دەستیپێکرد؟**

**عادل بەرواری:** لەنێوان 2007 و 2008 دا ساردییەک لە پەیوەندییەکانی پارتی و دەعوە دروست بوو، لەو کاتەشدا مالیکی ببووە سەرۆک وەزیرانی عێراق.

**رووداو: هۆکارەکەی چی بوو؟**

**عادل بەرواری:** لەسەردەمی کومەڵەی نیشتیمانی، حوکمی عێراق لەدەستی کورددا بوو بەتایبەتی پارتی، بۆ نموونە جێگری سەرۆک وەزیران، وەزیری دەرەوە، ئەمینداری گشتی وەزارەتی بەرگری، سوپاسالاری عێراق، بەڕێوەبەری گشتی هەواڵگریی عێراق و چەندانی دیکە هەموویان کوردبوون. کە مالیکی بووە سەرۆک وەزیران، هەوڵی دا دەست بەسەر هەموو داوودەزگاکانی حکومەتدا بگرێت، بەتایبەتی وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ، چونکە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق بوو، مافی دەستوەردانی لە زۆر شت هەبوو. ئامانجی ئەوەبوو بەسەر هەموو شتێکدا زاڵ ببێت. پێش ئەوەی ئەو ببێتە سەرۆک وەزیران هەردوو حیزبی (دەعوە و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی) پاشەرۆژی خۆیان رادەستی ئێمە کردبوو، بەڵام ئەو دەستی کرد بەخۆسەپاندن و دەستی بەسەر هەواڵگریی عێراقدا گرت.

**رووداو: کێ ئەوی جوڵاند، ئێران بوو یان وڵاتێکی دیکە، یان لەنێوخۆی عێراق؟**

**عادل بەرواری:** لەعێراق ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی زۆر بەهێزبوو، حیسابی بۆ حیزبی دەعوە نەدەکرد و ململانێیەکی زۆر توند لە نێوانیاندا هەبوو، بەڵام دوای ئەوەی جەعفەری بووە سەرۆک وەزیران، ئیدی حیزبی دەعوە شوێنپێی خۆی قایمکرد. دواتر کە مالیکی هات هەموو بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی و دەزگاکانی سەر بە ئەنجوومەنی وەزیرانی گۆڕین. کەسی نزیکی خۆی لەو شوێنانە دانا. بەمەش رکابەری و دڵساردی کەوتە نێوانیان، ئەویش دەسەڵاتە دەستوورییەکانی خۆی بەکارهێنا، بەڕاستیش یەکەمجار ئێمەی کورد ئامانجی ئەو نەبووین، بە ئێمەی کورد توانی بەسەر رکابەرەکانیدا زاڵ ببێت. ئەو پشتی بە پارتی قایم بوو، پارەیەکی زۆری خەرجکرد و جەماوەرێکی زۆری بۆ خۆی راکێشا، پلەی ئەوانەی بەرزکردەوە کە لێی نزیکبوون.

**رووداو: کەی تۆ وەکو راوێژکاری ئەو دەستبەکار بووی؟**

**عادل بەرواری:** دوای خولی یەکەمی ئەنجوومەنی نوێنەران کە لە 2010 تەواوبوو، من لەلایەن پارتییەوە کاندید نەکرامەوە، پەیوەندی من و مالیکیش زۆر بەهێزبوو، گوتی ئەگەر رازی ببیتە راوێژکارم، هەرچییەکت بوێت بۆت دەکەم، منیش گوتم بەبێ رەزامەندی سەرکردایەتی کورد نایکەم. دواتر سەرکردایەتی رازی بوو، برادەرانی کوردیش لەبەغدا بەتایبەتی بابەکر زێباری پێیان خۆشبوو، چونکە رۆڵی کارام هەبوو لە لیژنەی ئەمنی و بەرگریدا، دوای هەفتەیەک داوای سیڤییان لێکردم، بابەکر زێباری سیڤییەکەی منی دایە مالیکی. پاشان بوومە راوێژکاری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ کاروباری هەرێمی کوردستان، کارێکی باشبوو ئەگەر کاری پێکردبا.

**رووداو: مالیکی لەلای تۆ چۆن باسی مادەی 140ی دەکرد؟**

**عادل بەرواری:** من لێرەدا تەنیا بۆ یەک شت بەرگری لە مالیکی دەکەم، نەک لە کەسی مالیکی. زۆرجار لەگەڵ بەڕێزان مەحما خەلیل و موحسین سەعدون چووینەتە لای مالیکی و لەسەر ماددەی 140 قسەمان کردووە. ئێمە بە مالیکیمان گوت بۆ تۆ دەرفەتێکی زێڕینە ماددەی 140 جێبەجێ بکەی، کورد دەستەکانت ماچ دەکەن، چونکە هیچ کەسێک ئەمەی نەکردووە، تورک هاتوون نەیانکردووە، مەلیکەکانی عێراق و سەدام و سەرۆکەکانی دیکە هیچیان بۆ کورد نەکرد. ئەگەر تۆ مادەی 140 جێبەجێ بکەی، هەتا هەتایە کورد تۆی خۆشدەوێت. خودا شایەتە مالیکی گوتی: ئێوە چۆن حەز دەکەن ئەو ماددەیە جێبەجێ بکرێ، منیش ئاوا، بەڵام ناوێرم. چونکە هەموو عەرەب لێم دەبنە دوژمن، دەیگوت ئێمە حەزدەکەین کەرکووک بۆ کورد بێت نەک بۆ سوننە. نەک ئەو، بەڵکو هادی عامریش لە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی هەمان قسەی دەکرد.

**رووداو: ناکۆکی نێوان بارزانی و مالیکی لەسەر چی سەریهەڵدا؟**

**عادل بەرواری:** کێشەی بارزانی و مالیکی زیاتر لەسەر جێبەجێنەکردنی مادەی 140ی دەستوور بوو، ساڵی 2007 هەندێک رێککەوتن لە نێوان شیعە و سوننە هەبوو، ئەوان بەنهێنی پرۆژەیەکیان هێنایە پەرلەمان، بەپێی پرۆژەکە ئەگەر تاوەکو کۆتایی 2007 ماددەی 140 جێبەجێ نەکرێت، ئەوا لە پەرلەمان دەخرێتە دەنگدان کە ئەو ماددەیە کۆتایی هاتووە.

> مالیکی دەیگوت ناوێرم ماددەی 140 جێبەجێ بکەم

> کورد دەسەڵاتەکانی خۆی بەکارنەهێنا بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140

**رووداو: تۆ گوتت کورد لە عێراق دەسەڵاتی زۆر بوو، بۆچی نەیتوانی مادەی 140 جێبەجێ بکات؟**

**عادل بەرواری:** لەوانەیە یەکهەڵوێستیی کورد هۆکار بوبێت، چونکە لە زۆر هەڵوێستدا ئێمە و یەکێتی هاوڕا نەبووین، زۆر شت دەکران دواتر بەهۆی دابەشکردنی پۆستەکانی بەغدا و هەولێر لەنێوان یەکێتی و پارتیدا جێبەجێ نەدەکران، ئەمە هۆکار بوو. بۆ نموونە مام جەلال سەرۆک کۆمار بوو، فوئاد مەعسوم سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستان بوو، دەسەڵات لەبەغدا لەدەستی یەکێتیدا بوو، لە کوردستانیش لەدەستی پارتیدا بوو، ئینجا لە بەغدا ئەو ماوەیەی کورد بەهێزبوو، کەمتەرخەم بوو، دەسەڵاتەکانی خۆی بەکارنەهێنا بۆ جێبەجێکردنی مادەی 140. لیژنەکانی ماددەی 140 کارەکانی خۆیان بە تەواوی نەدەکرد، کۆبوونەوە دەکران، پارەیان خەرج دەکرد، بەڵام هیچ هەنگاوێکی عەمەلییان نەهاوێشت. دیسان لیژنەکانیش ئەوانەی کە عەرەبیان تێدابوون هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوەبوو کە لەکاتی کۆبوونەوەکاندا هەر هیچ نەبێت غائیب بن. ئەمریکاش تاوەکو 2012 لەرووی یاساییەوە بەرپرس بوو لەهەر شتێک لەعێراقدا روویدەدا، نەیدەهێشت ناکۆکییەکان گەورە ببن، دەستی دەخستە نێو هەموو شتێک، بەڵام ئەوانیش نەیاندەویست لەسەر کورد دڵی عەرەب لەخۆیان برەنجێنن.

**رووداو: دوا قسەی مالیکی بۆ کورد کە لەلای تۆ کردبێتی چی بووە؟**

**عادل بەرواری:** جارێک تەلەفۆنی کرد گوتی وەرە لام، قەت بیرم لەوە نەکردبووەوە کە مالیکی ئەم قسەیە بکات، زۆرجار بەخراپی باسی خێزانە دیندارەکانی شیعە و سوننەی دەکرد و دەیگوت مۆدێلی بنەماڵەی وەکو سەدر و حەکیم نەماوە. ئەوکاتە بوو کە یەکێتی و گۆڕان لێکجیابوونەوە، گوتی ئەمە چییە لەناو یەکێتی روودەدات؟ منیش گوتم ئەمە خەڵکی سلێمانی و کەرکووکن لەناو یەکێتیدا پێکنایەن. ئەو یەکسەر گوتی: ئەمە بەسەر ئێوەش دێت وەکو پارتی و نۆرەی ئێوەیە. من گوتم: نایەت. ئەو گوتی: دەیبینی. گوتم: چۆن؟ ئەو گوتی: قیادەی پارتی بنەماڵەییە، ئەوەش هەتا هەتایە نامێنێت، رۆژێک دێت ئینشیقاقی تێدەکەوێت. منیش گوتم لەوانەیە وەکو بنەماڵە، بەڵام وەکو حیزب کەس نییە رکابەری ئەم بنەماڵەیە بکات، گوتی: دەلیلی تۆ چییە؟ گوتم: لەبادینان 90%ی خەڵک هەر لە ئاغاوە تاوەکو رۆشنبیر و جوتیار، وەفاداری رێبازی مەلا مستەفا بارزانین، مەسعود بارزانیش لەجێی ئەوە، چۆن ئێوە بەسیستانی دەڵێن مەرجەعی دینی، ئەگەر ئەو قسەیەکی کرد ئیدی تەواو، مەسعود بارزانیش هەروایە بۆ کورد بەتایبەتی لە بادینان. پێمگوت تۆ سەیری پارتی مەکە بە مەسعود بارزانی، سەیری پارتی بکە بە مەلا مستەفا.

**رووداو: مالیکی هەوڵی دەدا ئینشیقاق بکەوێتە نێو پارتی؟**

**عادل بەرواری:** بەڵێ، بەردەوام پەیوەندی بەهەندێک خەڵکەوە دەکرد لە کورد، عەرەب و مەسیحی، ئەو گوتی ئەمە یەکێتی لاواز بوو ئیدی ئەوەی هێزی مابێت مەسعود بارزانییە، گوتی ئینشقاق دەبێت، بەس خاڵی لەسەر پیتەکان دانەدەنا.

**رووداو: مالیکی چەند راوێژکاری هەبوو؟**

**عادل بەرواری:** زیاتر لە 50.

**رووداو: گوێی بۆ چەندیان دەگرت؟**

**عادل بەرواری:** دوو سێ کەس کە زۆر نزیکی بوون، لەوانەش عەلی موسەوی، تارق نەجم کە خزمێتی و سەرۆکی دیوان بوو، بەبێ ئەو هیچی نەدەکرد.

**رووداو: ئێستا هیچ راوێژکارێکی هەیە پێی بڵێت ستۆپ و ئەویش بە قسەی بکات؟**

**عادل بەرواری:** کەسی وانییە، چونکە مالیکی زۆر باوەڕی بە تواناکانی خۆی هەیە. مالیکی راوێژکاری دادەنا بۆ ئەوەی راوێژیان پێبکات، تەنیا بۆ رازیکردنی ئەوانی دیکە بوو.

**رووداو: دەگوترێ بارزانی خۆی نەیویست ماددەی 140 جێبەجێ بکرێت، چونکە کەرکووک دەکەوتە ژێر دەسەڵاتی یەکێتی؟**

**عادل بەرواری:** ئەمە راست نییە.

**رووداو: بۆچی ئەمریکا ئەوەندە بەرگری لە مالیکی و حیزبەکەی دەکات؟**

**عادل بەرواری:** مالیکی و حیزبەکەی لەبنەڕەتدا لای ئێران مەرغوب نین، ئێران کاتی خۆی حیزبی دەعوەی دەرکرد، ئێستاش هەموو کۆبوونەوەکانی ئەو حیزبە لە لەندەن دەکرێن. جگە لە حیزبەکەی مالیکی، هەموو حیزبە شیعەکانی دیکە پیاوە ئاینییەکان بەڕێوەیان دەبەن، حیزبی دەعوە لەوانە نییە.

**رووداو: کار و هەڵسوکەوتەکانی مالیکی دروستن؟**

**عادل بەرواری:** نەخێر، چونکە هەر کەسێکی دیکە لە شوێنی مالیکی بووایە لەو بارودۆخەدا دەستی لەکاردەکێشایەوە، چونکە ئەو بەرپرسە لەئەمنیەتی هەموو عێراق، ئێستا شەش پارێزگا لەگەڵیدا نین و لەگەڵ کوردستانیش دەبینین چۆنە.

**رووداو: شکستی مالیکی بەهۆی دژایەتی کورد بووە؟**

**عادل بەرواری:** هەر مەلیکێک و سەرکردەیەک کە حکومی عێراقی کردبێت و دژایەتی کوردی کردبێت، فەشەلی هێناوە، زۆرجاریش ئەمەمان بە مالیکی گوتووە.

**رووداو: ئەو چی دەگوت؟**

**عادل بەرواری:** دەیگوت راستە، بەڵام چی لەمیسر بکەم، چی لەسعودیە بکەم، چی لە 200 ملیۆن عەرەب بکەم، بەڵام دواتر دەرکەوت ئەمە هەموو سیاسەت بوو، لەلایەک ئێمەی رازی دەکرد و لەلایەکی دیکەوە جێی پێی خۆی خۆش دەکرد لەناو عەرەبدا.

**رووداو: ئێستا کورد هیچ مەترسییەکی شیعە و سوننەی لەسەرە؟**

**عادل بەرواری:** نەخێر، مالیکی بە نیازبوو کوردستان داگیربکات، پێکهێنانی هێزەکانی (جەزیرە بادیە و دیجلە) و هێنانیان بۆ ناو کەرکوک و دەڤەرە سنوورییەکان بەبێ کورد، گواستنەوە و لەکارلادانی ئەفسەرانی کورد، هەر بۆ ئەوە بوو ئەو نیازی هەبوو هێرش بکاتە سەر کوردستان، بەڵام نەیتوانی لەبەر ئەمریکا تاوەکو 2012، زۆر هەوڵیدا هەندێک سەرکردەی سەربازیی کورد بباتە لای خۆی و نێو ماڵی کورد تێکبدات، بەڵام نەیتوانی.

**رووداو: پێتوایە هەمان چارەنووسی سەددام چاوەڕێی مالیکیش بکات؟**

**عادل بەرواری:** بێگومان، لە عێراق ئەوەی بەکوشتن هاتبێت بەکوشتن رۆیشتووە، لەسەردەمی مالیکیش کوشتنێکی زۆرکراوە، دوژمنی زۆری بۆ دروستبووە.

**رووداو: مالیکی ویلایەتی سێیەم وەردەگرێتەوە؟**

**عادل بەرواری:** هیچ کەس لەگەڵ ئەوە نییە کە وەریبگرێتەوە، بەڵام ئەگەر خۆی فەرز بکات و وەریبگرێتەوە، ئەوا لاواز دەبێت.

**رووداو: هەندێک کەسایەتی نێو یەکێتی پشتیوانی خۆیان بۆ مالیکی راگەیاندووە لەماوەی رابردوودا، ئەمە بەرامبەر چی؟**

**عادل بەرواری:** ئەوان و ئێران هاوسنوورن، ئەوان نایانەوێ بەرژەوەندیی خۆیان لەگەڵ ئێران تێکبدەن، بۆیە پشتیوانی مالیکی دەکەن و پەیوەندیشیان لەگەڵ ئێران تێکنادەن، ئەگەر پشتیوانی لە سەرۆک وەزیرانی داهاتووش بکەن، بە دڵنیاییەوە لە بەرامبەریشدا پۆست و شتی دیکە هەیە.

ڕووداو
کوردستانی
ژمارە (319) دووشەممە 2014/7/21

## ئیحسانئۆغلۆ: کوردی زمانی زانست نییە



**ڕووداو- Taraf**

ئەکمەلەدین ئیحسانئۆغلۆ، کاندیدی هاوبەشی پارتی گەلی کۆماری CHP و بزوتنەوەی نەژادپەرست MHP بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی تورکیا، لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی Taraf ی تورکی ڕایگەیاند "ڕاستە دەڵێن، بەکارهێنانی زمانی دایک مافێکی سەرەتاییە، بەڵام لە هەمانکاتدا ڕایان وایە دەبێت زمانی فەرمی و زمانی خوێندن تورکی بێ". بەپێی قسەکانی ئیحسانئۆغلۆ، کوردی ئامادەیە نییە بۆ ئەوەی ببێتە زمانی خوێندن لەبەر ئەوەی خاوەنی وشە و تێرمی پێویست نییە بۆ بوارە جیاوازەکانی زانست. هاوکات 100 ساڵی دەوێت هەتا دەستەواژە زانستییەکان وەردەگێردرێنە سەر ئەو زمانە.

# داعش لە کۆبانی بە چەکی عێراقی شەڕدەکات

**هارڤی مۆریس**
**ڕووداو — لەندەن**

بەندێکی نوێی نەتەوە یەکگرتووەکان کە هەفتەی ڕابردوو ڕەزامەندی لەسەر درا، کار لەسەر هاوکاریکردنی خەڵکی سڤیلی سووریا دەکات. بەڵام بەندەکە ئاماژە بە کێشەی ئەو 400 هەزار کوردە ناکات کە گیرۆدەی دەستی هێرشی جیهادییەکانن لە کانتۆنی کۆبانی.

کۆبانی، یەکێکە لەو سێ کانتۆنەی کە ساڵی ڕابردوو لەو بەشەی کوردستان ڕاگەیێندرا و لەوکاتەوە بە بەردەوامی کەوتووەتە بەر هێرشی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش). هێرشەکانی داعش بۆ سەر ئەم ناوچانە تەنانەت پێش سەرکەوتنەکانیان لە عێراق بووە.

بەدرێژایی ئەم ماوەیە، دەسەڵاتدارانی کورد لە کۆبانی داوای هاوکاری نێودەوڵەتی و هاوکاری دیپلۆماتییان کردووە بۆ ئەوەی هێرشەکانی داعش ڕاگیرێن. ئێستا شەڕڤانانی کورد لە کۆبانێ، ڕووبەڕووی دوژمنێک دەبنەوە کە پڕچەکە بە چەکی پێشکەوتووی لە موسڵ دەستبەسەرداگیراو.

بەندەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو ڕەزامەندی لەسەر درا، ئەو بەربەستەی لە بواری گەیاندنی هاوکاریدا هاتووەتە پێش ئەنجوومەنی ئاسایش، دەشکێنێت و هاوکاری دەگەیەنرێتە دەستی هاووڵاتیانی سووریا.

ئەنجوومەنەکە ڕەزامەندی لەسەر گەیاندنی هاوکاری بە هاووڵاتیانی سووریا داوە بۆ ماوەی 6 مانگ.




لە بەندەکەدا چوار خاڵی سنووری بۆ گەیاندنی هاوکاری دیاریکراون، بەڵام خاڵی سنووریی نێوان تورکیا و کۆبانی یەکێک نییە لەو خاڵە سنووریانە. ئەو خاڵە سنوورییە خاڵی زیندوومانەوەی کانتۆنە کوردییەکان و ڕێگەی ئەوانە بۆ جیهانی دەرەوە.

ئەمەش بەوتەی چاودێرانی بیانی بەو مانایە دێت کە ئەو هاوکارییە مرۆییە، بەهاوکاری پزیشکی و دەرمانییەوە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناگەنە دەستی هەرێمە کوردییەکە.

سەرچاوەیەک، کە پێیوایە هێزی کوردی لەڕووی چەک و ژمارەوە کەمترە لە هێزە ڕکابەرەکەی، دەڵێت "داعش وردە وردە لە کۆبانی دەستکەوت بەدەستدێنن".

ترسی ئەوە هەیە کە ئاوارەبوونی سەرتاسەری یان تەنانەت کۆمەڵکوژی لە ناوچەکەدا ڕووبدات، بەتایبەتی ئەگەر داعش دەستی بگاتە پایتەختی ئەم هەرێمە. داعش لە داگیرکردنی ناوچەکانی عێراقدا هەندێک بەزەییان پێشانی سوننە هاومەزهەبەکانی خۆیان دا، بەڵام ترس هەیە، بەزەیی لەو شێوەیە بەرامبەر کورد نەنوێنن.

چاودێرانی بیانی گوتیان دوای ئەوەی کە تورکیا مەرجەکانی پەڕینەوەی سنووری کەمکردەوە، هەفتەی ڕابردوو هەندێک لە خەڵکی ناوچەکە بەرەو تورکیا هەرێمەکەیان بەجێهێشت. بەڵام زۆریان لە ترسی ئەوەی ناوچەکە مینڕێژکراوە ناوێرن لە سنوورەکە بپەڕنەوە.

ژمارەیەک کوردی شارەکانی تورکیا خۆیان گەیاندووەتە کۆبانی، بۆ ئەوەی هاوکاری کوردی ئەو هەرێمە بکەن، بەڵام ئەوانە کە دێن هیچ جۆرە چەکێکیان پێ نییە.

ئێستا تەنیا هاوکارییەک کە ڕێگەی پێبدرێت بێتە نێو سنوورەکانی ئەو بەشەی کوردستانەوە، ئەو هاوکاریانەیە کە لەلایەن شارەوانییەکانی شار و شارۆچکە کوردییەکانی تورکیاوە کۆدەکرێتەوە.

لەکۆبوونەوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، نوێنەری ئەمریکا بە ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕاگەیاند کە دەبێت ئەو ئەنجوومەنە ئامادەی کاردانەوە بێت ئەگەر لایەنەکانی سووریا پابەندی بەندەکە نەبوون.

بەڵام نوێنەرەکەی ڕووسیا ڕایگەیاند کە دەقی بەندەکە ڕێگە بە بەکارهێنانی هێز نادات، ئەگەر لایەنەکان ئامادەی پابەندبوون بەو بەندەوە نەبوون.

چاودێرە بیانییەکان دەڵێن لە ئەگەری هاتنە پێشی زیاتری داعش لە ناوچەی کۆبانی، تەنیا ڕێگەچارە ئەوەیە کە تورکیا سنوورەکانی بەڕووی خەڵکی ئەو ناوچانەدا بکاتەوە. ڕێگەچارەیەکی دیکە بەپێی ئەو سەرچاوەیە وەڵامێکی سەربازیی نێودەوڵەتی دەبێت، بەڵام وەڵامێکی سەربازی لەو جۆرە ئەگەری ڕوودانی زۆر کەمە.

# YPG شەڕڤانە منداڵەکان دووردەخاتەوە

**کارل درۆت**
**ڕووداو- کۆبانی**

بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی جنێڤا کۆڵ (Geneva Call)، یەکینەکانی پاراستنی گەل YPG نزیکەی 149 منداڵیان لە ڕیزەکانی خۆیان دوورخستووەتەوە و پەیماننامەیەکیان واژۆکردووە کە منداڵان لەو ململانێ چەکدارییە بەدووربگرن. ئەو ڕێکخراوە سویسرییە دەڵێت منداڵەکان لە ڕیزەکانی YPG دوورخراونەتەوە کە ژمارەیان 149 منداڵە و چیدی چەک هەڵناگرن و لە بنکە سەربازییەکان جیاکراونەتەوە، لەبەرامبەردا هەلی خوێندنیان بۆ ڕەخسێنراوە.

لە ساڵی 2012وە کە دەزگاکانی حکومەتی سووریا کشاونەتەوە، YPG و یەکینەکانی پاراستنی ژنان YPJ وەکو دوو هێزی سەرەکی لەو بەشەی کوردستان، شەڕ لە دژی هێزە ئیسلامییە ڕادیکاڵەکانی وەکو دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) و جەبهەتولنوسرە دەکەن.

لەکاتی سەردانێکی (ڕووداو)دا بۆ بەرەکانی جەنگ لە ڕۆژئاوای سەرێکانی، تیمی (ڕووداو) چاوی بە شەڕڤانی خوار تەمەن 18 ساڵ کەوت. زۆر لە شەڕڤانەکان پێشتر بەرەکانی شەڕ و جەنگیان بینیبوو. فەرماندەی یەکەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە یەکەکەی ئەو سێ مانگ لەمەوبەر دروستکراوە بۆ ئەوەی بەرپەرچی مەترسی گرووپە جیهادییەکان بداتەوە. هەروەها گوتی چەکدارەکانی یەکەکەی بەشدارییان لە ڕاهێنان و مەشقەکانی YPGدا نەکردووە.

بەپێچەوانەی ئەو یەکەیە، یەکەیەکی تەنیشتیان بە زۆری لە کەسانی تەمەن 30 – 40 ساڵ پێکهاتبوون. ئەم جیاوازییە ڕەنگە بەهۆی ئەوە بێت کە فەرماندەکان ئازادکرابن لەوەی بە ئارەزووی خۆیان و لە ناوچەکانی خۆیانەوە سەرباز وەربگرن.

زۆر لە نزیکی بەرەکانی جەنگەوە، منداڵانی کچ و کوڕ دەبینران کە بازگەکانیان بەڕێوەدەبرد. لە مانگی 12ی ساڵی ڕابردوودا YPG فەرماندەکانی ئاگادارکردەوە کە ڕووبەڕووی لێپێچینەوەی یاسایی دەبنەوە ئەگەر منداڵ لە ڕیزەکانی خۆیاندا جێبکەنەوە. بەڵام لە سەرەتای مانگی یەکدا، یەکێک لە بریندارەکانی هێرشی سەر تەل براک و تەل حەمیس، منداڵێکی 15 ساڵان بوو.

ڕێکخراوی جنێڤا کۆڵ دەڵێت مۆرکردنی ئەو پەیماننامەیە بەشێوەیەکی فەرمی ڕێگە لە هێزەکانی YPG دەگرێت کە منداڵی خوار تەمەن 18 ساڵ لە ڕیزەکانی خۆیاندا وەربگرن. عەبدولکەریم ساروخان، سەرۆکی کۆمیتەی بەرگری خۆسەری دیموکراتیک بە ڕێکخراوی جنێڤا کۆڵی ڕاگەیاندووە کە چیدی منداڵی خوار تەمەن 18 ساڵ لە شەڕەکاندا بەشدار ناکەن، تەنانەت وەکو سیخوڕ، پاسەوان، یان پشتگیری بۆ هێزە شەڕکەرەکان بەکاریانناهێنن.

ئەو گرووپە سویسراییە دەڵێت کە پێی باشە واژووکەرانی پەیماننامەکە سوپاس بکات بۆ پابەندبوونیان بەو پەیماننامەیەوە. ئێلیزابێس دیکرەی وارنەر، سەرۆکی ڕێکخراوەکە دەڵێت "ئەوەی کە ئەمڕۆ بەدەست هاتووە ئاسان نییە و دەبێت لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە پشتگیری بکرێت".

ڕێدور خەلیل، جێگری فەرماندەی گشتی هێزەکانی YPGدەڵێت واژۆکردنی پەیماننامەکە و پابەندبوون بە ناوەڕۆکەکەی، ڕەنگدانەوەی بەهاکانی YPGیە، نەک تەنیا وەڵام بۆ فشار و تۆمەتی دەرەکی. دەربارەی بەکارهێنانی منداڵانی خوار تەمەنی یاسایی، ئەو دەڵێت "ئێمە دژی ئەوەین. بەڵام زۆر باروودۆخ وایکرد کە ئەم دیاردەیە دەربکەوێت. خۆشحاڵین کە جنێڤا کۆڵ هاوکاریمان دەکات تا ئەو دیاردەیە لە کۆڵی خۆمان بکەینەوە".

مانگی ڕابردوو، ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژەی بەوە کرد کە دەسەڵاتدارانی کورد لە سێ پارێزگای ژێر کۆنترۆڵی PYD دا، منداڵان لە ڕیزەکانی پۆلیس و هێزەکانی YPGدا بەکاردەهێنن.

ڕاپۆرتەکە هەروەها دەڵێت بەکارهێنانی منداڵان بووەتە دیاردەیەکی باو لەلای زۆر لە لایەنەکانی شەڕی ناوخۆی سووریا.

نووسەری ڕاپۆرتەکە، پریانکا مۆتاپارتی دەڵێت "منداڵان کەسوکاریان دەکوژرێت، خوێندنگەکانیان دەڕووخێنرێت، کۆمەڵگەکانیان تەفروتونا دەکرێت، نابێت گرووپەکان ئەمە بقۆزنەوە بۆ ئەوەی منداڵان لە ڕیزەکانی خۆیاندا دابمەزرێنن".

ڕاپۆرتەکەی هیومان ڕایتس ووچ، کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ 25 منداڵ کردووە، دەڵێت هۆکار زۆرن بۆئەوەی منداڵان پەیوەندی بە هێزە چەکدارەکانەوە بکەن. لەوانە چاولێکردنی خزم و هاوڕێ، یان ئەوان لە ناوچەیەکی پڕ ململانێن و بژارەی دیکەیان لەبەردەستدا نییە، بۆیە پەیوەندی بە هێزە چەکدارەکانەوە دەکەن.



# دەنگەکانی دەمیرتاش دەبنە "سەنگی مەحەک" بۆ ڕکابەرەکانی



**بێرنا ئۆزەنجیل**
**ڕووداو- مێرسین**

سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتی گەلان HDP کە مانگی ڕابردوو بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار بەربژێرکرا، بەڵێن دەدات ئەگەر دەربچێت دیموکراسی و ئازادی و ئاشتی دەستەبەر دەکات.

هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری تورکیا لە 2014/8/10 بەڕێوەدەچێت کە دەمیرتاش ڕکابەری ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، بەربژێری پارتی داد و گەشەپێدان و ئەکمەلەدین ئیحسانئۆغلۆ، سکرتێری گشتی پێشووی ڕێکخراوی هاوئاهەنگی ئیسلامی و بەربژێری پارتی گەلی کۆماری دەکات.

دەمیرتاش کە هاوسەرۆکی پارتی ئاشتی و دیموکراسی بوو، لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا، لەگەڵ زۆر پەرلەمانتاری دیکە چوونە نێو HDP وەکو پێشاندانی پشتگیری بۆ ئەو هێرشانەی کە لەلایەن ڕەگەزپەرستەکانی تورکیاوە دەکرێنە سەر ئەو پارتە.

دەمیرتاش دەرچووی بەشی یاسای زانکۆی ئەنقەرەیە. وەکو پارێزەرێکی سەربەخۆ کاریکردووە و لە ساڵی 2006دا سەرۆکی لقی دیاربەکری کۆمەڵەی مافی مرۆڤ بوو.

دەمیرتاش کە ناوێکی زۆر ناسراوی نێو بزووتنەوەی سیاسی کوردە لە تورکیا و لاوترین کاندیدی ئەو پۆستەیە، تەمەنی 41 ساڵە. ئەو دەڵێت کاندیدکردنی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار بۆ یەکەمجار، دەنگێکی بۆ خەڵکی زوڵملێکراوی کۆمەڵگەکەی دروستکردووە "کۆمەڵگەی تورکی پێویستە بە باشی سوود لەم هەلە وەربگرن". دەمیرتاش لە شاری مێرسین وایگوت.

دەمیرتاش هەروەها گوتی کە دوو کاندیدە ڕکابەرەکەی بودجەیەکی زەبەلاحیان لەبەردەستە بەراورد بەخۆی "ئێمە هێزی خۆمان لە خەڵکەوە بەدەستدەهێنین و لەسەر بنەمای بەهاکانمان لەگەڵ ئەوان ڕکابەری دەکەین. بەهاکانی ئێمە لە هی ئەوان زۆر ڕەواترن". ئەو جەختی لەوە کردەوە کە پارتەکەی داکۆکی لە ئازادی، دیموکراسی، ئاشتی، برایەتی و یەکسانی دەکات و چەندین ساڵە خەبات بۆ ئەو ئامانجانە دەکات.

چەند گرووپێکی گەنجان کەمپینێکیان بۆ پشتگیری لە دەمیرتاش دروستکردووە، ئەوان وەڵامی پرسیارگەلێک دەدەنەوە، لەوانە: بۆچی دەمیرتاش هەڵدەبژێرین؟ چ جۆرە سەرۆکێکمان دەوێت؟ دەتوانین چی بکەین بۆ پشتگیریکردنی؟

کاندیدکردنی دەمیرتاش هەروەها وەکو هیوایەک بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی کورد سەیر دەکرێت. ئەنقەرە و PKK ساڵێک زیاترە دەستیان بە پرۆسەی ئاشتی کردووە. بەڵام PKK حکومەتی تورکیا بە جێبەجێنەکردنی هەنگاوەکانی پرۆسەی ئاشتی تۆمەتبار دەکات.

هەندێک لە چاودێران پێیانوایە کاندیدکردنی دەمیرتاش مەترسی بۆ سەر هەڵبژاردنی ئەردۆغان دروست دەکات، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە ئەردۆغان پێشتر سێجار بۆ خولی چوار ساڵی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران هەڵبژێردراوە و ئێستاش چاوی لە پۆستی سەرۆکایەتی کۆمارە.

چاوەڕوان دەکرێت دەمیرتاش دەنگەکانی ئەردۆگان بۆ پۆستەکەی کۆشکی چانکایا بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بکاتەوە.

دەمیرتاش دەنگی کورد و عەلەوییەکان و چەپەکان و هەندێک گرووپی دیکەی پەراوێزخراو بۆ خۆی دەبات. HDP نزیکەی 6.5%ی دەنگەکانی تورکیای هەیە، وا پێدەچێت هەندێک لە دەنگەکانی پارتی گەلی کۆماری (CHP)ش کە کاندیدی پارتەکەی خۆیان بە دڵ نییە، بۆ دەمیرتاش بڕوات.

دەمیرتاش هەروەها هیوای هەندێک لە گرووپە خاوەن قوربانییەکانە، ئەوانەی کە بەهۆی کردارەکانی حکومەتی تورکیاوە بوونەتە قوربانی و تا ئێستا وەڵامێکی گونجاویان نەدراوەتەوە. لەوانە قوربانیانی ڕووداوەکەی گوندی ڕۆبۆسکێ لە ساڵی 2011 و سەرکوتکردنی خۆپێشاندەرانی پارکی گەزی و هەروەها ڕووداوەکەی کانەخەڵوزی سۆما کە لە مانگی ئایاری ئەمساڵدا ڕوویدا.

یەکەم خولی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆمار لە ڕۆژی 10ی مانگی ئاب دەبێت و دووەم خولیش چوار ڕۆژ دوای ئەوە دێت. لەم هەڵبژاردنانەدا دەنگەکانی HDP، دەنگی بڕیاردەر دەبن ئەگەر ئەردۆغان یان ئیحسانئۆغلۆ کەمتر لە 51%ی دەنگەکان مسۆگەر بکەن.

## ئاڵای کوردستان و جەمەدانی لە ژووری تایبەتی خۆی داناوە

### نوام چۆمسکی بۆ کورد:

# کارێکی باشتان کرد چوونە کەرکووک



### دەرفەتی دامەزراندنی دەوڵەت لە دەست مەدەن

**چەند بڕگەیەک لە قسەکانی چۆمسکی:**

– "نەک تەنیا کورد، بەڵکو هەموو ئەوانەی کە لەژێر فشار و زوڵمدان دەبێت بەدوای بەرژەوەندی خۆیاندا بگەڕێن و دەرفەتەکان باش هەڵسەنگێنن. بەڵام وا هزر نەکەن کە ئەمریکا یان هێزێکی دیکە خێرتان پێبکات، نەکەونە نێو خەیاڵەوە، بەشێوەیەکی دروست سەیریان بکەن."

– "لەسیاسەتی نێودەوڵەتیدا هیچ کەسێک دۆست نییە، هەموو کەسێک بیر لە بەرژەوەندی خۆی دەکاتەوە. دەبێت ئێوەش بەپێی ئەم یاسایە خۆتان بەڕێوەببەن. ئێوە دەزانن کە ناحەزتان زۆرن، کاتێک دەرفەتێکتان دیت بیقۆزنەوە، بەڵام نەکەونە نێو خەیاڵەوە. بەدروستی هەڵیبسەنگێنن. کێشەی 100 ساڵەی کورد هەر ئەمەیە: هەموو کاتێک چاوەڕێی هێزێکی دیکە دەکەن. بەداخەوە ئەمە شتێکی باش نییە."

– "ئومێدتان بە شاخەکانتان هەبێت. جگە لە چیاکان هیچ هێزێکی دیکەتان نییە".

– "خۆتان لەژێر داگیرکاری ئێران، عێراق، سووریا و تورکیا رزگار بکەن. هەر کاتێک دەرفەتێک بۆ ئێوە رەخسا سەربەخۆیی خۆتان رابگەیێنن. بۆ نموونە، گرتنی کەرکووک کارێکی زۆرباش بوو. دژایەتی ئەمریکا مەکەن و بزانن تورکیاش ئەکتەرێکی گەورەیە".

– "هێشتا رۆڵی دەوڵەتی نەتەوەیی کۆتایی نەهاتووە. ئەوانەی وا دەڵێن راست ناکەن، ئەمە قسەی هزر لاوازەکانە. سەیری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەن. ئەو هەموو دەوڵەتانە لەلایەن هێزە داگیرکەرەکانەوە دامەزرێنراون. بۆ نموونە عێراق بۆ ئەوەی پترۆڵ نەکەوێتە دەستی تورکیا، لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دروستکرا. دەتوانی بڵێی عێراق لە بەسرا هیچ بەندەرێکی نەبوو، هێنایان کوێتیان دروستکرد. هەمان شت لە سووریا، ئوردن و فەلەستینیش روویدا، داگیرکارەکان هەندێک سنووری دروستکراویان بۆ دانان. ئێستا هەموو ئەوانە پارچەپارچە دەبن. مەسەلەی دەوڵەتی نەتەوەیی کۆتایی نەهاتووە، سەرلەنوێ دروستدەکرێنەوە".

– "هێزی کوردستانێکی یەکگرتوو و سەربەخۆ لەدەست مەدەن. چونکە ئەو سنوورە دەستکردانەی کە داگیرکاران دروستیان کردوون نامێنن و کەس نازانێت چی روودەدات. دەبێت کوردی سووریا، عێراق، تورکیا و ئێران یەکبگرن. نابێت شەڕی نێوخۆیی بکرێت و دەست لەسەربەخۆیی بەرنەدەن".

– "زۆر حەز دەکەم بچمە کوردستانی ئازاد. پێشتریش هەوڵمداوە. ساڵی رابردوو بەنیازبووم بچم، بەڵام رێکنەکەوت".

– "دەبێت کورد گرنگی بەزمانی خۆیان بدەن. چونکە ئەگەر کورد زمانی خۆیان لەدەست بدەن، ئەوا مێژوو، رۆشنبیری، ئەدەبیات و رۆحی خۆیان ون دەکەن."

**ئەرگولەن تۆپراک**
**رووداو- نیویۆرک**

سیاسەتڤانی کورد خەتیب دیجلە کە تازە لە گرتووخانەکانی تورکیا هاتووەتە دەرەوە، دەڵێت "هزری دەوڵەتمان فڕێداوە و نابێت بارزانی دەوڵەت دروست بکات". بەڵام فەیلەسوف و زمانناسی ناوداری جیهان، نوام چۆمسکی بەرگری لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەکات و داوا لە کوردی باشووری کوردستان دەکات ئەو دەرفەتەی هاتووەتە پێش لە دەستی نەدەن.

لەو رۆژانەدا ئیبراهیم خەلیل باران، ئەکادیمیستی کورد و پرۆفیسۆر عوسمان یاشار، سەردانی چۆمسکییان کرد و ئاڵای کوردستانیان پێشکەش کرد، ئەویش دوای بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان گوتی "هێشتا رۆڵی دەوڵەتی نەتەوەیی کۆتایی نەهاتووە، دەبێت کورد یەکبگرن و لە چیاکان زیاتر پشت بە کەسی دیکە نەبەستن". هەروەها گوتی "گرتنی کەرکووک کارێکی زۆر باش بوو." ئیبراهیم خەلیل باران، کە مامۆستای سۆسیۆلۆژیایە لە زانکۆی نیویۆرک و پرۆفیسۆری کورد عوسمان یاشار، سەرۆکی بەشی (CPS) لە هەمان زانکۆ، لە پەیمانگەی ماساچوستی تەکنیکی لە کامبریج لەگەڵ فەیلەسوف نوام چۆمسکی کۆبوونەوە و لەبارەی تیۆری زمان و کوردستان نزیکەی دوو کاژێر قسەیان کرد.

لەو دیدارەدا ئیبراهیم خەلیل باران، ئاڵای کوردستان و جەمەدانییەکی پێشمەرگەی کوردستانی وەکو دیاری پێشکەشی چۆمسکی کرد. باران بە (رووداو)ی گوت "چۆمسکی زۆر خۆشحاڵ بوو بەسەردانەکەمان، بەشانازییەوە ئاڵا رەنگاو رەنگەکەی وەرگرت و گوتی ئەم خەڵاتانە بەباشی دەپارێزم و لە ژووری تایبەتی خۆمدا دایاندەنێم".

باران ئاشکرای کرد کە چۆمسکی لە کۆبوونەوەکەدا قسەی زۆر گرنگی لەبارەی سەربەخۆیی کوردستان و کورد کرد. دوای دیدارەکە ئیبراهیم خەلیل باران، چەند بڕگەیەکی لە قسەکانی چۆمسکی لەسەر بلۆگی خۆی بڵاوکردەوە.

### پرۆفیسۆر مایکڵ گەنتەر:

# کورد هەرگیز وەکو ئێستا لە سەربەخۆیی نزیک نەبووە

**سەروەر سالار**
**رووداو- سلێمانی**

مایکڵ گەنتەر، پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان کە یەکێکە لە پسپۆڕە بەناوبانگەکان لە کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و کاروباری کورد بەتایبەتی، دەڵێت کورد هەرگیز وەکو ئێستا لە سەربەخۆیی نزیک نەبووەتەوە.


گەنتەر تاوەکو ئێستا 9 کتێبی دەربارەی پرسی کورد نووسیوە، کتێبەکانی ئەو لە پێشەنگی ئەو نووسراوە ئەکادیمیانەن بە زمانی ئینگلیزی کە دەربارەی نائارامییەکانی پەیوەست بە کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نووسراون.

گەنتەر کە ساڵی 1964 بەکالۆریۆس و لە 1966 ماستەر و لە 1972 یش بڕوانامەی دکتۆرای لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەدەستهێناوە، لەساڵی 1981ەوە پرۆفیسۆرە و لە چەندین زانکۆ و ئەکادیمیای ئەمریکی و جیهانی وانە و کۆڕی تایبەت بە زانستە سیاسییەکان پێشکەش دەکات. ئەو سەرەڕای سەرقاڵییەکەی لەماوەی تەنیا پێنج کاژێردا لە رێگەی ئیمەیلەوە وەڵامی پرسیارەکانی (رووداو)ی دایەوە.

سەبارەت بە پێگەی کورد، دوای قەیرانی تازەی عێراق، پرۆفیسۆر گەنتەر گەشبینە، بەڵام نایشارێتەوە کە هەڕەشەی نوێش بۆ کورد پەیدابوون "بەهۆی لاوازبوونی پێگەی بەغدا، ئێستا کورد لە جاران بەهێزترن، بەڵام سوننەکان هەڕەشەیەکی نوێن بۆ سەر کورد".

مانگی رابردوو مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان چووە پەرلەمانی کوردستان و داوای لە پەرلەمانتاران کرد، کار لەسەر دیاریکردنی وادەیەک بۆ گشتپرسی لە کوردستان بکەن.

وڵاتانی دەوروبەر بە پلە یەکیش ئێران، تەنانەت لەنێوخۆی کوردستانیش، خەڵکانێک هەن دەڵێن هەڵوێستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان توندە و پەلەکردنی پێوە دیارە. بەڵام گەنتەر وای نابینێت. کاتێک دەربارەی هەڵسوکەوتی بڕیاربەدەستانی کورد بەگشتی و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەم دۆخە نوێیەی سەری هەڵداوە، (رووداو) پرسیاری لە پرۆفیسۆر گەنتەر کرد، ئەو گوتی "بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ترسناک و لەپڕ گۆڕاوی ناوچەکە، کاربەدەستانی کورد بە وردی و ژیرانە رەفتاریان کرد".



ئەمریکا دان بە دەوڵەتی کوردستاندا دەنێت ئەگەر کورد هۆکاری دابەشبوونی عێراق نەبن

مەسەلەی "کاتی گونجاو" بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان، هێشتا بابەتی دیبەیتی بەرە جیاوازەکانە. بەڵام پرۆفیسۆر گەنتەر پێیوایە کات هەرگیز "تەواو گونجاو" نابێت بۆ ئەوەی کورد سەربەخۆیی رابگەیەنێت، بەڵکو راددەی گونجاوییەکە پلەی هەیە و رەها نییە، لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێت "کورد هەرگیز وەک ئێستا لەکاتی گونجاوەوە نزیک نەبوون بۆ سەربەخۆیی".

بەبۆچوونەکەیدا، مایکڵ گەنتەر لایەنگری سیاسەتی نەوتی کوردستانە، گەنتەر گوتی "کورد بۆ مانەوەیان پێویستە نەوت بفرۆشن، زیرەکانەش خەریکی ئەوەن بەتایبەتی لەگەڵ تورکیا".

لەبارەی ئەوەی کە ئایا کۆنترۆڵکردنی کەرکووک لەلایەن کوردەوە ئەو شارە بە یەکجاری دەگێڕێتەوە بۆ نێو سنووری کوردستان، ئەو پرۆفیسۆرە ئەمریکییە دەڵێت جارێ دەبێ چاوەڕێ بکەین و بزانین چی لەو پرسەدا روودەدات "بەڵام کورد بژارەیەکی دیکەشیان لەبەردەمدا نەبوو".

ئەمریکا تاوەکو ئێستا لەگەڵ یەکپارچەیی خاکی عێراقدایە و پێشی باش نییە کورد سەربەخۆیانە نەوت بفرۆشێت. ئایا لە حاڵەتی راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستاندا، ئەمریکا ئامادە دەبێت دان بە سەروەریی ئەو دەوڵەتە نوێیەدا بنێت؟ گەنتەر دەڵێت "ئەمریکا دان بە کوردستانی سەربەخۆدا دەنێت، بەتایبەت ئەگەر کاتێک رابگەیەنرێت کە روون بووەوە عێراق بەهۆی سیاسەتکردنی خراپەوە پارچە پارچە بووە، نەک تەنیا بەهۆی ئامانجی کوردەوە روویدابێت".



### ئەگەر مالیکی سوور بێت لەسەر خۆکاندیدکردنەوە

# رەوتی سەدر هاوپەیمانی لەگەڵ کورد دەبەستێ

**ئاسۆ فیشەگی**
**رووداو-هەولێر**

پۆستی سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق خاڵی سەرەکی ناکۆکییەکانی نێو پرۆسەی سیاسی ئەو وڵاتەیە، کورد و زۆربەی پێکهاتەی سوننە و بەشێکی بەرچاوی شیعەکان داوا دەکەن نووری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی کاربەڕێکەری عێراق، بۆ ویلایەتی سێیەم خۆی هەڵنەبژێرێتەوە.

ئەمیر کەنانی، سەرکردەی هاوپەیمانی نیشتمانیی شیعە لە پشکی رەوتی سەدر بە (رووداو)ی راگەیاند "هاوپەیمانی نیشتمانیی عێراق کە هەموو لایەنە شیعەکان لەخۆدەگرێ و خاوەنی زیاتر لە 180 کورسی پەرلەمانی عێراقە، هێشتا لە پرسی دیاریکردنی کاندیدی خۆی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق یەکلانەبووەتەوە، چونکە تا ئەم ساتە نووری مالیکی سوورە لەسەر خۆکاندیدکردنەوە بۆ ئەو پۆستە و هاوپەیمانی دەوڵەتی یاساش پشتگیری دەکات".

رەوتی سەدر و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی عێراق سوورن لەسەر رێگەنەدان بە خۆکاندیدکردنەوەی مالیکی بۆ ئەو پۆستە، چونکە وەک کەنانی گوتی "مەرجە سەرۆک وەزیرانی داهاتوو، جێی رەزامەندی زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی عێراق بێ، مالیکیش ئەو مەرجەی تێدا نییە".

ئەمیر کەنانی گوتیشی "وەک رەوتی سەدر و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی دوو کاندیدمان بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق هەیە کە بریتین لە عادل عەبدولمەهدی و ئەحمەد چەلەبی، دەستنیشانکردنی ئەو دوو کاندیدەش تەنیا بۆ فشار خستنە سەر مالیکی و هاوپەیمانییەکەی نییە، بگرە رەوتی سەدر و ئەنجوومەنی باڵا بە جددی بیر لەوە دەکەنەوە ئەگەر مالیکی سوور بێ لەسەر هەڵوێستی خۆی و خۆی کاندید بکاتەوە، ناچار هاوپەیمانێتی لەگەڵ کورد و لایەنەکانی سوننە ببەستین بەبێ دەوڵەتی یاسا بۆ ئەوەی دەنگی پێویست بۆ کاندیدەکانمان بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق مسۆگەر بکەین".

سەرکردەکەی رەوتی سەدر ئاماژەی بەوەشدا کە "پۆستی جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان لە بنەڕەتدا پشکی رەوتی سەدر بوو، بەڵام ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی گوتیان با بۆ ئێمە بێ، رەوتی سەدریش بەو داوایە رازی بوو، بەڵام پێش دانیشتنی سێیەمی پەرلەمانی عێراق ئەنجوومەنی باڵا لەناکاو بڕیاری دا کاندیدەکەی بۆ ئەو پۆستە بکشێنێتەوە و لەبەرامبەردا دەوڵەتی یاسا حەیدەر عەبادی کاندید کرد، ئەمەش تا رادەیەک هاوکێشەکانی نێو هاوپەیمانی نیشتمانی تێکدا، چونکە دەبووایە ئەو پۆستە بدرایەتەوە رەوتی سەدر نەک دەوڵەتی یاسا".

پێشتر بڵاوکرایەوە کە دەوڵەتی یاسا سێ کاندیدی هەیە بۆ شوێنگرتنەوەی مالیکی، ئەوانیش بریتین لە حوسێن شەهرستانی، هادی عامری و تارق نەجم.

بەڵام بەها جەمالەدین، لە هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا لەوبارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "دەوڵەتی یاسا بەهیچ شێوەیەک بیری لە کێشانەوەی کاندیدکردنی نووری مالیکی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق نەکردووەتەوە، بۆیە تاوەکو ئێستا باسمان لە جێگرەوەی مالیکی نەکردووە، تەنانەت تارق نەجم، ئەو سەرکردەیەی حیزبی دەعوە کە زۆرتر ناوی دەهێنرێ وەک جێگرەوەی مالیکی بەهیچ شێوەیەک باسی لە خۆکاندیدکردنی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران نەکردووە".

سەرکردەکەی دەوڵەتی یاسا گوتیشی "لایەنەکانی دیکەی نێو هاوپەیمانی نیشتمانی وەک رەوتی سەدر و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی تەنیا لە راگەیاندنەکان باس لە رەتکردنەوەی مالیکی دەکەن، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ کام لەو لایەنانە بە فەرمی مالیکییان رەتنەکردووەتەوە".

ناوبراو پێیوایە پێکهێنانی حکومەتی داهاتووش بە دەردی حکومەتەکەی 2010 دەچێت "چونکە ئەو لایەنانەی مالیکی رەتدەکەنەوە هەمان لایەنەکانی ساڵی 2010ن و بە هەمان بیانوو رەتیدەکەنەوە" بەڵام گوتیشی "لە کۆتاییدا ئەگەر دەوڵەتی یاسا دڵنیا بێت، کەسایەتی مالیکی پرۆسەی سیاسی لە عێراق دەگەیەنێتە بنبەست، ئەوکات ناچار بیر لە کاندیدکردنی کەسایەتییەکی دیکە دەکەینەوە بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران، بەڵام لەم دۆخە ئەمنییە ناهەموارەی عێراقدا و لەو دەمەی مالیکی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراقە، بیرکردنەوە لە گۆڕینی مالیکی کارێکی هۆشیارانە نابێ".

ڕووداو
ژمارە (319)	دووشەممە	2014/7/21

## هەناردەی نەوتی عێراق بەرزدەبێتەوە



**ڕووداو- هەولێر**

عەبدولکەریم لعێبی، وەزیری نەوتی عێراق ڕایگەیاند پێشبینی دەکەن ئاستی هەناردەکردنی نەوت لەم مانگەدا بەرزبێتەوە بۆ 2.6 ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا. لە کاتێکدا توانای کێڵگە نەوتییەکانی باشوور دەتوانێت لە ڕۆژێکدا 3 ملیۆن بەرمیل هەناردە بکات. وەزیری نەوتی عێراق ڕایگەیاند، کێڵگەی نەوتی ڕومێلە کە زیاتر لە یەک لەسەر سێی نەوتی عێراق بەرهەم دێنێت، کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق بەردەوامە لە بەرهەمهێنانی نەوت و گرژییەکانی باکووری عێراق کاریگەریی لەسەر ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەو کێڵگەیە نەبووە.

### کوردستان پێویستی بە گەنمی بەغدا نەماوە

# 300 هەزار تۆن گەنم شوێنی عەمبارکردنی نییە



فۆتۆ: سیڤان محەممەد سەلیم

**ڕاوێژکارێکی حکومەت:**
**لەبەر نەوت کەس ئاگای لە کشتوکاڵ و ئاسایشی خۆراک نەماوە**

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری بەرهەمهێنانی دانەوێڵە پێشبینی دەکات ئەگەر بەغدا بەشە ئاردی هاووڵاتیانی کوردستانیش ببڕێت، بڕی گەنمی بەرهەمهاتووی ئەمساڵی کوردستان توانای پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ناوخۆی دەبێت "بەمەرجێک میکانزمێک بۆ کۆگاکردنی گەنم بدۆزرێتەوە".

پڕۆسەی وەرگرتنی گەنم لە جوتیاران لەلایەن سایلۆکانی کوردستانەوە لە سەرەتای مانگی ڕابردووەوە دەستپێکردووە و تاوەکو کۆتایی مانگی داهاتوو بەردەوام دەبێت.

بەپێی دوایین ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بازرگانی کە وێنەیەکی دراوەتە (ڕووداو)، تاوەکو 9ی ئەم مانگە بڕی 492 هەزار و 200 تۆن گەنم لەسەرجەم سایلۆکانی هەرێمی کوردستان لە جوتیاران وەرگیراوە، زۆرترین بڕیش لەسایلۆکانی پارێزگای هەولێر وەرگیراوە کە 197 هەزار و 100 تۆن بووە.

فاروق عەلی، بەڕێوەبەری بەرهەمهێنانی دانەوێڵە لەوەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت ساڵانە نزیکەی 2 ملیۆن دۆنم زەوی لەلایەن جوتیارانەوە دەچێنرێت، ئەمساڵیش بڕی بەرهەمی دانەوێڵە هاوشێوەی ساڵی ڕابردوو باش بوو، بۆیە پێشبینی دەکات بڕی بەرهەمی گەنمی ئەمساڵ بگاتە 550 تاوەکو 600 هەزار تۆن، گوتیشی "پێداویستی هەرێمی کوردستان بۆ گەنم بۆ هەر ساڵێک ئێستا نزیکە لە 500 تاوەکو 600 هەزار تۆن گەنم، بۆیە ئەو بڕەی بەرهەمهاتووە بەشی ناوخۆ دەکات، بەمەرجێک میکانیزمێک بۆ کۆگاکردنی بدۆزرێتەوە".

پلانی وەرگرتنی گەنم و دانانی نرخەکەی مەرکەزییە و لە ساڵانی ڕابردوودا لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دانراوە، پارەکەشی دابینکراوە، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی بارگرژییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، جوتیاران ترسیان هەیە بەغدا پارەی گەنم و جۆ دوابخات یان هەر نەیدات. حاجی فازڵ حەمەڕەش، 75 ساڵ، جوتیارێکی گوندی گردخۆشەنەی سەر بەناحیەی قەراجە، ساڵانە جگە لە زەوییەکەی خۆی، زەوی چەند جوتیارێکی دیکەی گوندەکەشی بەهاوبەشی دەچێنێت. دەربارەی بەرهەمی دانەوێڵەی ئەمساڵ گوتی "بەشێوەیەکی گشتی لە قەراج، کەندێناوە، دیبەگە، گوێڕ و قوشتەپە، ئەو زەویانەی بەراون بڕی بەرهەمیان باشبووە و یەک تۆن گەنم نزیکەی 15 تۆن بەرهەمی هەبووە، بەڵام ئەو زەویانەی پشت بەباران دەبەستن بەرهەمیان باش نەبووە، یەک تۆن نزیکەی 8 تۆن بەرهەمی هەبووە، لەهەندێک شوێن بنەتۆشیان نەبووە".

ئەو جوتیارە ئەمساڵ 60 تۆن گەنمی تەسلیمی سایلۆی مەخموور کردووە، بەڵام نەیشاردەوە کە ترسی لەدواکەوتنی یان وەرنەگرتنی پارەی گەنمەکەی هەیە.

سوار عەزیز، بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان و بەدواداچوون لە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی هەرێمی کوردستان دەڵێت، دابینکردنی بوجەی وەرگرتنی دانەوێڵە لەئەستۆی حکومەتی فیدراڵە، بۆیە بەهەر هۆیەک بێت نابێت پارەکەی دابین نەکرێت، گوتیشی "لەئەگەری دابیننەکردنی پارەکە، هەموو ڕێگەیەکی یاسایی دەگرینەبەر، چونکە میزانیەکەی لەدەرەوەی 17%ی بودجەی کوردستانە". بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی لەنێوان هەردوو وەزارەتی بازرگانی هەرێمی کوردستان و عێراقدا هەیە، پێویستە ئەو بڕەی گەنمەی لە سایلۆکانی کوردستان زیاد دەبێت، بە بارهەڵگر ڕەوانەی سایلۆکانی عێراق بکرێت، بەڵام ئەمساڵ هیچ بڕە گەنمێک نەنێردراوە بۆ سایلۆکانی عێراق، ئەمەش گرفتی بۆ کۆگاکردنی بەرهەم دروستکردووە.

سوار عەزیز، هۆکارەکەی بۆ گرژیی نێوان هەولێر و بەغدا گەڕاندەوە و گوتی بۆ ڕەوانەکردنی گەنم هاوشێوەی ساڵانی ڕابردوو، لەم بارودۆخە دەبێت پرس بە ئەنجوومەنی وەزیران بکەن.

بۆ گرفتی گۆکاکردنی گەنم لە سایلۆکانیش، سوار عەزیز گوتی "سایلۆکانی کوردستان تەنیا توانای کۆگاکردنی 285 هەزار تۆن دانەوێڵەیان هەیە، بڕی گەنمی وەرگیراویش گەیشتووەتە نزیکەی 500 هەزار تۆن، بۆیە گرفتمان هەیە لەگۆگاکردن، ئێستا بەشێک لەو گەنمەی لە جوتیاران وەرگیراوە لەگۆڕەپانی سایلۆکان دانراوە و شوێن نییە بۆ کۆگاکردنیان، بۆیە نووسراوێکمان ئاراستەی ئەنجوومەنی باڵای ئابووری هەرێمی کوردستان کردووە تاوەکو چارەسەرێکی بەپەلە بۆ گرفتی کۆگاکردن بدۆزینەوە".

سوار گوتیشی "داوامان کردووە بودجەیەکمان بۆ دابین بکرێت تاوەکو بتوانین لە هەرسێ پارێزگاکە چەند کۆگایەک بەکرێ بگرین، هەروەها پێشنیازمان کردووە دەستبکرێت بە دابەشکردنی ئاردی چەند مانگێک بۆ ئەوەی لەلایەن هاووڵاتیان خۆیانەوە هەڵبگیرێت".

### 5 ساڵە هاوار دەکات

د.تاڵب موراد، ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری کشتوکاڵ و ئاسایشی خۆراک، ڕەخنە لەبەرپرسانی کوردستان دەگرێت کە وەکو پێویست گرنگییان بەکشتوکاڵ نەداوە. ئەو دەڵێت "نزیکەی 5 ساڵە ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەتم بۆ کاروباری کشتوکاڵ و ئاسایشی خۆراک، دەیان ڕاپۆرتم لەسەر بەرەوپێشبردنی چاندنی گەنم و سایلۆ ئامادەکردووە، بەڵام لەبەر نەوت کەس ئاگای لەکشتوکاڵ و ئاسایشی خۆراک نەماوە".

د.تاڵب پێیوایە ئەگەر بەشێوەیەکی زانستیانە کشتوکاڵ لەکوردستان وەبەرهێنانی تێدا بکرێت، هەرگیز پێویستیان بەهاوردەکردنی خۆراک و بەرهەمەکانی دیکەی کشتوکاڵ نابێت، گوتیشی "تاوەکو دەسەڵاتداران قەناعەت نەکەن کە ئاسایشی خۆراک هێندەی نەوت گرنگە، 17 وەزیری دیکەش بگۆڕدرێت حاڵی کشتوکاڵ و بەرهەمەکانی لەوەی ئێستا باشتر نابێت".

### فرۆشیار زۆرن و کڕیاری کەمن

## سەرۆکی کۆمەڵەی زێڕینگرانی کوردستان:

# فرۆشتنی زێڕ 80% دابەزیوە



زێڕنگرێک : ژنێک گوارەکانی خۆی بۆ کرێی خانوو فرۆشت (فۆتۆ: سیروان عەزیز)

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

مانگی ڕابردوو ئەحمەد شێخانی، بەهۆی دواکەوتنی مووچەکەی، دوا پارچە زێڕی خێزانەکەی فرۆشت کە ملونکەیەک بوو، تاوەکو بتوانێت شیر بۆ منداڵەکانی بکڕێت و قەرزی دووکاندارەکانی پێبداتەوە "بەناچاری ملوانەکەی خێزانەکەمم فرۆشت".

ئەحمەد شێخانی، 26 ساڵ، چوار ساڵە پێشمەرگەیە، ئێستا لە ناوچەی تۆبزاوەی کەرکووک لەچوارچێوەی هێزی پشتیوانیی دوو لە بەرەی جەنگدایە. ئەحمەد باوکی دوو منداڵە کە یەکێکیان شیرە خۆرەیە و ئەوی دیکەشیان تەمەنی کەمترە لە دوو ساڵ.

ئەو پێشمەرگەیە بەهۆی دواکەوتنی مووچەکەی ناچاربووە زێڕی ژنەکەی بفرۆشێت "زۆرم پێناخۆشبوو کە ژنەکەم ملوانکەکەی لە ملی کردەوە و پێیدام بیفرۆشم بۆ شیری منداڵەکەم، بە ناچاری زێڕەکەم بە زەرەر فرۆشت".

بڕینی بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان لەلایەن بەغداوە لە مانگی شوباتی ئەمساڵەوە، وای لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە پشت بە قەرز یان پارەی ئەو بڕە نەوتە ببەستێت کە دەیفرۆشێت، ئەمەش وایکردووە پێدانی مووچەی فەرمانبەران لە کاتی خۆی دوابکەوێت. بۆیە زۆر لە مووچەخۆران ناچاربوونە زێڕی ژنەکانیان بفرۆشن.

زێڕنگران دەڵێن خواست لەسەر کڕینی زێڕ کەمبووە، بەڵام فرۆشتنی زێڕ لەلایەن خەڵکەوە زۆر زیادی کردووە.

موسا مەجید، خاوەنی زێڕنگری باوکی عەلی کە ماوەی 12 ساڵە زێڕینگرە، گوتی "دواکەوتنی مووچە و خراپیی بارودۆخی عێراق، وایکردووە خەڵکێکی زۆر بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ڕۆژانەیان ڕوو لە فرۆشتنی زێڕ بکەن". گوتیشی "زۆربەی ئەوانەی زێڕ دەفرۆشن پێشمەرگەن، دواتریش مامۆستا و فەرمانبەرن".

موسا ڕۆژانە بەچاوی خۆی چەندین پیاو دەبینێت زێڕی ژنەکانیان دەفرۆشن، یان ژنەکانیان خۆیان دێن زێڕەکەیان دەفرۆشن "کەسی وا هاتووەتە لام، بۆ کرێی خانوو گوارەی گوێی خۆی فرۆشتووە".

بەهۆی نەبوونی سیستەمێکی پێشکەوتووی بانکی و کەمیی متمانەیان بەدانانی پارەکانیان لەبانک، بەشێک لە دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لەکاتی زیادبوونی داهاتیان ڕوو لەکڕینی زێڕ و خانوو و زەوی دەکەن، بەڵام زۆرجار بەهۆی دابەزینی نرخ زەرەر دەکەن.

موسا دەڵێت "ڕاستە زێڕ وەک چەکێکی بانکی وایە، بەڵام زۆرجار ئەم چەکە بەهۆی دابەزینی نرخ و داشکاندنی دەستەهەق خاوەنەکەی لەکاتی فرۆشتنی زێڕەکە زەرەر دەکات".

بەپێی ئامارێک کە لە کۆمەڵەی زێڕنگرانی کوردستان دراوەتە (ڕووداو)، لەساڵی 2013 بڕی 116 تۆن زێڕ لەڕێگەی هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانییەوە هاوردە کراوە، بەڵام لە 7 مانگی ڕابردوودا تەنیا 25 تۆن زێڕ هاوردەکراوە، ئەمە لەکاتێکدایە لەشەش مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا بڕی زێڕی هاوردەکراو گەیشتبووە 70 تۆن.

قارەمان جەوهەر، سەرۆکی کۆمەڵەی زێڕینگرانی کوردستان، دەڵێت دواکەوتنی مووچە و وەستانی پێشینەکان و خراپیی بارودۆخی ناوەڕاست و خوارووی عێراق، کاریگەری زۆر خراپی لەسەر بازاڕی زێڕ و هاوردەکردنی داناوە، گوتیشی "ڕۆژانە 10 تا 20 کەس بۆ فرۆشتنی زێڕ ڕوو لەهەر پێشەنگایەکی زێڕ دەکەن، لەبەرامبەریشدا تەنیا چەند کەسێک زێڕ دەکڕن، بۆیە بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو ڕێژەی فرۆشتنی زێڕ 80% دابەزیوە".

گەشتی محەممەد، کە مامۆستایە، لەکاتی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە لە بازاڕی زێڕنگران لە قەیسەری هەولێر دەیویست بەشێک لە زێڕەکەی بفرۆشێت. ناوبراو هۆکارەکەی بۆ وەستانی پێشینەی خانووبەرە گەڕاندەوە و گوتی دوای چاوەڕوانییەکی زۆر دواجار ناچار بووە بۆ تەواوکردنی خانووەکەی زێڕەکانی بفرۆشێ "بەهۆی نەدانی پێشینەی خانووبەرە ناچاربووم زێڕەکەم هەرزانفرۆش بکەم". گوتیشی "لە فرۆشتنی 12 مسقاڵ زێڕدا 500 هەزار دینار زەرەرم کردووە".

ئەیوب ئەنوەر سماقەیی، پسپۆری ئابووری و مامۆستای زانکۆ دەڵێت ئەوانەی بەناچاری بەهۆی دواکەوتنی مووچە زێڕەکانیان دەفرۆشن، دووجار تووشی زەرەر دەبن، جارێک بەهۆی جیاوازیی نرخی کڕین و فرۆشتن، جارێکیش بەهۆی شکاندنی نرخی دەستهەق.

ئەو مامۆستایەی زانکۆ پێیوایە نەدانی مووچە لەکاتی خۆیدا، بەتایبەت بۆ ئەوانەی جگە لە مووچە داهاتێکی دیکەیان نییە، سەرەڕای کێشەی کۆمەڵایەتی، بێمتمانەییش لەنێوان هاووڵاتی و حکومەت دروست دەکات "ئێستا لە قەیرانی نەمانی متمانەداین لە نێوان حکومەت و هاووڵاتی". گوتیشی "ئەم بێمتمانەییە ئەزموونی 20 ساڵی ڕابردووی حکومەتداری هەرێمی کوردستان دەخاتە ژێر پرسیارەوە، کە نەیتوانیووە بەرامبەر بچووکترین قەیران خۆی ڕابگرێت، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر حکومەت پارەی هەیە نەیدات بە خەڵک و بیەوێت خەڵک وەک قەڵغان بەکاربێنێ بۆ ئەوەی بیکاتە کارتی فشار بۆ سەر حکومەتی ناوەندی بۆ فرۆشتنی نەوت، ئەوە کارێکی زۆر خراپە".

ئەو ئابووریناسە بەمافی خەڵکی دەزانێ دوای نەمانی ئەو قەیرانە، داوای قەرەبوو لە حکومەت بکەنەوە، بەهۆی ئەو زیانانەی لە ئەنجامی دواکەوتنی مووچە بەریانکەوتووە.

گارێس ستانسفیلد، بەڕێوەبەری ئینستیتیوتی عەرەبی و ئیسلامی لە زانکۆی ئێکستەری بەریتانی بۆ (ڕووداو):

# قاسم سلێمانی هەمان ڕۆڵی دەیڤد پترایۆس لە عێراق دەبینێت



گارێس ستانسفیلد، شارەزایەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی ئێکستەر. ستانسفیلد کە بەڕێوەبەری ئینستیتیوتی عەرەبی و ئیسلامییە لە زانکۆکەی، لەساڵی 1996 تاوەکو 2001 لە عێراق کاری کردووە، خاوەنی پەرتووکی "قەیران لە کەرکووک"ە کە بە هاوبەشی لەگەڵ لیام ئەندرسن نووسیویانە.
گارێس ستانسفیلد کە لەم ماوەیەدا جارێکی دیکە گەڕایەوە عێراق، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی ڕۆڵی قاسم سلێمانی، فەرماندەی فەیلەقی قودسی ئێران دەکات و دەڵێت ئێستا سلێمانی لە عێراق هەمان ڕۆڵی دەیڤد پترایۆس، فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەبینێت.
هەروەها دەڵێت زیادبوونی ڕۆڵی ئێران لە عێراق بەهۆی نەمانی کاریگەری ئەمریکایە "ئەوەی ئێستا ڕوودەدات دیزاینێکی ئێرانییە بۆ پارێزگاریکردن لە بەغدا".

هەڤپەیڤین: ئەلێکساندەرویتکەمب

### داعش سوودی لە ستراتیژی دژی تیرۆری ژەنەراڵێکی ئەمریکی وەرگرتووە

**ڕووداو: دەتوانم بڵێم لە باشترین کاتدا گەڕاویتەوە بۆ عێراق. تا چەند گرنگیت بە مەسەلەی (داعش) دەدا، پێش ڕووداوەکانی ئەم دواییە؟**

**گارێس ستانسفیلد:** ماوەیەک پێش ئێستا وای بۆچووم کە داعش دەیەوێت هەرێمی جەزیرە دروست بکات، ئەو هەرێمەی کە دەکەوێتە نێوان ڕووباری دیجلە و فورات. ئەمەش کاریگەریی ئاشکرای لەسەر سنووری دەوڵەتەکانی ئێستا دەبێت، چونکە سنوورەکانی ئەم هەرێمە دەکەوێتە نێو خاکی سووریا و عێراقەوە. من ئەوکات بە شرۆڤەکارە ڕۆژئاواییەکانم گوت ناکرێت ڕووداوەکانی سووریا لە ڕووداوەکانی عێراق جیابکرێنەوە. بەڵام ئەوان هەتاوەکو ئێستاش هەر تێڕوانینێکی "دەوڵەت سەنتەر"یان هەیە بۆ شتەکان. لەو کاتە بەدواوە ئەو هەموو زانیاریانە لەسەر پلانە وردەکانی داعش و سوپای پیاوەکانی تەریقەتی نەقشبەندی و بەعسییەکان و خێڵە سوننەکان بەدەرکەوتن. وا ئێستاش بەو بارودۆخەی ئەمڕۆ گەیشتووین.

**ڕووداو: چی وا لە داعش دەکات لە گرووپە جیهادییەکانی دیکە جیاواز بێت؟**

**گارێس ستانسفیلد:** داعش تەنیا کۆمەڵە چەکدارێکی بێ سەروبەر نین. ئەم گرووپە زۆر جددی دیارە. پلانی هەیە، ستراتیژی خۆی هەیە، سەرچاوە و توانای لەبەردەستە. ئەم شتانە ئێستا بۆ ئێمە دەرکەوتوون.

داعش زۆر بەباشی لە ستراتیژی دژە تیرۆری دەیڤد پترایۆس، ژەنەراڵی ئەمریکی فێر بووە. ستراتیژەکەی پترایۆس لە ساڵی 2007 بۆ 2008 ئەوە بوو کە دەیگوت دڵ و مێشکی خەڵکی بۆ لای خۆت رابکێشە پێش ئەوەی دەست بەشەڕ بکەیت، بۆ ئەوەی هێزی دوژمن کەم بکەیتەوە. ئەم ستراتیژە لەلایەن بەریتانیا و ئەمریکاوە دروستکرابوون بۆ ئەوەی ئەلقاعیدەی سەردەمی ئەبو موسعەب زەرقاوی لاواز بکەن. ئەوەی کە ئەمریکی و بەریتانییەکان ئەوکات کردیان ئێستا هاوکاریی داعش دەکات. ئەوان ئێستا فێربوون کە چۆن کۆنترۆڵی ناوچەیەک دەکەن و چۆن دەیپارێزن، چۆنیش خەڵکەکەی دابەش دەکەن. ئێستا پترایۆس باسی ئەمە ناکات، ئەو ئێستا دەڵێت (ڕەنگە ڕاستیش بکات) ئەمریکییەکان دەبووایە ماوەیەکی زیاتر لە عێراق بمێننەوە.

**ڕووداو: ئەوان دەتوانن پشتگیری خێڵە سوننەکان و چەکدارە بەعسییەکان تاسەر بەدەستبێنن؟**

**گارێس ستانسفیلد:** من دڵنیانیم کە ئەوان تەنانەت پێویستیان بەو پشتگیرییە هەیە یان نا. ئێستا ئەوان هاوبەشیان هەیە، کار و چالاکی و ڕۆڵەکانیان دابەشکردووە. ئەم هێرشەی ئێستا ئەوەندەی کە داعشی لە پشتە، ئەوەندەش کۆنە بەعسییەکان لە پشتیەوەن. بە دڵنیاییشەوە ئەو حەوت خێڵەی کە لە ئەنبار بە بەردەوامی پشتگیری ئەلقاعیدەیان دەکرد دەگەڕێنەوە ئەم مەیدانە. ئەوان بە ژمارە زۆرن و زۆر زۆریش ترسناکن. ئەوان ئامانجێکی هاوبەشیان لەگەڵ داعش هەیە کە ڕووخاندنی حکومەتە شیعییەکەی عێراقە.

ئەوان لەگەڵ داعش تەنیا ئەو ئامانجە هاوبەشەیان هەیە. بەڵام بۆ داعش ئامانجی کۆتایی ڕووخانی حکومەتە شیعییەکە نییە. ئامانج لای داعش شەڕەکە بۆ خۆیەتی. ئامانجی داعش بەردەوامبوونی ئەو شەڕە تایفیە و درێژکردنەوەی ئەو شەڕەیە بەنێو تەواوی ناوچەکەدا. ئایا دەیبەنەوە یان نا، ئەوە لێرە و لەوێ نییە. بۆ بەعسییەکان ئامانج دووبارە داگیرکردنەوەی بەغدایە و سەپاندنەوەی دیدگای بەعسییەکانە کە پێیوایە تەنیا خۆیان دەتوانن حوکمی عێراق بکەن و شیعە ناتوانێت. خێڵەکان زۆر هەلپەرست بوون، بەڵام کێ لۆمەیان دەکات؟ ئەوان لە ساڵی 2006ەوە ژیانێکی باشیان بەچاو نەبینیوە.

من هیچ هۆکارێک نابینم کە ئەم هاوپەیمانییە شکست بهێنێت و لەم هاوپەیمانییەشدا نابینم کە داعش گرووپی زاڵ بێت. بە ئاسانی ئەوەمان لە بیردەچێت کە بەعسییەکانی عێراق چەند زۆرن، چەند باش ڕاهێنراون و تا چ ڕادەیەکی باش دڵسۆزییان بۆ دۆزەکەیان هەیە. ئێمە باسی کەسانێک دەکەین کە هەر لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە مێشکیان پڕکراوە. ئەم مێشک پڕکردنەی بەعسییەکان ئەوەندەی مێشک شووشتنەوەی تەریقەتە دینییەکان باو بوو. تەنیا ئەوەی کە سەدام لەدار دراوە، ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو کەلتورە گۆڕاوە. ئەم کەسانە کەسانی زۆر بە توانا و خاوەن باوەڕن و ژمارەشیان زۆر زۆرە. ئەگەر بە بیرت بێتەوە، لە 2003 هێزی تایبەتی گاردی کۆماری شەڕی جددیان نەکرد. زۆربەی گاردی کۆماری هەر شەڕیان نەکرد. جگە لەوانیش تۆڕی پاسەوانە تایبەتەکانی سەدام هەیە کە تا ئێستاش بەتەواوەتی نەدۆزراونەتەوە. هەروەها یەکەیەکی تایبەتی ئەمنیش تا ئێستا نەدۆزراونەتەوە. هەموو ئەم بەعسییە باش مەشقپێکراوانە چوونە سووریا، یان لە موسڵ خۆیان حەشاردا و چوونە یەمەن و وڵاتانی دیکەی کەنداو. ئێستا ئەوانە گەڕاونەتەوە.

هاوبەشییەک هەیە و ئەمانە زۆر بە چاکی تەواوکەری یەکدین. بە ڕوانین لە حوکمڕانییان لە موسڵ، دەبینین تا چەند و چۆن بەباشی یەکدی تەواودەکەن. ئێستا ئەوان عەقیدێکی بەعسییان لە موسڵ کردووە بە پارێزگاری شارەکە و دابەشکردنی دەسەڵات بەڕوونی دیارە. ڕەنگە فێڵ لەیەکدیش بکەن، بەڵام تاوەکو ئێستا شتەکانیان بەڕێکی دەگوزەرێنن. خێڵەکانیش بە جوانی لەو هاوکێشەیەدا جێگەیان دەبێتەوە. هەرچەندە هەندێکیان لە ڕابردوودا هاوکاری سەرۆک وەزیرانی عێراق، مالیکییان کردووە، بەڵام ئەوان زۆر هەلپەرستن.

**ڕووداو: پێتوایە ئێران بەم زووانە هاوکاری زیاتر ڕەوانەی عێراق دەکات؟**

**گارێس ستانسفیلد:** ئەگەری ئەوە زۆرە. ئەمە مەترسییە بۆ ئەمریکییەکان. چەند ڕۆژێک دوای ئەوەی کە موسڵیان داگیرکرد، ئەبوبەکر بەغدادی ڕایگەیاند کە ئامانجی ئەوان نەجەفە. ئەمەش لە عەقڵیەتی سەلەفیە جیهادییەکاندا جێگەی خۆی هەیە. ئەوان دەیانەوێت ئەوەی کە چەند سەد ساڵ لە مە و بە ر وەهابییەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبی لە نەجەف کردیان دووبارەی بکەنەوە، ئەویش لەناوبردنی مەزارگە پیرۆزەکانە.

ئەم یادەوەریانە گرنگن، ڕەنگە لە یادەوەری ڕووداوەکانی 2007یش گرنگترین کاتێک کە سوننەکان شیعەیان دەکوشت و شیعە بە دریل سەری سوننەی کون دەکرد. یادەوەری مێژوویی درێژخایەنن. شیعەکان وەدەرنانەکەی نەجەف (چەند سەد ساڵێک لەمەوبەر)یان لە بیرە و داعش ئەوەی لە بیرە. ئەمە شتێکە کە ڕۆژئاواییەکان هیچی دەربارە نازانن. چونکە ئێمە کار لەسەر خولی چوار ساڵەیی هەڵبژاردنەکان دەکەین. بینیمان چی ڕوویدا کاتێک کە مەزارگەکەی عەسکەری لە سامەڕا لە 2006 تەقێندرایەوە، دۆزەخ هاتە سەر زەوی. ئەگەر شتێک لە نەجەف ڕووبدات یان لە مەزارگەیەکی دیکە، توندوتیژییەکان بۆ ئاستێکی تەواو جیاواز بەرزدەبێتەوە.

حەسەن ڕووحانی، سەرۆکی ئێران خۆی گوتی کە ئێران لە ئەگەرێکی ئاوادا تەدەخول دەکات بۆ پاراستنی مەزارگەکان. ئەگەر داعش لە داگیرکردنی پارچەیەکی بەغدا سەربکەوێت، ئەگەری تەدەخولی ئێرانی زۆر دەبێت. چونکە ئەگەر لە بەغدا شەڕ بکەیت شار و شارۆچکەکانی دەوروبەریشی دەڕووخێن و ئەوەش زۆر لە کەربەلا و نەجەفەوە دوور نییە. ئەوان قاسم سلێمانییان هەیە لەوێ، زۆر کاتیشی ناوێت، ڕەنگە یەک ڕۆژی پێویست بێت تاوەکو سوپای پاسداران بگەنە ئەوێ. ئەگەر پێیانوابێت کە بەغدا دەکەوێتە دەستی داعش یان سوننەکان، ئەوان شتێکی لەو جۆرە دەکەن.

شتەکان زۆر گۆڕاون. لە 2007 بۆ 2008 دەیڤد پترایۆس خەریکی ڕێکخستنی بەرگریکردن بوو لە بەغدا و هێزەکانی ئەمریکای لە ناو بەغدا جێگیر دەکرد. ئێستا قاسم سلێمانی هێز جێگیر دەکات و میلیشیاکانی بەرگریکردن ڕێکدەخات. ئەمریکی لەوێ نین. ئەوەی ئێستا ڕوودەدات دیزاینێکی ئێرانییە بۆ پارێزگاریکردن لە بەغدا.

**ڕووداو: تورکیا سیاسەتی هاوکاریکردنی داعش دەگۆڕێت؟**

**گارێس ستانسفیلد:** ئەو سیاسەتە پێشتر گۆڕاوە، تەنانەت پێش ئەوەی ئەم شتانە ڕووبدەن. ماوەیەک بوو تورکیا خۆی لە داعش بەدوور دەگرت، ئەویش دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت داعش چەندە ترسناکە. بەشێوەیەکی گشتی تورکیا بێدەنگ بووە. سەرۆک وەزیران تەیب ئەردۆغان وازی لە کامپینەکەی لە ئەوروپا هێناوە. باسی شەڕی تورکمانەکان لە تەلەعفەر و شوێنەکانی دیکە (لەگەڵ داعش) ناکات. وا دەردەکەوێت کە تورکیا زۆر لە نزیکەوە چاودێری بارودۆخەکە دەکات و ئێستا هەست بە ئارامی دەکات لە پەیوەندیەکانیدا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەوەی کە ڕوودەدات ئەنقەرە و هەولێر زیاتر لەیەک نزیکدەکاتەوە.

هەروەکو چۆن ئێران پارێزگاری لە بەغدا دەکات بۆ پاراستنی کەربەلا و نەجەف، تورکیاش پارێزگاری لە کوردستان دەکات بۆ ئەوەی ڕێگری لە پێشڤەچوونی داعش بگرێت، هەروەها بۆ ئەوەی سەرچاوەی وزەی خۆی بپارێزێت. ئێستا لە هەرکاتێکی دیکە زیاتر تورکیا پێویستی بە نەوت و گازی کوردستانە. ڕەنگە لەبەر ئەمە بێت کە تورکیا بێدەنگە.

**ڕووداو: ئەگەری ئەوە هەیە کە پێشمەرگە هێرش بکاتە سەر داعش؟**

**گارێس ستانسفیلد:** هێزی پێشمەرگەی کوردستان و زێرەڤانی بەشێوەیەکی زۆر پراکتیکیانە ڕێکخراون. ئەوان وا دانراون کە پارێزگاری لە سنووری کوردستان بکەن، بەڵام لە ڕاستیدا هەرگیز سنوورێکی ڕوونی دیاریکراو بۆ کوردستان نەبووە. بڵاوبوونەوەیان بە نارێکی ئەنجامدراوە و لە ناوچە کێشەلەسەرەکان پەرتوبڵاون، بارەگایەکیان لێرەیە و بارەگایەکیان لەوێیە. هەموو ئەو شتانەی کە دژی تیرۆر هەیانە بەشێوەیەکی کاریگەر لە شارەکاندا بەکاریانهێناوە. لەهەر شوێنێک کە سەرکردەیەکی سیاسی کورد سەردانی کردبێت پاسەوانەکانیان لە هێزی پێشمەرگە چوونەتە ئەوێ. بەڵام ئێستا و بۆ یەکەمجار لە مێژوودا لە پڕێک سنوورێکی دیاریکراویان هەیە. ئەو سنوورەش داعش دروستی کردووە. سنوورێکی یەک هەزار کیلۆمەتری، تەنانەت بۆ سوپایەک کە قەبارەکەشی بە قەد قەبارەی سوپای کوردستان بێت، زۆر دوورودرێژە و پارێزگاریکردنی ئاسان نییە. بەتایبەت ئەگەر دوژمنەکەت بتوانێت هەموو هێزەکانی وەکو مستەکۆڵەیەک کۆبکاتەوە و ئینجا لە یەک شوێنەوە بە مستەکۆڵەیەک خۆی بهاوێتە ژوورەوە. لەبەرئەوە پرسیارەکە لێرە پرسیاری هێرشکردنە سەر داعش نییە، بەڵکو پرسیاری پارێزگاریکردنە لە کوردستان.

داعش ئەنگێزەیەکی هێرشبەرانەی هەیە. کوردستانیش لە پێگەیەکدا هەڵکەوتووە کە دەبێت زۆر بەرگریکارانە بیر بکاتەوە. ئەمە بەرگریی وەکو ڕۆژانی کۆن نییە بە پێشمەرگەی ئۆریجناڵەوە، ئەو پێشمەرگانەی کە دەیانتوانی بۆ سەر چیاکان هەڵبێن و پارێزگاری لە بیرۆکەی کوردستان بکەن. ئێستا چیدی شەڕ دەربارەی پاراستنی بیرۆکەی کوردستان نییە، ئێستا شتەکە دەربارەی پاراستنی کوردستانە. کوردستان واتە شارەکان و خەڵکەکەی کە دەکرێت بڵێین زۆرینەیان شەڕخواز نین.

لە ڕۆژانی کۆندا هەموو کوردێک ئامادەبوو بڕوات بۆ جەنگ. بەڵام ئێستا کورد خاوەنی کۆمەڵگەیەکی شارنشین و خاوەن شارستانیەتە و بەهەمانشێوەی جاران بیر لە شەڕ ناکاتەوە. لەبەرئەوە ئێستا پێویستە تەرکیزی زۆر بکرێتە سەر ئەوەی کە چۆن پاراستنی کوردستان ڕێکبخرێت. لەم کاتەدا کە داعش تەرکیزی لە شوێنێکی دیکەیە و پێدەچێت ئاگربەستێک هەبێت، ئەوان هێرش ناکەنە سەر کوردستان.

بەڵام لە هەمانکاتیشدا، داعش دەستیکردووە بە جموجۆڵ لەگەڵ کوردستان، بە فڕاندن و ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو، هەروەها پڕوپاگەندەی هێرش بۆ سەر کەرکووک. هەر بەمشێوەیەش داعش موسڵی نەرم کردەوە. هەمان شتیان لە سامەڕاش کرد: جموجۆڵ، بڵاوکردنەوەی زانیاری، هەڵمەتی سایکۆلۆژی، فڕاندنی چەند کەسێک و کوشتنیان بەشێوەیەکی زۆر خراپ، چەند هێرشێکی شکستخواردووی بچووک بچووک، ئینجا هێرشە گەورەکە دێت.

من شارەزای بواری سەربازی نیم، بەڵام پێموایە کە شێوازی بەکارهێنانی پێشمەرگە لە پێش 6/10 و دوای 6/10 دەبێت گۆڕانکاری بەسەردا بێت. بەدیل ئەوەیە کە هێرش بکەیتە سەر موسڵ، بەڵام ئەوە وەکو قومارێکی زۆر گەورەی لێدێت، چونکە ئەنجامەکە هەرچییەک بێت هێشتا هەر داعش دەبێتەوە دراوسێی لای باشوور.

**ڕووداو: کوردستان تاوەکو چەند لە سەربەخۆیی نزیکبووەتەوە، ئەگەر بە پێش 6/10 بەراوردی بکەین؟**

**گارێس ستانسفیلد:** حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێچکەیەکی بچووکی هەیە تا پێیدا تێپەڕێت. حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبینێت وا سەربەخۆیی لە بەردەستیدایە، بەڵام مەترسییەکی زۆر لەوە هەیە کە زوو دەستی بۆ ڕابکێشێ. ئێستا عێراق بەسەرخۆیدا دادەڕووخێت. حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێتە تەنیا حکومەت کە لە وڵاتەکەدا بوونی هەبێت. کەوابێت بۆ ئێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەخۆی ڕاست بکاتەوە و ئەو عێراق دابەش بکات!

ڕێگری زۆر گەورە لە سەربەخۆیی کوردستان، ئیدارەی ئەمریکایە کە زۆر حەزی لە کوردستانێکی سەربەخۆ نییە، تەنانەت حەز بە پەرەسەندنی زیاتری ئۆتۆنۆمی کوردستان لەوەی کە ئێستا هەیە ناکات. بەڵام دەکرێت بگوترێت ئەمریکییەکان لێرە چیدی ئەو دەسەڵاتە بەهێزەیان نەماوە، بۆیە ڕەنگە چاوپۆشی لە سەربەخۆیی بکەن.

**ڕووداو: دەبێت کوردستان مادەی 140 جێبەجێ بکات، ئەو مادەیەی کە ڕێگە بە هاووڵاتیانی ناوچە کێشەلەسەرەکان دەدات دەنگ بۆ هاتنە پاڵ هەرێمی کوردستان بدەن لە ڕێگەی ریفراندۆمەوە؟**

**گارێس ستانسفیلد:** هەر پێویست نییە ئەوە بکەن. ئەگەر باس لە ناوچە کێشەلەسەرەکان دەکەیت، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت هەر هەمان وتەکانی حکومەتی عێراق لە دژی خۆی بەکاربهێنێتەوە. حکومەتی عێراقی دەیگوت مادەی 140 ئێکسپایەر بووە، چونکە کات بۆ جێبەجێکردنی نەماوە. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئێستا دەتوانێت بڵێت: "ئێمە دەسەڵاتی دیفاکتۆمان لە ناوچەکەدا هەیە و دەتوانین لە ڕێگەی ریفراندۆمێکی خۆمانەوە ئەو دەسەڵاتە بکەین بە دەسەڵاتێکی یاسایی".

### وەک چۆن ئێران پارێزگاری لە نەجەف و کەربەلا دەکات تورکیاش کوردستان دەپارێزێ

### قەیرانی عێراق، هەولێر و ئەنقەرە زیاتر لە یەک نزیکدەکاتەوە

### داعش کۆمەڵە چەکدارێکی بێ سەروبەر نین، زۆر جددین

### ئەمریکا چاوپۆشی لە سەربەخۆیی کوردستان دەکات

### هاوپەیمانیی داعش و سوننەکان شکست ناهێنێ

### هێرشی پێشمەرگە بۆ سەر داعش وەکو قومار وایە

## کەلهوڕی بە 10 هەزار دۆلار جیادەبێتەوە



**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژ دەشتی کەلهوڕی نوێترین بەرهەمی خۆی کلیپ دەکات و دەشڵێ کە پارەیەکی زۆری لەم بەرهەمە خەرجکردووە.
دەشتی کەلهوڕی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "جودایی، نوێترین کلیپی منە کە بە ماندووبوون و خەرجییەکی زۆر تەواوم کرد". کەلهوڕی خۆی ئاوازی بۆ گۆرانییەکە داناوە کە لە تێکستی ئەحمەد محەممەدە و لەلایەن کۆمپانیای zmo بەرهەمهاتووە. دەشتی کەلهوڕی ئاشکری کرد کە 10 هەزار دۆلاری لەو گۆرانییەدا خەرجکردووە.

# دڵنیا قەرەداخی لە جەژنی نەتەوەیی میسر کەپڵاندی

## هاوسەرگیرییەکەی شوانی برای تووشی شۆک دەکات



**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

هاوسەرگیرییەکەی دڵنیا قەرەداخی لەگەڵ کونسوڵی میسر لە هەولێر، دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە نێو خەڵک و خێزانەکەی خۆیشی دروستکرد. گەیشتە ئەو ڕادەیەی شوان قەرەداخی برای بێتە دەنگ و خۆی لە خوشکەکەی بێبەری بکات. دڵنیاش بەڵێن دەدات گەورەترین ئاهەنگی هاوسەرگیری ساز بکات.

بە کەسایەتی کونسوڵ سەرسام بووە کەسایەتی کونسوڵی میسر وا لە دڵنیا قەرەداخی دەکات سەرسامی بێت و زوو بەداخوازییەکەی ڕازیبێت، هەرچەندە دڵنیا دەڵێت کاتیان نەبووە بۆ پەیوەندی خۆشەویستی، بەڵام وەک دوو عاشقی گەنج بە هاوسەرگیرییەکەیان خۆشحاڵن "ئێمە کاتی خۆشەویستیمان نەبوو، چونکە دوو مانگ نابێت یەکدیمان ناسیوە و تەنیا شتێک وای لە من کرد کە ڕازی بم، ئەویش کەسایەتی کونسوڵ بوو کە زۆر بەرزە، لەگەڵ ئەوەشدا حەزم دەکرد ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێک پێکبهێنم کە ڕێز لە هونەر بگرێت".



### تەمەن گرنگ نییە

سلێمان عوسمان، تەمەنی 50 ساڵە، دەمێکە لە هاوسەرەکەی جیابووەتەوە و هۆکارەکەشی بۆ نەگونجان گێڕاوەتەوە، بەڵام بە هاوسەرگیری لەگەڵ دڵنیا زۆر خۆشحاڵە و دەڵێت "زۆر دڵخۆشم کە هاوسەرگیریم کردووە لەگەڵ هونەرمەند دڵنیا قەرەداخی، چونکە ئەو خاوەن کەسایەتیەکی جیاوازە".

هەرچەندە سلێمان عوسمان 13 ساڵ لە دڵنیا گەورەترە، بەڵام دڵنیا قەرەداخی کە تەمەنی 37 ساڵە، تەمەن بە ڕێگر نازانێت و پێیوایە خۆشەویستی گرنگترە لە تەمەن، لەوبارەیەوە دەڵێت "تەمەن گرنگ نییە، ئەو خۆشەویستییەی کە لە نێوانماندا لە دوو مانگی ڕابردوودا دروستبووە، لە هەموو شتێک گرنگترە".

دڵنیا قەرەداخی لەگەڕەکی ڕزگاری شاری سلێمانی لەدایکبووە و سێی ناوەندی تەواو کردووە، تاوەکو ئێستا دووجار ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە، چەند ساڵێک لەمەوبەر لە هاوسەری دووەمی (ئاری حەمە سەعید) جیابووەتەوە کە خاوەنی منداڵێکن بە ناوی ئاریۆس.

### گۆرانی بەیەکدیان دەناسێنێ

دڵنیا دەستپێکی ناسینی کونسوڵی میسری بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "سەرەتای ناسینمان لە یادی جەژنی نەتەوەیی میسر بوو، لەوێ من وەکو گۆرانیبێژ داوەتکرابووم و چەند گۆرانییەکم پێشکەش کرد و ئاهەنگەکەم بەڕێوەبرد، لەوێ یەکدیمان ناسی و خۆشەویستیمان دەستی پێکرد".

دڵنیا قەرەداخی دەربارەی ڕێوڕەسمی ئاهەنگگێڕان بۆ ڕۆژی گواستنەوەیان گوتی "من و سلێمان عوسمان، هەموو ئامادەکارییەکمان کردووە بۆ هاوسەرگیری، خنوبەمان کردووە و بۆ گواستنەوەش گەورەترین ئاهەنگ سازدەکەین".

سەبارەت بەشوێنی نیشتەجێبوونیان دوای هاوسەرگیری، دڵنیا دەڵێت "گرنگ نییە بۆ من لە کوردستان نیشتەجێبم، یان لە میسر، گرنگ ئەوەیە ئێمە بەیەکەوە بین، بۆ شوێنی ئاهەنگگێڕانیش هیچ تێبینییەکم نییە لە هەرکوێ بێت".

دڵنیا دەشڵێ لە کوردستان بە ڕەسمی مارەکراوە و دوای ئەو گەشتە کە بەنیازە بۆ میسر بیکات بە فەرمی بۆ هەموو لایەک هاوسەرگیرییەکەیان بڵاودەکەنەوە.

کونسوڵ گرنگی بە فۆلکلۆری کوردی دەدات

دڵنیا قەرەداخی دەڵێت کونسوڵ زۆر حەزی لە فۆلکلۆری کوردییە و پێی خۆشە من زیاتر گرنگی بە فۆلکلۆری کوردی دەدەم، کە ئێستا ئەلبوومێکی نوێم لەبەردەستە، لەوبارەیەوە زانیاری زیاتری خستەڕوو "ئەلبوومەکەم لە 10 تراک پێکهاتووە و گشت بەرهەمەکانیشم فۆلکلۆرن، هاوسەرەکەشم زۆر دڵخۆشە کە گرنگی زۆر دەدەم بە فۆلکلۆری کوردی و هیچ ڕێگرییەکیشی نەکردووە بۆ ئەوەی چ بەرهەمێکی گۆرانی هەڵبژێرم بۆ گوتنەوە، ئەمەش زیاتر دڵخۆشم دەکات".

### براکەی حاشای لێدەکات

ئەم هاوسەرگیرییەی دڵنیا قەرەداخی، شوانی برای تووشی شۆک کردووە، دوای ئەوەی وەک خەڵکی لەڕێگەی (ڕووداو)ەوە هەواڵەکەی زانیوە، ئەمە بەجۆرێک تووڕەی کردووە کە بێبەریبوونی خۆی لە دڵنیا بە ئاشکرا ڕابگەیەنێت. شوان قەرەداخی دەڵێت "لەڕێگەی ڕووداوەوە زانیم کە دڵنیا شووی بە کونسوڵی میسر کردووە، بەڕاستی تووشی شۆک بووم، من بەهەموو شێوەیەک ئەو هاوسەرگیرییە ڕەتدەکەمەوە. لە کاتێکدا ئێمەی کورد شەڕمانە لەگەڵ عەرەب، خوشکی من دەچێت شوو بە عەرەبێک دەکات".

شوان هەرچەندە گوتی هەموو کچێک مافی شووکردنی هەیە، بەڵام دەڵێت لە ئێستاوە دڵنیا خوشکی ئەو نییە "چونکە ئێمە کەسێکی ئاسایی نین و ئێمە موڵکی کوردستانین وەک هونەرمەند، لاریم نەدەبوو ئەگەر دڵنیا شووی بە کوردێک بکردایە، بەڵام عەرەب دوژمنی گەورەی ئێمەیە، دیسانەوە دەیڵێمەوە لەم ساتەوە خوشکی من نییە".

بەڵام (ڕووداو) زانیویەتی کە باوکی دڵنیا قەرەداخی ئاگاداری شووکردنی کچەکەیەتی و دڵنیاش پرسی بە باوکی کردووە و ئەو ڕازی بووە.

---

## حەسەن شەریف بۆ (ڕووداو):

# من بازرگانە ڕەشەکان دەژێنم

**لەگەڵ دووبارەکردنەوەی گۆرانییە کۆنەکان نیم**



هونەرمەند حەسەن شەریف کە بە هونەرمەندی پێشمەرگە ناسراوە، دوای ڕاپەڕین چووە ئەوروپا و لە میدیای سەر بە PKK نزیک بووەوەو چەندین کاری هونەری لەگەڵ کردن. ئەو دەڵێت "هەر کەناڵێک خزمەتی نەتەوە بکات کاری تێدا دەکەم". ئەمە پێوەری کارکردنی حەسەن شەریفە لەگەڵ کەناڵەکان.
دوای ئەوەی گەڕایەوە شاری دهۆک لە باشووری کوردستان، وەک خۆی دەڵێت هیچ کارێک ناکات و ئێستا مووچەخۆری پارتییە. بەڵام دەڵێت نزیکبوونەوەی لە پارتی لەسەر حیسابی PKK و هیچ حیزبێکی دیکە نییە. ڕەخنەش لەو هونەرمەندانە دەگرێت کە خۆیان بەبێ لایەن نیشان دەدەن و دەڵێت "ئەوانەی ئامادەنەبوون ئاڵای پارتی ڕابوەشێنن لە من سوودمەنتر بوون لە پارتی".

هەڤپەیڤین: عوبەید ڕەشاڤایی

**ڕووداو: دەمێکە بێدەنگی و بەرهەمی تازەت نییە؟**

**حەسەن شەریف:** ئەلبوومێکم ئامادەیە، بەڵام لەبەر ڕەوشی ئێستای کوردستان بڵاومان نەکردووەتەوە. ئەلبوومەکەم لە 18 ستران پێکدێت کە لەسەر شێوازێکی نوێ تۆمارکراوە و بەشێوەزاری بادینییە، تەنیا یەک گۆرانی سۆرانییە، بەنیازبووین لە جەژنی ڕەمەزاندا بڵاوی بکەینەوە، بەڵام ئێستا ناتوانین، چونکە ئەو کۆمپانیایەی بەرهەمەکە چاپ دەکات پارەیەکی زۆری دەوێت و ناتوانین ئەو ژمارەیە چاپ بکەین کە ئێمە دەمانەوێت.

**ڕووداو: بۆچی گۆرانی سۆرانیت کەمە؟**

**حەسەن شەریف:** شێوەزاری سۆرانی هونەرێکی دەوڵەمەندی هەیە و بەڕێزەوە لێیدەڕوانم. شەش حەوت گۆرانی سۆرانیم هەیە، لەهەر ئەلبوومێکدا گۆرانییەک یان دووان بە سۆرانی دەڵێم، بەڵام ئەگەر نەشبێت هیچ کێشەیەک نییە، دەبێت ئەو جیاوازییە نەمێنێت، بادینی بە ئاسانی گوێ لە گۆرانی سۆرانی بگرێت و سۆرانیش بە هەمانشێوە. من لە منداڵییەوە گوێ لە گۆرانییەکانی مەزهەری خالقی دەگرم. بەڵام ژمارەیەکی زۆر کەمی خەڵکی سلێمانی گوێ لە گۆرانی بادینی دەگرن، ئەگەر گوێش بدەنە بادینی، گوێ لەو گۆرانیبێژانە دەگرن کە سۆرانین و بە بادینی گۆرانی دەڵێن.

**ڕووداو: بەم دواییە زیاتر ڕووت لە فۆلکلۆر کردووە، بۆچی؟**

**حەسەن شەریف:** ئێمە فۆلکلۆرمان زۆر دەوڵەمەندە. ئەگەر مرۆڤ چوارچێوەیەکی جوانی بۆ دروست بکات، ڕۆحێکی جیاواز دەبەخشێتە گۆرانییەکە. من لەگەڵ ئەوە نیم مرۆڤ کاری کۆن دووبارە بکاتەوە، ئێستا لە بەرهەمەکانی مندا دوو جۆر گۆرانی هەیە، یەکێکیان بەشێوەی سەردەمی ئێستا، ئەوی دیکەش فۆلکلۆرە، بەڵام بەشێوەیەکی مۆدێرن.

**ڕووداو: پێشتر گوتبووت هونەرمەندی کورد وەک پێخۆرێکە بۆ بازرگانان، ئێستاش هەمان بۆچوونت هەیە؟**

**حەسەن شەریف:** بەڵێ ئێستاش هەمان بۆچوونم هەیە. ئامانجەکەمان هێشتا پێنەگەیشتووە، دوای دوازدە بەرهەم و دەیان سنگڵ و سروود، هێشتا هەر بەناوی بەرهەمی هونەری شت بڵاودەکەینەوە، لەلایەنی ئابووری کێشەمان هەیە. دەبێت سەری خۆمان لەبەر هەندێک کەسان دانەوێنین تاوەکو بەرهەمەکانمان بۆ چاپ و بڵاوبکەنەوە، بۆ ئەم بەرهەمەشم هەمان ترسم هەیە، دواتریش بازرگانی پێوەدەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا کەناڵەکانی کوردستان پارە بە کلیپ نادەن، ئەگەر حەز بکەن بڵاوی دەکەنەوە، ئەگەر نا دەچێتە ئەرشیڤەوە.

**ڕووداو: تاوەکو ئێستا هیچ سوودێکی ئابووریت لە کەناڵەکانی کوردستان وەرگرتووە؟**

**حەسەن شەریف:** هیچ، تەنیا دوو گۆرانیم لەلایەن کەناڵی کۆڕەکەوە بۆ کلیپکراوە و سوپاسیان دەکەم، ئەویش هیچ سوودێکی شەخسی بۆ من نەبووە.

بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری و هونەری بۆ بەرهەمی من بەناوی "برینا ئاڤێ" پشتگیری کردم، بەڵام بەئاوداچوو، بازرگانانی ڕەش جگە لە کۆپیکردنی بەرهەمەکانمان دووبارە و چەندبارە لەچاپی دەدەنەوە و ژمارەیەکی زۆریشی لێدەفرۆشن. ئەوان تاوەکو ئێستاش ئەو بەرهەمانەم دەفرۆشن کە لە هەشتاکاندا تۆمارم کردوون، بەبێ ئەوەی سوودیان بۆ من هەبێت. ئەوانەی ئەو کارانە دەکەن بێویژدانترین کەسن.

**ڕووداو: زۆر قسە لەسەر ئەوە دەکرێت کە ئێستا تۆ بەلای لایەنێکی سیاسیدا شکاویتەوە، تۆ لەوبارەیەوە دەڵێی چی؟**

**حەسەن شەریف:** زۆر کەس لەناو هەندێک لایەن دەڵێن بۆ ئێمە وابکە و ئەم گۆرانییەمان بۆ بڵێ، بەڵام مرۆڤ دەبێت کەسێکی نەتەوەیی بێت، من ئەوە ناکەم، بۆیە هیچ لایەنێک سانسۆری لەسەر گۆرانییەکانی من دانەناوە. هەندێک کەسی خۆپەرست هەن دەیانەوێت بتشکێنن.

لەم مانگەدا گەورەترین ئاهەنگ لە برۆکسل سازدەکرێت بۆ پشتیوانیی کوردی ڕۆژئاوا، منیش بەشداردەبم. ماوەیەک پێش ئێستا ڕەخنەم لێگیراو دەیانگوت بووەتە باکووری، چونکە زۆر لە کەناڵەکانی سەر بە PKK دەردەکەوتم، لەسەر ئەوەش ڕەخنەم لێگیرا کە بەشداری ئاهەنگی بانگەشەی لیستی پارتیم کردووە، بەڵام من بەو شێوەیە بیرناکەمەوە، گرنگ ئەوەیە بۆ کورد کار دەکەم.

**ڕووداو: پشتیوانی تۆ بۆ پارتی لەسەر بنەمای ئەوە بوو کە سوودمەندبووی لە پارتی؟**

**حەسەن شەریف:** باوەڕ بکە خەڵکی بیانی و خۆیی لە من زیاتر سوودمەندبوونە لە پارتی. بەڵام نامەوێت ناوی یەکە بەیەکەی ئەوانەت پێ بڵێم، ئەو یارمەتیەی دەدرێتە هەندێک ژن، هیچ جار نەدراوەتە من. من ناڵێم هیچم بۆ نەکراوە. لە ئاهەنگی بانگەشەی پارتی ئاڵای

**ئەو هونەرمەندانەی ئاڵای پارتی ڕاناوەشێنن لە من سوودمەنترن**

پارتییان دایە دەستی من، باشە بۆچی هەڵینەگرم؟ هەندێک هونەرمەند ئاڵای زەردیان هەڵنەگرت، بەڵام لە من زیاتر سوودمەند بوونە لە پارتی.

**ڕووداو: پەیوەندیت لەگەڵ PKK ماوە؟**

**حەسەن شەریف:** بەڵێ ماوە، پێش چەند ڕۆژێک ستێرک تیڤی پەیوەندییان پێوەکردم و گوتیان ئاهەنگێکی مەزن بۆ پشتگیری ڕۆژئاوا هەیە، بەو هیوایەی دەنگی من ببێتە خۆشی بۆ منداڵانی ڕۆژئاوا من 100 ستران دەڵێم.

ڕۆژی 19ی ئەم مانگە میوانی ڕۆناهی تیڤی بووم.

**ڕووداو: هیچ مووچەیەک لە پارتی وەردەگری؟**

**حەسەن شەریف:** بەڵێ لە پارتی مانگانەیەک وەردەگرم، من چەندین ساڵە خزمەتی هونەری کوردی دەکەم بە تایبەتی لەسەردەمی شۆڕشدا، دەبووایە ئەوان ژیانێکی زۆر باشتریان بۆ من دابین کردبایە.

**ڕووداو: تۆ کە مووچەخۆری پارتیت، دەتوانی ڕەخنەی لێبگری؟**

**حەسەن شەریف:** ئەگەر مرۆڤ لەبن سێبەری چەترێکدابێت کە وەکو باوکێک بێت بۆی، دەتوانێت ڕەخنەی لێ بگرێت؟ لەگەڵ ئەوەش زۆرجار ڕەخنەم لە پارتی گرتووە و لە گۆرانییەکانیشمدا ڕەنگیداوەتەوە.

**پەیوەندیم لەگەڵ PKK ماوە و نزیکیم لە پارتی لەسەر حیسابی ئەوان نییە**

## ئاتەش خەڵاتی شەڕەف وەردەگرێت



**رووداو- بەرلین**

رۆژی 2014/7/10 یواخیم غاوک، سەرۆککۆماری ئەڵمانیا خەڵاتی شەڕەفی ئەڵمانیای بەخشییە 25 کەسی بیانی ئەو وڵاتە. لە نێو خەڵاتکراوەکاندا پارێزەری کورد سەیران ئاتەشی تەمەن 51 ساڵان هەیە. سەیران خەڵاتی پلە یەکی وەرگرت. سەرۆککۆمار لە قسەکانیدا لە ڕێوڕەسمی خەڵاتکردنەکەدا باسی سەیران ئاتەشی کرد و گوتی "سەیران ئاتەش نووسەر و پارێزەرێکی بەناوبانگە لە بواری مافی مرۆڤ. خەبات بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی خۆش بۆ پەنابەران دەکات. ئەو نزیکەی 25 ساڵە چاودێری ئەو ژن و کچانە دەکات، کە لە وڵاتە ئیسلامییەکانەوە هاتوونەتە ئەڵمانیا و لێرە دەژین".

# پەرلەمان کەتەلۆنییەکانی شەرمەزاری کورد کرد

## "ئەگەر پرۆژەکە تەنیا دەربارەی کورد بووایە پەسەند دەکرا"

**ئەلێکساندرا دی ستیفانۆ**
**رووداو- بەرشلۆنە**

رەتکردنەوەی سەربەخۆیی بۆ کوردستان لەلایەن پەرلەمانی هەرێمی کەتەلۆنیای ئیسپانیا کە کار بۆ هەمان ئامانجی سەربەخۆیی دەکات، بەرەوڕووی رەخنەی زۆری کورد و کەتەلۆنییەکان بووەوە.

کەتەلۆنییەکان داوای سازدانی رێفراندۆمێک بۆ جیابوونەوە لە ئیسپانیا دەکەن کە بڕیارە لە مانگی تشرینی دووەمی ئەمساڵ بەڕێوەبچێت. لەکاتێکدا عێراقیش بەرەوڕووی قەیرانێکی قووڵ بووەتەوە، دانیشتووانی هەرێمی کوردستان نیازی خۆیان بۆ سەربەخۆیی لەڕێی سازدانی رێفراندۆمەوە راگەیاندووە.

هەفتەی رابردوو پەرلەمانتارانی هەرێمی کەتەلۆنیا پرۆژە بڕیارێکیان رەتکردەوە کە تایبەت بوو بە پشتیوانی لە مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ کورد و فەلەستینییەکان و بیابانی رۆژئاوا لە مەغریب.

ئەو پرۆژەیە لەلایەن گرووپی (GP Mixt) پێشنیاز کرا کە لە چەند گرووپێکی چەپی ئەو هەرێمە وەک EUiA_ICV و گرووپی کەپ پێکدێت.

پارتی دەسەڵاتداری راسترەوی هەرێمەکە (CIU) کە گەورەترین کوتلەی پەرلەمانە و داوای ریفراندۆم و راگەیاندنی سەربەخۆیی بۆ کەتەلۆنیا دەکات، لە پشت ئەو دەنگدانەوە بوو.

بەڵام پارتی سۆسیالستی کەتەلۆنیاش خۆی بەدوورگرت لە دەنگدان بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ کوردستان، کەچی پشتگیری لە سەربەخۆیی فەلەستینییەکان و سازدانی ریفراندۆم لە بیابانی رۆژئاوا کرد.

هەندێک لەو پارتانەی کە لەدژی پرۆژەکە دەنگیان دابوو، لەلایەن میدیای ئیسپانیاوە بە جێبەجێکردنی سیاسەتی "دووڕوویی" تاوانبارکران. ئەمە جگە لەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئەو پەرلەمانتارانە بە "دووڕوو" ناوبران.

CIU لە ئیسپانیا کە لە چەند پارتێکی چەپ پێکدێت، دەیەوێت لە مانگی تشرینی دووەمی داهاتوودا داوا لە حەوت ملیۆن و نیو دانیشتووی کەتەلۆنیا بکات دەنگ بۆ جیابوونەوە لە ئیسپانیا بدەن. بەڵام مەدرید ئەو داوایەی رەتکردووەتەوە و بە "نادەستووری" ناوی دەبات.

"خەڵکی کوردستان چاوەڕێی پەرلەمانتارانی هەرێمی کەتەلۆنیا ناکەن بۆ بڕیاردان لە داهاتوویان". ژان میرزۆ کە گۆرانیبێژێکی بە رەچەڵەک کوردی دانیشتووی بەرشلۆنەیە، لە لاپەڕەکەی خۆی لە فەیسبووک نووسیبووی "بۆچوونی ئەوان حیسابی سفری بۆ دەکرێ،" میرزۆ بە سەرسوڕمانەوە نووسیبووی "چۆن دەتوانن بەو عەقڵیەتەوە داوای ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی خۆیان بکەن".

پیتەس سایلەس، کە کەتەلۆنییە لە پۆستێکدا نووسیویەتی "هەست بەشەرمەزاری دەکەم بەهۆی ئەم هەواڵەوە. ئەم خەڵکانەی ناو پەرلەمان دووڕوون. هەستکردن بە قێزەونی بەس نییە".

دانی رۆڵدان، نوێنەری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە سەنتەری ئێسکار بۆ کەمینەکان و نەتەوەکان لە بەرشلۆنە، بە (رووداو)ی گوت، رێکخراوەکەیان لەسەر بیرۆکەی مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ کورد کاری کردووە "ئێمە پێمانوایە گرنگە بۆ ستراتیژی دیپلۆماتی کەتەلۆنییەکان هاوپەیمانی ببەستن لەگەڵ ئەو نەتەوانەی دەوڵەتیان نییە. ئێمە نابێت چاوەڕێی ئیسرائیل یان عێراق بکەین، تا پێشبینی بکەین لە بەرامبەردا ئەوان پشتگیری لە سەربەخۆییەکەمان دەکەن یان نا".

کورد سکات، ماڵپەڕێکی کەتەلۆنی زمانە کە لەلایەن کۆمیتەی سۆلیدارێتی کوردستان -کاتالیان بەڕێوەدەبرێ، نووسیویەتی: پرۆژەکە بۆیە شکستی هێنا، چونکە GP Mixt هەوڵیداوە سوود وەربگرێ لەو هاوسۆزییەی بۆ کورد هەیە لە پەرلەمانی کەتەلۆنیا تاوەکو بەزۆر کێشەی فەلەستین بخاتە سەر هەمان پرۆژە یاسا. "لەوبڕوایەداین ئەگەر پرۆژەکە تەنیا دەربارەی نەتەوەی کورد بووایە، پەسەند دەکرا،" ئەمە قسەی زۆردی لۆپێز، بەڕێوەبەری ماڵپەڕەکەیە.



### "کورد زیرەک و ئارامگرن"

لویس باست، نووسەر و شرۆڤەکاری رۆژنامەی EL PAIS لە وتارێکدا دەڵێت "نەتەوەیەکی نوێ بەرەو راگەیاندنی سەربەخۆیی هەنگاو دەنێت، ئەم نەتەوەیە کەتەلۆنیا نییە و قەتیش نابێت، بەڵکو ئەو نەتەوەیە کوردە، کاتێک مالیکی ناتوانێ یەکێتیی عێراق بپارێزێت".

ئەو نووسەرە گەلی کوردی لە باشووری کوردستان بە "گەلێکی زیرەک و خۆڕاگر" وەسفکردووە و دەڵێت "سەرۆکەکەیان مەسعود بارزانی، داوای لە پەرلەمان کردووە کار بۆ رێکخستنی ریفراندۆم بکەن، بەڵام ئەو لە دژی ئەوەش نییە کە رێککەوتننامەیەک هەبێت کورد لە چوارچێوەی عێراقدا بپارێزێت".

## خۆیان بۆ راگەیاندنی دەوڵەت ئامادە دەکەن

# لە جۆرجیا باسی سەربەخۆیی کوردستان گەرمە



**تەیموراز شامۆیان**
**رووداو- جۆرجیا**

کوردی جۆرجیا بە خۆشحاڵییەوە لە گەشەسەندنی هەرێمی کوردستان دەڕوانن و ئێستا باسی گەرم لە نێو ئەواندا ئەوەیە ئایا سەربەخۆیی کوردستان دەبینن یان نا.

زۆرینەی کوردی جۆرجیا ئێزدین، ئەوان سەدەیەک لەمەوبەر و لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیەکاندا لە چنگی زەبروزەنگ بۆ ئەو وڵاتە هەڵاتوون. لەوێ ئازادیی زمان و پاراستنی کەلتووریان بۆ دابینکراوە و بەهیچ شێوەیەک رووبەڕووی ئەو سەرکوتکارییە نەبوونەتەوە کە کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تورکیا رووبەڕووی بوونەتەوە.

دیانا شامۆیێڤا، پارێزەرێکی کوردە دەڵێت سەربەخۆیی بووەتە بابەتێکی گەرم لە نێو کوردی جۆرجیا و ئەوان پێیانوایە هەنگاوێکی لەو جۆرە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ باشووری کوردستان بەهێزتر دەکات.

کوردی جۆرجیا لەکاتی دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤیەتدا لە کوردی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابڕێندرابوون و پەیوەندییان لەگەڵ وڵاتی باوباپیریان پچڕابوو.

دیانا دەڵێت "کوردی ئێرە دەتوانن لۆبی بۆ پشتگیریکردن لە سەربەخۆیی کوردستان بکەن، گوتیشی "شانازییە بۆ من دەوڵەتێکمان هەبێت کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی کورد بن".

لە سەردەمی دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤیەتدا لە جۆرجیا، کورد وەکو ئێزدی ناویان دەهات لە دۆکیۆمێنتە فەرمییەکاندا و لەسەر پاسپۆرتەکانیشیان. بۆیە ئێستاش زۆر لە کوردی ئەم وڵاتە وەکو ئێزدی خۆیان دەناسێنن.

حکومەتی سۆڤیەت پشتگیری لە بۆنە ئێزدییەکان دەکرد و کۆرسی زمانی کوردی کرمانجی (بە ئەلفابێتی سیرالیک- رووسی) لەو شوێنانەدا کە کوردیان زۆر بوو، هەبوو.

سینەمای کوردی لە تەبلیسی یەکێک بوو لە سێ سینەما گەورەکەی سەرانسەری جۆرجیا لەو سەردەمەدا. ئەم هەنگاوانە وایانکرد کە کورد بتوانن پارێزگاری لە زمانی خۆیان بکەن و گەشە بە کەلتوور و وێژەی کوردی بدەن.

دوای رووخانی یەکێتی سۆڤیەت، جۆرجیا سەربەخۆیی بەدەستهێنا و بوونی ئازادییەکی زۆری رادەربڕین لە جۆرجیا، کوردی ئەو وڵاتەی هاندا کە بۆنەی کەلتووری و رۆشنبیری زۆر بگێڕن.

هەروەها بەهۆی کرانەوەی سنوور بەڕووی تورکیادا، کوردی جۆرجیا پەیوەندی زیاتریان لەگەڵ باکووری کوردستان دروستکرد. پرۆگرامی رادیۆ ناوخۆییەکان و کتێب و رۆژنامەکان بە هەواڵی کوردستان پڕکران.

بەڵام بەهۆی دووریی جیۆگرافی و بە ئاسانی تێکەڵبوونی کوردی ئێزدی بە کۆمەڵگەی جۆرجیا، پەیوەندیی نێوان کوردی جۆرجیا و باشووری کوردستان هێندە بەهێز نەبووە. سەرەڕای ئەوەش هێشتا زۆر کوردی ئەم وڵاتە ئاگاداری بارودۆخی باشووری کوردستانن.

میوزیکژەن، تۆتار ئاڤدۆیان دەڵێت "باشە نەتەوەکەم ئازاد بن" ئەو زۆر بەوردی بەدواداچوون بۆ هەواڵەکانی باشووری کوردستان ناکات، بەڵام پشتگیری لەسەربەخۆیی دەکات.

ئەو هەروەها گوتی "پێموانییە زۆر کورد بیەوێت بگەڕێتەوە کوردستان، چونکە زۆر دەمێکە لێرەین و ژیانمان لێرە پێکەوەناوە. سەختە لە سفرەوە دەستپێبکەیتەوە".

رۆزا تێلۆیان، دەنگبێژێکی کوردە و بۆچوونێکی پێچەوانەی هەیە. ئەو خەون بە کوردستانێکی سەربەخۆوە دەبینێت و خەون بە ژیان لە کەلتوورێکی کوردیی پەتیدا دەبینێ "خەون بە گوتنی گۆرانی کوردی، چای کوردی، فەرشی کوردی و نانی کوردییەوە دەبینم".

رۆزا گوتیشی "دەمەوێت بە زمانی خۆم قسە بکەم، جلی نەتەوەکەی خۆم لەبەربکەم و کۆفی-کیتان لەبەربکەم. ئەمە لە رووحی مندایە".

هەستێک لای کوردی جۆرجیا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە بەهۆی دووری و پەراوێزخستنیانەوە، ئەوان لای کوردی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەیادکراون.

چالاکڤان، جیۆرجی ئامارییانی دەڵێت پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندییان پێوە بکات و سوود لە شارەزایی ئەوان وەربگرێ "ئێمە شارەزایی زۆرمان لە بواری بەڕێوەبردندا هەیە".

ئەو دەڵێت "هەستێکی زۆر کوردپەروەرانەم هەیە. پێموایە رۆژێک لە رۆژان کار لەسەر سیاسەتی کوردی دەکەم، بەڵام ئەوەی راستی بێت ئێستا هیچ میکانیزمێک بۆ پشتگیریکردن لە ئێمە نییە".

ئامارییانی دەڵێت، هەرچەندە سەربەخۆیی کوردستان شتێکی حەتمیە، بەڵام دەوڵەتی کوردی رەنگە دەزگای پێویست و هێزی ئابووری و بەها دیموکراتیەکانی نەبێت بۆ ئەوەی ببێتە دەوڵەتێکی بەهێز "راگەیاندنی سەربەخۆیی هێندە ئاسان نییە، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و نێوخۆیی، ئەگەر تورکیا و ئێران کە هێزی زۆر کاریگەری هەرێمین، بە سەربەخۆیی کورد رازی نەبن، ئەوا ئەو سەربەخۆییە تەنیا لەسەر کاغەز دەمێنێتەوە".

بەبڕوای ئامارییانی، سەرەتا پێویستە نەتەوە یەکگرتووەکان دان بە دەوڵەتی کوردیدا بنێت بۆ ئەوەی ئەو دەوڵەتە بژیت. هەروەها کوردی دیاسپۆرا دەستبکەن بە لۆبیکردن.

"پێموایە دوای راگەیاندنی سەربەخۆیی هەستی نەتەوایەتی لای خەڵکی ئێمە زۆر بەهێزتر دەبێت". ئامارییانی دەشڵێت "رەنگە دوای ماوەیەک زۆرمان بچین لەوێ بژین".

# کوردێک لەسەر هەڵواسینی ئاڵای ئیسرائیل پەلامار دەدرێ



**دەنیز سەرنجی**
**رووداو- مالمۆ**

کوردێکی تەمەن 38 ساڵی نیشتەجێی سوێد بەهۆی هەڵواسینی ئاڵای ئیسرائیل بە پەنجەرەی چێشتخانەی ماڵەکەیدا لە شاری مالمۆ، بە بوتڵ و بۆڕی ئاسنین هێرشی کرایە سەر.

ئیسماعیل ئاریان بابەک، خەڵکی باشووری کوردستان، دەڵێت یەکەمجار هێرشبەرەکان شووشەی ئەو پەنجەرەیەیان شکاند کە ئاڵاکەی پێدا هەڵواسرابوو. کاتێک دەچێتە دەرەوە بۆئەوەی بزانێت چی روویداوە، لەلایەن چەند کەسێکەوە کە لەدەرەوەی ماڵەکەیدا چاوەڕوان بوون، هێرشی دەکرێتە سەر و لێیدەدەن.

ئیسماعیل بە رۆژنامەی ئافتۆنبلادێتی سوێدی راگەیاندووە کە ئەو ئیسرائیلی خۆشدەوێت، بۆیە ئاڵاکەی هەڵواسیوە.

هێرشبەرەکان پرسیاری لێدەکەن کە بۆچی ئاڵای ئیسرائیلی هەڵواسیوە؟. ئیسماعیل بە رۆژنامەکەی راگەیاند "بۆڕی ئاسنین و بوتڵیان پێبوو". دووجار بە بوتڵ بە سەری ئیسماعیلدا دەکێشن و ئینجا بە بۆڕی لێیدەدەن.

ئیسماعیل خەڵکی گوندێکی باشووری کوردستانە کە پێشتر جوولەکەشی لێ ژیاون.

هەروەها بە رۆژنامەی سڤێنسکا داگبلادێتی راگەیاندووە "من جوولەکە و ئیسرائیلم خۆشدەوێت. بۆ من هەڵواسینی ئاڵای سوێد و ئاڵای ئیسرائیل جیاوازیی نییە."

ئیسماعیل بابەک لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چالاکە و دژایەتی رژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکات. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەی کە هێرشی کراوەتە سەر، رەنگە ئەوە بێت کە دژی دەسەڵاتی مەلایەتییە لە ئێران، بە گوتەی بابەک خۆی.

زۆر کورد سوپاسگوزاری ئیسرائیلن بە هۆی لێدوانەکانی ئەم دواییەی کاربەدەستانی ئەو وڵاتە لەسەر پشتگیریی لە سەربەخۆیی کوردستان.

رۆژنامەی سڤێنسکا ئاماری فەرمی هێرشی دژە جووی لەساڵی 2012 دا بڵاوکردووەتەوە. بەپێی ئەو ئامارانە زۆربەی هێرشەکان لە شاری مالمۆ روودەدەن، ئەویش بەهۆی ئەوەی عەرەبی زۆری لێیە.

ئەفسەری راگەیاندنی بنکەی پۆلیسی مالمۆ گوتی کە "پۆلیسی سوێد هێشتا کەسیان دەستگیر نەکردووە، بەڵام وتەی شایەتحاڵ وەرگیراون".

کوردۆ باکسی، سیاسەتمەداری سەر بە پارتی سەوزی سویدی کە بەم دواییە بە ئەندامی یەدەگی پەرلەمانی ئەورووپا هەڵبژێردراوە، دەڵێت زۆر هێرشی سەر جوو یان ئەو کەسانەی کە پەیوەندییان بە ئیسرائیلەوە هەیە لە شاری مالمۆ روودەدەن "بەداخەوە، دیسان تاوانێکی رقی سیاسی روویدا" ئەو دەڵێت "پێویستە سەرەڕای جیاوازییەکانمان بتوانین پێکەوە بژین".

شوکری دەمیر، ئەندامی پێشووی ئەنجوومەنی شاری سۆلنا و چالاکڤانێکی کورد، دەترسێت کە هێرشی زۆرتری لەو جۆرە رووبدەن "لە وڵاتێکی دیموکراتیدا کە ئازادیی رادەربڕین هەیە، خەڵکی دەبێت رێز لە ویستی کەسێک بگرن کە هەر ئاڵایەکی حەزی لێیە هەڵیواسێت".

پێش ئەم هێرشە، ئاڵاکەی بابەک بۆ دوو ساڵ لە پەنجەرەی ماڵەکەیدا هەڵواسرابوو، لەو دوو ساڵەدا بابەک هیچ هێرشی نەکراوەتەسەر.

دەیڤد جانۆ، شارەزایەکی ئیسرائیلی کە لە زانکۆیەکی دانیمارک و زانکۆیەکی ئیسرائیل کار دەکات، دەڵێت هێرشەکە بە هۆی رووداوەکانی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بووە "ئێستا تەرکیزی زۆر لەسەر ئیسرائیلە، چونکە شەڕی غەززە دووبارە هەڵگیرساوەتەوە. ئێستا هەستی دژە ئیسرائیل لای گرووپە عەرەبەکان بەهێز بووەتەوە".




بە بۆنەی هاتنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز، پێخۆشحاڵ دەبین بە دانی ئۆفەرێکی تایبەت بۆ یەکەم جار لە کوردستان: یەك لە مۆدێلە هەرە سەرکەوتوەکانی BMW ٢٠١٤ هەڵبژێرە – BMW زنجیرەی پێنجەم یان BMW زنجیرەی سێیەم، و ئەم تایبەت مەندیە نایابانەی خوارەوە بەدەست بهێنە:

- قیستی مانگانە کە لە ٨٧٥$ دەست پێدەکات.
- قازانجی سفر ٪
- بە بێ دەستەبەری و بەبێ گلدانی خانووبەرە
- بۆ ماوەی دوو ساڵ.

بفەرمە ئەمڕۆ بۆ سەردانی پێشانگای العروش بۆ بازرگانی ئۆتۆمبێل بۆ تاقی کردنەوەی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلە بژاردەکەت.

کۆمپانیای العروش بۆ بازرگانی ئۆتۆمبێل
تەلەفۆن :٠٧٨١ ٣٧٧ ٧٧٧٧
پۆستی ئەلیکترۆنی info@bmw-iraq.com، سایتی ئەلیکترۆنی www.bmw-iraq.com


KOREK Telecom
هێڵە کۆنەکەت کارا بکەوە
و ئەمانە بەدەست بێنە
200 کورتەنامەی خۆڕایی
200 خولەکی خۆڕایی
30,000 د.ع بالانسی خۆڕایی
150 مێگابایتی خۆڕایی
بەخۆڕایی پەیوەندی بکە
*313#
200 خولەك و 200 کورتەنامەی خۆڕایی لەکاتی دووبارە کاراکردنەوەی هێلەکە.
10,000 د.ع. بالانسی خۆڕایی و 50 میگابایتی خۆڕایی لەکاتی یەکەمین پڕکردنەوە بە 5000 د.ع. یان زیاتر مانگانە و بۆ ماوەی سێ مانگی یەك لەدوای یەك.
بۆ زانینی میگابایت و یەکەی خۆڕایی پەیوە ندی بکە بە #17*211*
بۆ زانینی خولەك و کورتەنامە خۆڕاییەکان پەیوەندی بکە بە #16*211*
ئەم ئۆفەرە بۆماوەی سێ مانگە و بۆ هێلەکانی پڕیپەیدە کە بەکارنەهاتوون لە ڕێکەوتی 12/6/2014
- کورتەنامە و خولەکە خۆڕاییەکان تەنها لەنێو تۆڕی کۆرەك و بۆ ماوەی 14 رۆژ بەردەست دەبن.
- بالانسە خۆڕاییەکەش تەنها لەنێو تۆڕی کۆرەك و بۆماوەی 10 رۆژ بەردەست دەبێت.
- میگابایتە خۆڕاییەکان بۆ ماوەی 30 رۆژ بەردەست دەبن.
- بۆ زانین کۆمپانیای کۆرەك هەڵدەستێت بە سڕینەوەی ئەو هێلانەی کە ماوەی ساڵێکە بەکارنەهاتوون لەدوای تەواوبوونی ئەم ئۆفەرە.
بوێربە خەون ببینە
korektel.com
411


SSANGYONG
Korean Made
msn otomotiv
بەکەمترین جیاوازی لە نرخی نەقدی تەنها بە پێشەکی 30% بۆ ماوەی 3 ساڵ بێ بانك
پشکنین و گرێنتی ئۆتۆمبێلەکەت بە درێژایی 2ساڵ یان 10000کم لە ئەستۆی ئێمەیە
بەکڕینی هەر ئۆتۆمبێلێك
$1000
دیاری
دهۆك
07501976202
07503869652
سلێمانی
07706847483
07711574639
هەولێر
07503442601
07503442602
07503442603

ڕووداو
ژنان
ژمارە (319) دووشەممە 2014/7/21

## ژن و پیاوێک لە ماڵێکدا دەکوژرێن



**ڕووداو- کەرکووک**

سەرچاوەیەک لە هێزە ئەمنییەکانی دووز ڕایگەیاند، لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شارۆچکەی دووز، ژن و پیاوێک لە ماڵێکدا کوژران. ئەو سەرچاوەیە گوتی "پیاوێک لە گەڕەکی ئیمام ئەحمەد لە شارۆچکەی دووز ژنەکەی لەگەڵ پیاوێکی دیکە لە حەمامی ماڵەکەیاندا دەبینێت و هەردووکیان دەکوژێت، دواتر خۆی ڕادەستی پۆلیس دەکات". تۆمەتبارەکە لە لێکۆڵینەوەی پۆلیسدا هەمان قسەی کردووە و گوتوویەتی "هەردووکیانم لە حەمامی ماڵەکەمدا بە یەکەوە بینین، بۆیە کوشتمن".

# کێشەی بووکە بچووکەکان دەگەیەنرێتە UN

## "لە 9 مانگی ڕابردوودا نزیکەی 31 هەزار کچی خوار تەمەن 15 ساڵ لە ئێران بەشوودراون"

**ئاڤا هۆما**
**ڕووداو- تۆرنتۆ**

ڕێکخراوێکی مەدەنی داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات لێکۆڵینەوە لە دیاردەی هاوسەرگیریی منداڵان لە وڵاتێکدا بکات کە تێیدا ساڵانە بە هەزاران کچی تەمەن خوار 15 ساڵان لەلایەن خێزانەکانیانەوە بە زۆر بەشوو دەدرێن.

ئەم نەریتە لەنێو خێزانە دەوڵەمەندەکانی ئێران کاڵبووەتەوە، بەڵام لە ناوچە هەژارنشینەکان بە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشەوە، هێشتا بەشێوەیەکی بەربڵاو پیادە دەکرێت.

ڕێکخراوی یەکسانی بۆ ئێران نامەیەکی ئاراستەی ناڤی پیلای، سەرۆکی کۆمسیۆنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە و داوای لێدەکات لێکۆڵینەوە لەو دیاردە کۆمەڵایەتییە بکات.

بەپێی یاساکانی ئێران، دەتوانرێ کچ بە شوو بدرێ ئەگەر باوک، باپیر یان مام، واتە یەکێک لە پیاوەکانی خێزانەکەی ڕازی بن.

هەڕەشەی لەسێدارەدانی ڕازیە ئیبراهیمی کە لە 14 ساڵیدا بەزۆر بەشوودرا و لەتەمەنی 17 ساڵیدا مێردەکەی کوشت، سەرنجی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی ڕاکێشا بۆ بارودۆخی خراپی کچان لە ئێرانێک کە مەلا حوکمی دەکات.

بەپێی ئامارێکی بەشی فارسی تۆڕی BBC، لە 9 مانگی ڕابردوودا نزیکەی 31 هەزار کچی خوار تەمەن 15 ساڵ لە ئێران بەشوودراون.

چاوپێکەوتن لەگەڵ هەندێک لەوانەی لەو بارودۆخەدان دەریدەخات کە ئەزموونەکان جیاوازن.

ڕووناک، دایکی دوو منداڵ کە خاوەنی بزنسێکی بچووکە لە شاری مەریوان، بە (ڕووداو)ی گوت، کاتێک ئەوینی خوشکەزای کە تەمەن 16 ساڵانە داخوازی هات. خێزانەکە بوون بە دوو بەشەوە: هەندێکیان دەیانگوت کچ زووتر شوو بکات باشترە. هەندێکی دیکەشیان مەترسییان هەبوو کە هێشتا منداڵە بۆ هاوسەرگیری. بەڵام ئەوین شووی بە پیاوێکی تەمەن 26 ساڵ کرد.

ئەوین کە لەنێو خزم و دراوسێکانیدا بە کچێکی زۆر جوان ناسراوە، لە تەمەنی 14 ساڵییەوە چەندینجار داواکاری هاتووە. ئەوین لەڕێگەی تەلەفۆنەوە بە (ڕووداو)ی گوت "باوکم نیگەران بوو، بەڵام من و دایکم کوڕەکەمان خۆشدەویست بۆیە پێداگریمان کرد. لەگەڵ مێردەکەم ژیانێکی خۆشمان هەیە، ئەو پشتگیریم دەکات بۆ بەردەوامبوون لە خوێندن".

بەڵام هەموو کچێک کە لەتەمەنی منداڵیدا هاوسەرگیری دەکات وەک ئەوین دڵخۆش نییە. کچێکی تەمەن 17 ساڵ کە داوای کرد ناوی ئاشکرا نەکرێت بە (ڕووداو)ی گوت، لە ماڵەوە هەڵات کاتێک باوکی بڕیاریدا بەزۆر بیداتە پیاوێک کە حەزی لێی نەبوو.

ئەم ئافرەتە خەڵکی بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. چەند ڕۆژێک بەر لەڕێوڕەسمی مارەبڕینەکەی لەماڵەوە هەڵدێت و دەچێتە هەرێمی کوردستان و لە سلێمانی دەچێتە شێڵتەرێکی ژنان. ئەو بەلایەوە باشترە ژیانی لەمەترسیدا بێت، وەک لەوەی شوو بەپیاوێک بکات کە تەمەنی 40 ساڵ بێت.

زۆر لە کچان وەک ئەو ژنە ئازا نین لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکانیان. ئەوەی زۆرجار ڕوودەدات ئەوەیە کە کچان خۆیان بێدەسەڵات دەبیننەوە لەئاست ڕووبەڕووبوونەوەی فشارەکانی خێزان و کۆمەڵگە. هاوسەرگیری دەکەن بەهیوای دۆزینەوەی خۆشگوزەرانی، خەونێک کە زۆرجار نایەتەدی.

شادی سەدر، چالاکڤان و پارێزەری ئێرانی دانیشتووی لەندەن گوتی "ئەو ژنانەی بەزۆر لە تەمەنی منداڵیدا دەدرێن بە شوو، وەک ئەوە وایە بەناوی هاوسەرگیرییەوە، بەردەوام دەستدرێژی سێکسی بکرێتە سەریان. ئەوان ئەزموونی ژیانێکی پڕ لە توندوتیژی دەکەن بەبێ هیچ پشتگیرییەکی یاسایی. لەکۆتاییدا خۆیان یان مێردەکانیان دەکوژن بۆ کۆتاییهێنان بەو ژیانە."

لەهەندێ کەیسی توندا، خۆکوشتن دەبێتە تەنیا شتێک کە ئەم ژنانە کۆنترۆڵیان دەبێت بەسەر جەستەیاندا. ئاگربەردانەخۆ هەندێجار تەنیا ڕێگەیە بۆ کاردانەوە لەدژی ئەو یاسایانەی کە هیچ ئازادییەکی بۆ نەهێشتوونەتەوە.



# شیلان لەنێو بیری ئاودەست دۆزرایەوە



**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو- کەرکووک**

ئەوە دووەمجارە هەواڵی شیلان، خەم و دڵتەنگی دەخاتە نێو کەسوکارەکەی. کاتێک ئەو کچە لە ماڵەوە ونبوو، کەسوکاری سۆراخیان دەکرد و دەیانپرسی کچێکی تەمەن 4 ساڵانی لەو شێوەیە و لەو ڕەنگەتان نەبینیوە؟ بەڵام دوای 8 مانگ و 10 ڕۆژ، وەڵامی ئەو پرسیارەیان دەستکەوت، وەڵامێک کە کەس خۆزگەی پێ ناخوازێت. یەکێک لە کەسە نزیکەکانی دەڵێت "شیلان لە نێو بیری تەوالێت دۆزرایەوە".

شیلان سالم محەممەد، تەمەنی 4 ساڵ بوو، لە گەڕەکی ڕاپەڕینی دووی کەرکووک تەرمەکەی دۆزرایەوە. کەسوکاری ئەو منداڵە گومانیان لە ماڵە عەرەبێک هەیە، بەڵام تاوەکو ئێستا کەس دەستگیرنەکراوە و ئەو ماڵە عەرەبەش لە کەرکووک نەماون.

لە 2013/11/3دا هەواڵێک بڵاوبووەوە کە منداڵێکی تەمەن 4 ساڵان لە کاتژێر 9ی بەیانییەوە لە ماڵەکەی دەرچووە و نەگەڕاوەتەوە، منداڵەکە کراسێکی پرتەقاڵی و پانتۆڵێکی قاوەیی لەبەردایە، هەر کەسێک زانیاری هەیە پەیوەندی بەو ژمارە تەلەفۆنانە بکات، بەڵام تاوەکو 2014/7/11 کەس هیچ هەواڵێکی لەبارەی شیلانەوە دەستنەکەوت، تاوەکو ئەو ڕۆژە تەرمی شیلان لە نێو بیرێکی ئاودەست دۆزرایەوە.

سەرچاوەیەک لە پۆلیسی کەرکووک بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت "ماڵێک بیری تەوالێتیان پڕ دەبێتەوە، لە کاتی بەتاڵکردنەوەی شتێک دەکەوێتە بەردەم سۆندەی ڕاکێشانی تانکەرەکە و ڕێگە لە ڕاکێشانی پاشەڕۆ دەگرێت، ئینجا شۆفێرەکە بۆی دەردەکەوێت ئەوەی ڕێگری کردووە، لاشەی منداڵێکە".

ئەو سەرچاوەیە دەڵێت "بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان ئەو منداڵە دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەر و پاشان خنکێنراوە و تەرمەکەی فڕێدراوەتە نێو بیری تەوالێتەوە، بەڵام بۆ ئەوە هێشتا بەڵگەی تەواو نییە، کەسوکاری گومانیان لە خێزانێکی عەرەب هەیە کە پێشتر لەنێو ئەو خانووەدا بوون".

یەکێک لە خزمەکانی شیلان بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "گومانمان لەو ماڵە هەیە، ئەوان بە ئەسڵ عەرەبن و خەڵکی کوتن، چونکە دوای ماوەیەک لە بزربوونی کچەکە ئەوان کەرکووکیان جێهێشت و گەڕانەوە بۆ کوت، تەنانەت شوێنیان بزرە، ئەوان ماڵێکی بە کێشەبوون، بۆیە سکاڵامان لە دژی ئەو ماڵە تۆمار کردووە و گومانمان لەوان هەیە".

کەسوکاری ئەو کچە ڕەتیدەکەنەوە بەهیچ شێوەیەک کێشەیان هەبێت لەگەڵ هیچ کەسێک.

هەروەها ڕەتیانکردەوە کە شیلان دەستدرێژی سێکسی کرابێتە سەر "بە هیچ شێوەیەک دەستدرێژی نەکراوەتەسەر، دوایین زانیاری پۆلیس کە بە ئێمەیان گوتووە، دەستدرێژی نەکراوەتە سەر، بەڵام ڕووداوەکە گومانی زۆر لەسەرە".

لە ڕەمەزاندا

# کێشەی ژن، لەلای پۆلیس کەمە و لەلای ژنان زۆرە




فۆتۆ: سیڤان محەممەد سەلیم

**ڕۆژان ئەبوبەکر و تەرزە عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- سلێمانی**

نووسینگەی ڕۆژئاوای بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان، کەمێک بێکێشەتر دێتە بەرچاو، وەک ڕۆژانی دیکە نووسینگەکە قەرەباڵخی تێدا نابینرێ "لەم ڕەمەزانەدا کەمترین خێزان کێشەیان هەبووە و ئەو کێشانەش کە هەبوون، زیاتر لەنێو ئەو خێزانانەن کە ماوەیەکی کەمە ژیانی خێزانییان پێکهێناوە".

هیوا کەریم، بەڕێوەبەری نووسینگەی ڕۆژئاوای بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان دەست بۆ هەندێک کاغەز دەبات کە لەنێو فایلدان و دەڵێت "دەتوانین بڵێین، کێشەکان پێکدێن لە لێدان و وەرگرتنەوەی منداڵ و تۆران، بەڵام لە مانگی ڕەمەزاندا ئەم کێشانە کەمتر ڕووی لەئێمە کردووە".

ئاماری نووسینگەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لەشاری سلێمانی، وا دەردەخەن مانگی ڕەمەزان مانگە ئارامەکەی ژنان بێت، چونکە کەمترین سکاڵا تۆمارکراون.

بە قسەی هیوا کەریم، زۆربەی کێشەی نێوان ژن و مێردەکان ئەوانەن کە "پێش ئەوەی ژیانی هاوسەرگیری پێکبهێنن، خۆشەویستییان کردووە، کێشەی ئەوانە زۆر سەرنجم ڕادەکێشێت، ئەوان تەنانەت بەرگەی گرفتە بچووکەکانی ژیان ناگرن، لێکۆڵینەوەکانمان دەریدەخات هۆکارەکە کەمیی تەمەنە".

قسەکانی هیوا، لەگەڵ قسەی بەرپرسانی ڕێکخراوەکانی داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان یەکناگرێتەوە. خانم ڕەحیم، بەرپرسی ڕێکخراوی ئاسوودە دەڵێت مانگەکان جیاوازی ناکات لەنێوان ژیانی ژن و مێردەکان و کێشەکان لای ئەوان وەک مانگەکانی دیکەیە، گوتیشی لەم مانگی ڕەمەزانەدا "چەندین ژن لای ئێمە سکاڵایان تۆمار کردووە و دەڵێن لەلایەن پیاوانەوە توندوتیژیمان بەرامبەر کراوە، زۆربەی دۆسیەکانیش ناپاکی هاوسەرگیرییە".

لەگەڵ ئەوەی ئافرەتان لای ڕێکخراوە داکۆکیکارەکان لە مافەکانیان سکاڵا تۆماردەکەن و پێیانوایە ئەو ڕێکخراوانە تاکە پردی نێوان ئەوان و حکومەتە، بەڵام لەمانگی ڕەمەزاندا کەمتر گوێت لە دەنگی ڕێکخراوەکانی ژنان دەبێت.

خانم دەڵێت ئێمە "لەمانگی ڕەمەزاندا چالاکییەکانمان وەستاندووە". چونکە وەک خۆی باسیکرد، هەم کەشوهەواکەی گەرمەو هەم دڵنیاین "خەڵکمان پێ کۆناکرێتەوە بێنە سەر شەقام". نەشیشاردەوە کە خەڵک گلەییان لێدەکەن "ئێمە بووینەتە عەلاگەی جل هەڵواسین، خەڵک هەموو کێشەیەکمان پێدا هەڵدەواسن، ئێستا وای لێهاتووە بەردێک لە ئاسمان بەربێتەوە یەخەی ڕێکخراوەکانی ژنان دەگرن". خانم گوتیشی "ڕۆژانە 10 بۆ 12 کێشە لای ئێمە تۆمار دەکرێن".

(شەونم.م.د) شەش ساڵە ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە، نزیکەی ساڵێک پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ هاوسەری ئێستای هەبووە، بەڵام نەیدەزانی ڕۆژێک دێت ناپاکی هاوسەری لەگەڵ دەکات "تەنیا چوار مانگی سەرەتای هاوسەرگیریمان بێکێشە بووین".

ئێستا شەونم ژیانێکی کولەمەرگی بەسەردەبات، نەدەتوانێت سکاڵا تۆمار بکات و نە دەشتوانێت داوای جیابوونەوە بکات "تاوەکو گەیشتین بەیەکدی قیر سپی بوو، بۆیە ماڵەوە لێم قبوڵناکەن داوای جیابوونەوە بکەم و دەڵێن ئەوە ئەو پیاوەیە کە خۆت دەتویست".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژی ژنان، لە مانگی ئایاری ئەمساڵدا 104 سکاڵا، 1 حاڵەتی کوشتن، 1 سووتان، 4 حاڵەتی خۆسووتاندن و 4 حاڵەتی توندوتیژی سێکسی لە سلێمانی تۆمارکراون.

بەهۆی فراوانبوونی سلێمانی و زۆربوونی کێشەی ژنان، ئێستا بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژی ژنان لە سلێمانی دوو نووسینگەی دیکە (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)ی کردوونەتەوە کە کاریان تەنیا لێکۆڵینەوەیە لەو سکاڵایانەی تۆمار دەکرێن.

شۆڕش عەلی، لێپرسراوی نووسینگەی ڕۆژهەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان، دڵگرانە بەوەی زۆربەی ئەو سکاڵایانەی ڕوویان تێدەکەن هی ئەو ژنانەن کە مێردەکانیان بە بەردەوامی مەشروب دەخۆنەوە "هەروەها کێشەی ئەوانەشمان هەیە کە لە دەرەوە گەڕاونەتەوە و لەگەڵ کەشی ئێرە ناگونجێن".



## کوڕێک خۆی خنکاند

**ڕووداو- کەرکووک**

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی نەهێشتنی تاوانەکانی کەرکووک، دۆسیەیان بۆ خۆخنکاندنی گەنجێکی تەمەن 35 ساڵ کردووەتەوە، کە لە پێناو خۆشەویستەکەیدا خۆی خنکاندووە. ئەو گەنجە کە ناوی (ع.ح)ە دانیشتووی گەڕەکی فەیلەقی شاری کەرکووکە و بەجەمەدانییەک خۆی خنکاندووە. پۆلیسی نەهێشتنی تاوانەکانی کەرکووک، کە بەدواداچوونیان بۆ هۆکاری خنکانی گەنجەکە کردووە، دەرکەوتووە کە ئەو گەنجە کچێکی خۆشویستووە و چەند جارێکیش چووەتە خوازبێنی، بەڵام کەسوکاری کچەکە ڕازی نەبوونە، بۆیە ئەویش خۆی خنکاندووە.

# فاروق لەدوای خۆی قەرزی بەنزینی بەجێهێشت

**ڕووداو- هەولێر**

هەندێک کەس کە دەمرن، سەرمایەیەکی زۆر لە دوای خۆیان جێدەهێڵن، یان داهێنانێک، یانیش هیچ. بەڵام فاروق تەنیا زەرفێکی کاغەزی لەدوای خۆی جێهێشت کە جگە لە ئەڵقەی هاوسەرگیرییەکەی، نامەیەکیشی تێدابوو. لە نامەکەدا نووسرابوو "بۆ بەنزین قەرزم لە دوو برادەر کردووە و قەرزەکەم بۆ بدەنەوە". کەسوکاری دەڵێن قەرزەکە ئەوەندە نییە کە بەهۆیەوە خۆی بکوژێت "قەرزەکە نەدەگەیشتە 100 هەزار دیناریش".

شەوی 2014/7/14، گەنجێکی تەمەن 23 ساڵ بە ناوی فاروق عومەر ڕەسوڵ کە باوکی 3 کچە، بە گوللەیەکی دەمانچە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. فاروق چواری برای هەیە، ئەویش و براکانی لە گوندی هەمزەکۆری سەر بە ناحیەی قوشتەپەی شاری هەولێر دادەنیشن.

فاروق تاوەکو پۆلی سێی ناوەندی خوێندبوو، جگە لەوەی شوفێری تاکسی بوو، شەوانیش لە کارگەیەکی ئالیک کاری دەکرد، کەسوکاری دەڵێن باری دارایی خراپ نەبووە و خانووی خۆی هەبووە.

### پێشترهەڕەشەی خۆکوشتنی کردبوو

هێمن عومەر کە بە تەمەن لە فاروق گەورەترە، لە هەموو براکانی دیکەی زیاتر لە فاروق نزیک بوو، بۆیە زۆر بە پەرۆش بوو بۆ مەرگی براکەی. هێمن باسی ئەو 24 کاژێرە دەکات کە براکەی هەڕەشەی خۆکوشتنی تێدا کرد و دواتر خۆی کوشت.

هێمن بە (ڕووداو)ی گوت "شەوی بەرلەوەی خۆی بکوژێت، من لە هەولێر دەگەڕامەوە گوندەکەمان، فاروقم بینی لەسەر ڕێگەی گوندەکەمان هەر دەهات و دەچوو، دەستم لە ملی کرد و ماچم کرد، پێمگوت کاکە گیان تۆ چ کێشەیەکت هەیە، گوتی هیچ کێشەیەکم نییە، بەڵام دڵم زۆر توندە و خۆم دەکوژم".

وەک هێمن باسی کرد، فاروقی برای دەمانچەیەکی جۆری تورکی هەبووە، بۆیە هەرزوو دەمانچەکەی لێسەندووە نەوەک خۆی پێ بکوژێت.

هێمن دەڵێت براکەی پێشتریش هەڕەشەی خۆکوشتنی کردووە، بەڵام زوو گەیشتووەتە لای و پەشیمانی کردووەتەوە. هێمن بەبێ دوودڵی براکەی جێدەهێڵێ و وا دەزانێت ئەمجارەش وەکو جاری ڕابردوو براکەی پەشیمان بووەتەوە "ڕۆژی دواتر براکەم یەک پارچە حەبی خەوی خواردبوو، بەڵکو خەوی لێبکەوێت و نەچێتە دەرەوە، بەڵام خەوی لێنەکەوتبوو، بە ئۆتۆمبێلەکەی چووە بووە دەرەوە".

لە ناکاو زەنگی مۆبایل هێمن رادەچڵەکێنێت و دەبینێ فاروقی برای تەلەفۆنی بۆ دەکات "کاژێر 8:20ی ئێوارە تەلەفۆنی بۆ کردم، یەکسەر دەستی بە گریان کرد و گوتی هێمن خۆم دەکوژم.. لە ژیان بێزارم، ماڵ و منداڵەکەم ئەمانەتی تۆ بن".

گریان قسە بە هێمن دەبڕێت و دواتر دەڵێت "ئێمە زۆر تەبابووین لەگەڵ یەکدی، لە ژیانمدا یەکەمجارم بوو قسەیەکی وا ڕەقی پێبڵێم، پێمگوت ئاگام لە ماڵ و منداڵەکەت نابێت، ئەویش لەبەر ئەوەم بوو بەڵکو پەشیمان بێتەوە".

هێمن هەر خەریکی پاڕانەوە بووە لە برایەکەی، بەڵکو پەشیمانی بکاتەوە، بەڵام براکەی بە گریانەوە پێیگوتووە "ماڵ و منداڵەکەشم بۆ بەخێوناکەن!". ئەوە دوا قسەی فاروق بووە، ئیدی لەو کاتەدا دەنگی گوللەیەک کۆتایی بە دەنگی فاروق دێنێت.

### دەمانچەی لە برادەری وەرگرتووە

سەرەتا هێمن وایزانیوە کە براکەی وەکو جاران لەهۆش خۆی چووە و بەربووەتەوە، دەنگەکەش دەنگی بەربوونەوەکەی بووە. هێمن دەڵێت براکەی بەر لەوەی خۆی بکوژێت گوتبووی لە ڕێگەی گوندی ئیلینجاخە، بۆیە هێمن لەگەڵ کەسوکاری یەکسەر دەچنە ئەو شوێنە.

هێمن گوتی "کە چووین ئۆتۆمبێلەکەی لەسەر ڕێگە ڕاگرتبوو، هەر سێ مەترێک لە ئۆتۆمبێلەکەی دوورکەوتبووەوە و لەسەر زەوی کەوتبوو، دەستم خستە ژێر سەری ڕاستم کردەوە دەستم تەڕ بوو، زانیم خۆی کوشتووە".

هێمن سەری لەوە سوڕماوە کە براکەی ئەو دەمانچەیەی لە کوێ دەستکەوتووە "فاروق کە فیشەکەکەی لە خۆی داوە دەمانچەکەی خستووەتە سەر دڵی، بۆیە لە تەلەفۆنەکەش تەنیا گوێم لە تەپەیەک بوو". فاروق بەر لەوەی بگەیەنرێتە نەخۆشخانە گیانی لە دەستداوە.

### پارەی بۆ بەنزین قەرزکردووە

هێمن ڕەتیکردەوە براکەی هیچ کێشەی لەگەڵ کەس هەبوبێت و دەڵێت "ئێمە تەنیا خەم بەوە دەخۆین کە ئەو کوڕە هیچ کێشەی نەبووە، بۆچی خۆی کوشت".

وەک هێمن باسی کرد، براکەی تاکسی بە قیست هێنابوو، مانگانە قیستی ئۆتۆمبێلەکەی داوەتەوە، بەڵام سێ مانگی ڕابردوو نەیتوانیوە قیست بداتەوە و پارەی لە برادەرێکی قەرز کردووە.

فاروق لە دوای خۆی زەرفێکی جێهێشتووە، هێمن لە بارەی ئەو زەرفەوە گوتی "زەرفەکە ئەڵقەی هاوسەرگیرییەکەی تێدابوو، لەگەڵ پارچە کاغەزێک کە لەسەری نووسیبوو قەرزاری دوو برادەرم، پارەم لێوەرگرتوون بۆ بەنزین، قەرزەکەم بۆ بدەنەوە".

ڕائید کاروان عەبدولقادر، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر گوتی کە دۆسیەیان بۆ ڕووداوەکە کردووەتەوە و دەستیان بەسەر ئەو دەمانچەیەشدا گرتووە کە فاروق خۆی پێکوشتووە، بەڵام گوتی بەهۆی پرسەوە تاوەکو ئێستا قسەیان لەگەڵ کەسوکاری فاروق نەکردووە و چاوەڕێی تەواوبوونی پرسەکەی دەکەن.





**ڕائید ژیلەمۆ عەبدولقادر**

## قوربانیانی قەرز

ژنێک لەگەڵ دوو منداڵەکەی درەنگانی شەو لەلایەن پۆلیسی فریاکەوتنەوە گەیێندرانە نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان. دیاربوو ئەوان ئەشکەنجە درابوون، بۆیە یەکسەر ڕەوانەی نەخۆشخانە کران بۆ چارەسەری و ڕاپۆرتی پزیشکی.

دوای ئەوەی چارەسەری پێویستیان بۆ کرا، دووبارە هێنرانەوە نووسینگە. ئافرەتەکە باسی کێشەکەی کرد و گوتی کە پیاوەکەی کاژێر 10ی شەو هاتووەتەوە ماڵەوە، نازانێت لە کوێ هاتووەتەوە و بۆشی نەبووە لێی بپرسێ لە کوێ بووە، چونکە زۆر توورە دیاربوو.

ژنەکە بەردەوام بوو لە قسەکانی و گوتی "من شیرم دەدایە منداڵە ساواکەم، خەریکبوو دەنووست، دوو منداڵەکەی دیکەم هاواریان کرد، بینیم باوکیان بەربووەتە گیانیان، ویستم منداڵەکان لەبەردەستی باوکیان دەربێنم، کەچی کەوتە گیانی منیش، بۆیە خۆم و منداڵەکانم چووینە ژوورێک و دەرگامان لەسەر خۆمان داخست".

کاتێک ئەو ژنە پەیوەندی بە پۆلیسەوە دەکات، پیاوەکە هەر گوێی لە ناوی پۆلیس دەبێت یەکسەر لە ماڵەکە هەڵدێت. وەک ئەو ژنە دەڵێت، هیچ کاتێک حەزی نەکردووە کێشەکەی بگەیەنێتە پۆلیس، بەڵام مێردەکەی ئەوە سێیەم جارە لێیاندەدات، بە جۆرێک کاری کردووەتە سەر دەروونی دوو منداڵەکەی و زۆرجار منداڵەکانی کۆڵان گاڵتەیان پێدەکەن و پێیاندەڵێن باوکتان لە ئێوە و دایکتان دەدات.

دۆسیەی ئەو ژنە و دوو منداڵەکەی ڕەوانەی بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەی ئێشکگر کرا، بڕیاردرا تۆمەتبار کە باوکی منداڵەکانە بەپێی ماددەی حەوت لە یاسای توندوتیژی خێزانی بانگ بکرێت. بۆ ڕۆژی دواتر باوکی منداڵەکان ئامادەبوو لە نووسینگە، ئیعترافی کرد کە لە منداڵەکانی و خێزانەکەی داوە، هۆکارەکەشی بۆ خراپیی باری دارایی گەڕاندەوە کە قەرزارە و کرێچییە و ئۆتۆمبێلیشی بە قیست هێناوە. ئەمەش کاری کردووەتە سەر هەڵسوکەوتی بەرامبەر ژنەکەی و منداڵەکانی.

بە تۆمەتبارەکە ڕاگەیەندرا ئەو کارەی بە هەر بیانوویەک بێت، بەپێی بڕگەی 12ی ماددەی 2 لە یاسای توندوتیژی خێزانی، دەچێتە خانەی توندوتیژی. بۆیە ڕەوانەی بەردەم دادوەری توندوتیژیی خێزانی کرا. بڕیاردرا بە وەرگرتنی بەڵێننامە لە پیاوەکە کە چیدی لە ژنەکەی و منداڵەکانی نەدات. هەروەها پێیراگەیەنرا لەکاتی پێشێلکردنی بەڵێننامەکەدا لە بڕگەی 4ی ماددە 3ی هەمان یاسادا هاتووە، لە حاڵەتی پێشێلکردنی فەرمانی پاراستن بۆ ئافرەت و منداڵەکان کە بەڵێنت لێوەرگیراوە، سەرپێچیکار سزا دەدرێت بە بەندکردن کە لە 48 کاژێر زیاتر نەبێت، یان بە بژاردن کە لە 300 هەزار دینار کەمتر نەبێت لە هەنگاوی لێکۆڵینەوەدا. ئەگەر ئەم داوایە بەردەوام بوو، ڕەوانەی دادگای تایبەتمەند بە کێشەکانی توندوتیژی خێزانی کرا، ئەوا لە ماددەی 7ی هەمان یاسادا هاتووە "سزا دەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەک کەمتر نەبێت لە شەش مانگ و زیاتر نەبێت لە 3 ساڵ، لەگەڵ غەرامەکردن کە کەمتر نەبێت لە ملیۆنێک دینار و زیاتر نەبێت لە پێنج ملیۆن دینار، یان بە یەکێک لەم دوو سزایە".

# براکەی لەسەر جێی خەوتن بە چەقۆ کوشت

**مەهدی محەممەد ڕواندزی**
**ڕووداو- سۆران**

فەرزاد، ماوەی 9 ساڵ بوو لە بەریتانیا چاوەڕێی وەرگرتنی مافی پەنابەری دەکرد، بەڵام کێشەیەکی خێزانی ناچاری کرد بگەڕێتەوە کوردستان و زۆریشی نەبرد بەدەستی براکەی کوژرا.

کاژێر 2ی شەوی 2014/7/14، فەرزاد عەبدولعەزیز، تەمەن 29 ساڵ، لەلایەن برا تەمەن 19 ساڵانەکەی بە ناوی سادق درایە بەر چەقۆ و بە سەختی بریندار کرا، دواتر لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.

ئیرەج سەڵاح، خاڵی فەرزاد دەڵێت "فەرزاد بۆ مەرگ گەڕایەوە کوردستان، ئەو شێوە مەرگەی کە هیچ کەس لەئێمە بە خەیاڵیش بیرمان لێ نەدەکردەوە".

سادق لە لێکۆڵینەوەی پۆلیسدا گوتوویەتی کە بەردەوام کێشەی لەگەڵ براکەیدا هەبووە، خێزانەکەشی ئەوەیان نەشاردەوە. بەپێی زانیاریەکانی (ڕووداو)، فەرزاد بەر لە ڕووداوەکە لە ماڵی خوشکی بووە و بەر لە پارشێو گەڕاوەتەوە ماڵەوە، هەر وەکو شەوانی دیکە لەگەڵ براکەی بووەتە دەمەقاڵێیان.

خێزانی ئەو دوو برایە دەمەقاڵێیەکەیان بە ئاسایی وەرگرتووە و لەو باوەڕەدابوون وەکو جاران ئاشت دەبنەوە، بۆیە دەڵێن ئەوەی ئەو شەوە بینیویانە، نازانن خەونە یان ڕاستی.

کاتێک فەرزاد هاوار دەکات: سادق بۆ بە چەقۆ لێمدەدەی؟ دایک و براژنەکەیان سفرەی پارشێو جێدێڵن و ڕادەکەنە ژوورەکەیان، بەڵام کار لەکار ترازابوو، سادق 6 چەقۆی لە فەرزاد دابوو.

سەبیحە سالح، دایکی فەرزاد و سادق، باسی ئەو شەوەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "فەرزاد لە ژوورەکەی هاتە دەرەوە و گوتی بۆچی سادق جێگاکەی لەژووری ئەو ڕاخستووە؟ ئیدی لەگەڵ سادق بووە دەمەقاڵەیان، فەرزاد دەیگوت دەبێ تۆ جێگاکەت بگوازیتەوە و سادقیش دەیگوت نابێت تۆ بێیتە ئەو ژوورە بخەویت".

دایکی فەرزاد دەمەقاڵێیەکە بە ئاسایی وەردەگرێت، تاوەکو ئەو کاتەی فەرزاد هاوار دەکات "گوێمان لێبوو فەرزاد هاواری دەکرد: ئەوە بە چەقۆ لێم دەدەی؟ من و بووکەکەم بە غاردان چووینە ژوورەکە، بەڵام سادق کاری خۆی کردبوو، کە چاوی بە ئێمە کەوت یەکسەر ڕایکردە دەرەوە".

ئیرەج سەڵاحی خاڵیان دەڵێت شەڕی ئەو دوو برایە لەسەر شوێنی خەوتن و جگەرەکێشان بووە، ئیرەج دەڵێت "شەوی پێشتر فەرزاد لەژوورەکەی سادق خەوتووە و جگەرەی کێشاوە، شەوی ڕووداوەکەش سادق هەرزوو جێگەی خۆی لەو ژوورە ڕاخستووە و بە فەرزادی گوتووە تۆ جگەرەدەکێشی بڕۆ لە شوێنێکی دیکە بخەوە".

ئەو چەقۆیەی کە فەرزادی پێ کوژرا، سادق بۆ جوانی کڕیبووی، ئیرەج دەڵێت "ئەو دوو برایە پێشتر دەمەقاڵێیان لەنێواندا ڕوویداوە، بەڵام هیچکات نەگەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی کە لەیەکدی بدەن، زۆرجار کاتێک دەمەقاڵەکەیان توند دەبوو، فەرزاد بە سادقی دەگوت تۆ منداڵی نامەوێت لێتبدەم". چەند کەناڵێکی ڕاگەیاندن بڵاویانکردەوە کە شەڕەکە لەسەر یاری کۆتایی مۆندیال بووە، بەڵام خێزانەکەی ئەوە ڕەتدەکەنەوە. ئیرەج دەڵێت "فەرزاد 9 مانگ بوو گەڕابووەوە کوردستان، زۆربەی کات بە یەکەوە بووین و قەت باسی وەرزشی نەکردووە".

دایکی فەرزاد دەڵێت قەت لە سادقی کوڕی خۆشنابێت "هەرگیز لێی خۆشنابم، چونکە زۆر بە زاڵمانە ئەو برایەی کوشت، ئازادیش بکرێت لێناگەڕێم پێ بنێتەوە نێو ئەم ماڵە". ئەو دایکە داواکارە لە حکومەتی کوردستان یاسایەک دەربکات کە فرۆشتنی چەک و ئەو جۆرە چەقۆیانە لەبازاڕ قەدەغە بکات "داوا لە پۆلیس دەکەم لێپێچینەوەی زیاتر لەگەڵ سادق بکەن بۆ ئەوەی بزانن کە ئەو چۆقەیەی لەکوێ هێناوە و لەکێی کڕیوە، هەروەها داواکارم لەحکومەت کە چاودێری بخاتە سەر بازاڕ و ڕێگا نەدات ئەو جۆرە چەقۆیانە بفرۆشرێت و ماڵی خەڵکی پێ کاول بکرێت، ئەو چەقۆیانە بۆ پیاو کوشتنن، نەک بۆ جوانی".

ئێستا سادق لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سۆران دەستبەسەرە. نەقیب محەممەد عەلی، بەرپرسی ڕاگەیاندن لە پۆلیسی سۆران بە (ڕووداو)ی گوت "بکوژەکە لای ئێمە دەستبەسەرە و لە لێکۆڵینەوەشدا دانی بەوەدا ناوە کە برایەکەی کوشتووە".



فەرزاد لەسەر داوای دایکی لە بەریتانیاوە گەڕایەوە کوردستان

## ناهێڵێت سلێمانی کەمپ بکاتەوە

# بەغدا بەم گەرمایە بەتانی بۆ ئاوارەکان دەنێرێت




فۆتۆ: سیروان عەزیز

### بەڕێوەبەری کۆچ و کۆچبەران لە سلێمانی:

### حکومەتی عێراق لە ساڵی 2003وە ئاوارەمان بۆ دەنێرێت، بەبێ ئەوەی هاوکارییان بکات

**شادیە ڕەسوڵ**
**ڕووداو- سلێمانی**

"ئێمە دەسەڵاتمان نییە کەمپ دروستبکەین، چونکە یاسای نێودەوڵەتی و یاسای کۆچ و کۆچبەرانی عێراق ڕێگەمان پێنادات". بەڕێوەبەری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق لە سلێمانی، دەزانێ کە سلێمانی لە ژێر فشارێکی زۆری هاتنی ئاوارەکاندایە، بەڵام دەڵێ یاسا دەستی بەستوون.

عوسمان مستەفا، بەڕێوبەری کۆچ و کۆچبەران لە سلێمانی، هێما بۆ هەڵکەوتەی جوگرافی سلێمانی دەکات و دەڵێ لە سێ ناوچەوە ئاوارە ڕووی تێدەکات.

ئەو ئاوارە عەرەبانەی کە ڕوویان لە شاری سلێمانی کردووە بە سێ قۆناغ هاتوونەتە شارەکە، قۆناغی یەکەم لە دوای ساڵی 2003، قۆناغی دووەم بەهۆی شەڕی تایفی لە ساڵی 2006 و 2007. قۆناغی سێیەم لە ناوەڕاستی ئەمساڵ بەهۆی شەڕی داعش و سوپای عێراق.

بەپێی ئاماری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق، زیاتر لە 22 هەزار ئاوارە لە ناوەڕاست و خوارووی عێراقەوە ڕوویان لە سلێمانی کردووە، ڕۆژانەش ئاوارەی تازە تۆمار دەکرێن.

بەپێچەوانەی پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک کە زۆربەی ئاوارەکان لە کەمپەکاندا نیشتەجێکراون، لە سلێمانی ئاوارەکان لە نێو شار و شارۆچکەکان نیشتەجێ بوون. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی نرخی کرێی خانوو زۆر بەرز ببێتەوە.

عوسمان مستەفا دەڵێ "ڕۆژانە زیاتر لە 200 ئاوارەی عەرەب دێنە لامان بۆ ناونووسین".

هەفتەی پێشوو، کەمپەینێک لە سلێمانی بەڕێوەچوو. بەشداربووانی کەمپەینەکە داوایان دەکرد ئاوارەی ناو شارەکان ببرێنە دەرەوە و لە کەمپدا نیشتەجێ بکرێن، بەڵام عوسمان مستەفا دەڵێت دەسەڵاتی دروستکردنی کەمپیان نییە "پێویستمان بە ڕەزامەندی بەغدایە، چونکە ئەگەر بەبێ ڕەزامەندی ئەوان بیکەینەوە، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان یارمەتیمان نادەن".

عوسمان دەڵێت هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی ئەم دواییەی عێراق، ژووری عەمەلیاتیان دروستکرد، هەروەها داوایان لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کرد هاوکارییان بکەن "تەنیا توانیمان لە ناوچەی گەرمیان شوێنیان بۆ دابین بکەین". گوتیشی "ئێمە داوای کردنەوەی کەمپمان لە سلێمانی کردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا وەڵاممان نەدراوەتەوە".

ئێستا 9 هەزار خێزانی ئاوارە لە سنووری پارێزگای سلێمانی نیشتەجێن، وەک بەڕێوەبەری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق لە سلێمانی باسیدەکات، 70%یان ژن و منداڵن.

عوسمان دەڵێت "بەهۆی گەمارۆی ئابووری و نەبوونی مووچەوە بۆ هاوکاریکردنی ئاوارە عەرەبەکان کێشەمان هەیە، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش پەیوەندییان لەگەڵ حکومەتی عێراق هەیە نەک ئێمە".

باشووری کوردستان بەردەوام کێشەی ئابووری و سیاسی لەگەڵ حکومەتی عێراق هەبووە، کێشەکانیش زۆرتر بە دەستپێشخەری حکومەتی عێراق بووە، بەڵام هەمیشە پەناگەی ئاوارە و لێقەوماوەکانی بەغداش بووە.

عوسمان مستەفا، بەڕێوەبەری کۆچ و کۆچبەران لە سلێمانی دەڵێ "ئێمە لەگەڵ وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق کۆبووینەوە، ئەوان بێبەرنامە بوون و گرنگییان بەوە نەدا کە ئاوارەکان ژیانیان چۆنە، پێشتر کاریان نەکردووە بۆ شاری سلێمانی". هەروەها دەڵێ "وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق، پێیڕاگەیاندین کە 21 ملیار دیناریان بۆ پارێزگای سلێمانی تەرخانکردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا تەنیا 50 ملیۆن دینار گەیشتووە".

عوسمان مستەفا پێیوایە ئەو هاوکاریانەی کە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق بۆی ناردوون مایەی گاڵتەپێکردنن "لەم گەرمای هاوینەدا کە پلەی گەرما 43پلەیە، بەتانییان بۆ ناردووین، ئەمە وەک گاڵتەکردنە بەو ئاوارانە لە کاتێکدا ئێستا 40%ی منداڵانی ئاوارە شیرەخۆرن و پێویستیان بە شیرە".

عوسمان باسی ڕەوشی ئەو ئاوارانەی بۆ وەزیری کۆچ و کۆچبەران کردووە و نموونەیەکی بۆ هێناوەتەوە و پێیگوتووە 16 خێزانی ئاوارە لەنێو مزگەوتێکی چەمچەماڵدان، ماوەی مانگێکە ژنێکی خاوەن ئەنفال بەخێویان دەکات، بەڵام وەزیر هیچ وەڵامێکی نەبوو "لە ساڵی 2003وە حکومەتی عێراق ئاوارە بۆ ئێمە دەنێرێت، بەبێ ئەوەی هاوکارییان بکات".

## لە چەند دایەنگەیەکی هەولێر

# حەبی خەو شوێنی لایلایە دەگرێتەوە



**هەڵۆ کاکەوەیس**
**ڕووداو- هەولێر**

"هەندێک دایەنگە پارەی زیاد وەردەگرن"، "خواردنی ماوەبەسەرچوو دەدەنە منداڵان". هەروەها "حەب و شروب دەدرێتە منداڵان بۆ خەواندن".

ئەم کێشانە و چەندین کێشەی دیکە، وای لە وەزیری تازەی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی کرد کە دوای دەستبەکاربوونی، لەگەڵ بەرپرسانی دایەنگەکان کۆببێتەوە و داوای ڕاپۆرتی 4 ساڵی ڕابردوویان لێ بکات.

محەممەد هاودیانی، وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بە (ڕووداو)ی گوت "دوای بینینی ڕاپۆرتەکان، ڕێنمایی نوێ دەردەکەین بۆ بەڕێوەبردنی دایەنگەکان".

سامی ئیبراهیم ڕۆژبەیانی، کە پارێزەرە و منداڵیشی لە دایەنگە بووە، باسی بەسەرهاتی کچەکەی دەکات لە دایەنگەیەکی شاری هەولێر و دەڵێت "لە ئەیلولی 2009 کچەکەم زۆر بە خراپی دەموچاوی بریندارکرابوو، کاتێک چوومە دایەنگەکە گوتیان دەموچاوی بەر دەرگا کەوتووە، بەڵام من سوور بووم لەسەر ئەوەی کە ڕاستییەکەم پێبڵێن، ئیدی گوتیان لەدەستمان دەرچووە".

کێشەی منداڵەکەی سامی سکاڵای بەڕێوەبەری دایەنگەکە و سامیشی لێکەوتەوە کە ئەم هەفتەیە دانیشتنێکی دادگا لەوبارەیەوە بەڕێوەدەچێت.

بەپێی ڕاپۆرتی دادپزیشکی هەولێر بە ژمارە 4489 لە 2009/9/7، ئەو منداڵە لێیدراوە و دەموچاویشی بریندار کراوە، جگە لەوەش گازی لێگیراوە، بەوهۆیەشەوە تووشی شۆکی دەروونی بووە. ساڵی دواتر وەزارەتی پەروەردە، مامۆستای سەرپەرشتیاری دایەنگەکەی بە (ئاگادارکردنەوەیەک) سزا دا.

ئەو پارێزەرە دەڵێت چەندین کەسی دیکە دەناسێت کە منداڵەکانیان لە منداڵەکەی ئەو خراپتریان بەسەر هێنراوە، بەڵام سکاڵایان تۆمار نەکردووە.

هێرش حوسێن، جێگری قایمقامی هەولێر و سەرۆکی لیژنەی بەدواداچوون لە پارێزگای هەولێر بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تاوەکو ئێستا چەندین دایەنگەمان داخستوون، چونکە خاوێن نەبوون و شوێنیان گونجاو نەبووە، یان کەلوپەلی پێویستیان نەبووە، هەروەها نرخەکانیان زۆر بووە، یان سەرپەرشتیارەکانیان کەمبوون بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی منداڵەکان".

بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، نابێت دایەنگەکان مانگانە لە 100 هەزار دینار زیاتر وەربگرن بۆ هەر منداڵێک، بەڵام زۆر لە دایەنگەکان تاوەکو 300 هەزار دیناریش وەردەگرن.

دیمەن محەممەد بایز، بەرپرسی دایەنگەکان لە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بە (ڕووداو)ی گوت "دایەنگەکان وەسڵی 100 هەزار دینار بە خەڵکی پڕدەکەنەوە، بەڵام 100- 200 دۆلاریان لێوەردەگرن، ئەمەش کەمتەرخەمی خۆیانە کە ڕازین بەپێدانی ئەو بڕە پارەیە، ئێمەش ناتوانین لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو دایەنگانە بکەین".

هاووڵاتییەک بە ناوی (ک.ف.ج) بە (ڕووداو)ی گوت "منداڵەکانی من و چەند کەسێکی دیکە حەبی خەویان پێدەدرێت، چونکە کاتێک دەیانبەینەوە ماڵ بەردەوام گێژن و خەواڵوون".

دیمەن محەممەد دەڵێت "باوانی هەندێک لە منداڵان پەیوەندییان پێمانەوە کردووە کە حەبی خەو تێکەڵاوی شیر کراوە و دراوەتە منداڵەکانیان، بەڵام ئەو شیرەمان بردووەتە تاقیگە و هیچ جۆرە ماددەیەکی تێدا نەبووە".

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاودێریی گشتی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا لیژنەکانی وەزارەتی کار 41 دایەنگەیان داخستووە، لەبەر پابەندنەبوونیان بە ڕێنمایی و مەرجەکانی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، سەرباری ئەوانەش 10 دایەنگەش لەلایەن لیژنەی پارێزگاری هەولێرەوە مۆڵەتیان لێسەندراوەتەوە.

دیمەن محەممەد گوتی "لەو 41 دایەنگەیەی داخراون هیچیان مۆڵەتیان پێنەدراوەتەوە"، لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە ئەو دایەنگانەی پێداخراون، وەک دیمەن گوتی "پێدانی خواردنی ماوە بەسەرچوو بە منداڵان، وەرگرتنی پارەی زیاد، هەروەها کارمەندی تەواویان نەبووە و کارتی تەندروستییان نەبووە. هەڵسوکەوتی خراپیشیان لەگەڵ منداڵان کردووە".

وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی دوو جۆرە دایەنگەی هەیە حکومی و ئەهلی، هاوکات لیژنەی تایبەتیشیان هەیە بۆ دڵنیابوون لەشێوەی کاری ئەو دایەنگانە. لە سنووری پارێزگای هەولێر 44 دایەنگەی ئەهلی و 5 دایەنگەی حکومی هەن، هەروەها 5 دایەنگەش لەنێو نەخۆشخانەکاندا هەن.

بەپێی ڕێنماییە نوێیەکانی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، پێویستە لەمەودوا بینای دایەنگەکان گونجاو بێت، بەشێوەیەک بۆ هەر منداڵێک یەک مەتر دووجا تەرخان بکرێت، هەروەها پێویستە سەرجەم بەڕێوەبەرانی دایەنگەکان لە بڕوانامەی بەکالۆریۆس کەمتریان نەبێت.

## ڕوونکردنەوە

لەژمارە 318ی هەفتەنامەی ڕووداودا لاپەڕە 21 وتارێک بە ناونیشانی (ریفراندۆم لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتی و دەستوورییەوە) بەناوی ئەبوبەکر کاروانی بڵاوکراوەتەوە، بەڵام وتارەکە هی بەختیار حەیدەر، بەرپرسی فەرمانگەی یاسایی پارتی دیموکراتی کوردستانە، نەک ئەبوبەکر کاروانی، بۆیە داوای لێبوردن لە هەردووکیان دەکەین.

ڕووداو



چیا بچووکترین پێشمەرگەی کوردستانە

لەسەر

# چیا پێشمەرگە نییە

لە ژمارە (318)ی هەفتەنامەی (ڕووداو)دا لە ڕۆژی 2014/7/14 بابەتێک بەناونیشانی "چیا بچووکترین پێشمەرگەی کوردستانە" بڵاوکراوەتەوە.

بێگومان مانشێتی بابەتەکە زۆر سەرنجڕاکێشەو وایکرد کە ژمارەیەک ڕێکخراوی ناوخۆیی و جیهانی بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتە بکەن. ئێمە لە وەزارەتی پێشمەرگە ڕایدەگەیەنین کە ئەم هەواڵە جیا لە مانشێتەکەی لەناوەڕۆکدا پوخت و کورت باسی بەسەرهاتی کوڕێکی هەرزەکار دەکات کە جلێکی سەربازیی لەبەر کردووە و تفەنگێکی پێیە.

ڕیپۆرتەرەکەی ڕووداو لە زاری چیاوە دەنووسێت کە ئەو کوڕە پێشمەرگە نییە، بەڵکو بەئارەزووی خۆی هاتووەتە بەرەکانی پێشەوە و حەز دەکات لەئاییندەشدا خزمەت بە پێشمەرگە و کوردستان بکات. بێگومان لەسەر ئەم بابەتە کۆمەڵێک ڕێکخراوی مەدەنی هاتوونەتە سەرخەت و ناڕەزایەتیان دەربڕیوە، بەوەی کە لەناو ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان منداڵی تەمەن 15 ساڵی تێدایە. بۆیە پێویستە بگوترێت کە هەروەک لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژەی پێکراوە (چیا) لەبەر کەمیی تەمەن نەکراوە بە پێشمەرگە، بەڵکو لەگەڵ باوکی کە لەناو هێزەکانی پێشمەرگە بە پلەی ڕائد خزمەت دەکات، چووە بۆ ناو پێشمەرگەکان. ناوبراو لە بەرەکانی دواوەی هێزی پێشمەرگە بووە و ئێستاش لەوێ نەماوە. هاوکات وەک لە ڕاپۆرتەکەدا دەرکەوتووە، چیا بەهۆی پەروەردەی نیشتمانی ئاواتی خزمەتکردنی وڵاتەکەی هەیە و باوکی بۆ دامرکاندنی ئەو حەزە لەگەڵا خۆی بردوویەتی و ئەوە لەسەر حیسابی وەزارەتی پێشمەرگە نییە و نابێت.

ئێمە لەکاتێکدا ڕەتیدەکەینەوە کە بەهیچ شێوەیەک لەناو ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگە منداڵی تەمەن 15 ساڵی هەبێت، لەهەمانکاتیشدا داوا دەکەین کە ڕۆژنامەنووسان زۆر هەستیارانە مامەڵە لەگەڵ ئەو هەواڵانە بکەن و بەمانشێتی سەرنجڕاکێش ڕووداوەکان بە ئاڕاستەیەکی دیکەدا نەبەن.

**ڕاگەیاندنی وەزارەتی پێشمەرگە**

ڕووداو هەمەجۆر
ژمارە (319) دووشەممە 2014/7/21

## سلێمانی بە کرمانجی



**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- سلێمانی**

تیپی میوزیکی سلێمانی بە بەرهەمێکی نوێ دەگەڕێتەوە مەیدانی هونەری، بەڵام ئەمجارە بەجیاواز لە جاران گۆرانییەک بەشێوەزاری کرمانجی تۆمار و کلیپ دەکات.

سامان ئەلیاس، ئەندامی گرووپەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەم کلیپە کارێکی تازەی تیپی مۆسیقای سلێمانییە کە بەشێکی کارەکە لە شاری سلێمانی تۆمار کراوەو بەشێکیشی لە سوید" .

سامان دەربارەی بەرهەمەکە دەڵێت "تێکستی ئەم گۆرانییە ئیمان بۆتانی نووسیویەتی و ئاوازەکەشی خۆم دامناوە، هونەرمەند گورسیل دایان گۆرانییەکە دەڵێت کە خەڵکی باکووری کوردستانە، هەردی عومەریش کاری دەرهێنانی کلیپەکەی کردووە" .

## نارین دەبێتە خزمەتکار



**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

نارین فەقێ کە ماوەیەکی زۆرە لە گۆرانیگوتن دابڕاوە، هۆکارەکەی ئاشکرا کرد و گوتی کە ماوەی ساڵێک لەماڵەوە خزمەتی کچەکەی کردووە.

نارین فەقێ کە خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانە، ئێستا سەرقاڵی تۆمارکردنی گۆرانییەکە کە باس لە ڕەوشی پەنابەرانی ڕۆژئاوای کوردستان دەکات و لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی گوت "وەک پاڵپشتییەک بۆ ئاوارەکانی ڕۆژئاوا، گۆرانییەکم بۆ تۆمارکردوون" .

نارین کە ماوەی ساڵێک بوو لە کاری هونەری دوورکەوتبووەوە، گوتی "بەهۆی ڕۆنیای کچم لە هەموو کارێکی هونەری دوورکەوتبوومەوە، دەمویست هەموو ژیانم بۆ ئەو تەرخان بکەم، چونکە لەو باوەڕەدابووم لە ساڵی یەکەمی تەمەنی زۆر پێویستی بە منە" .

## ئێرلەندا لوڕ وەرناگرێت

**ڕووداو- هەولێر**

بڕیار بوو گرووپی میوزیکی لوڕ بەکۆنسێرتێک بەشداری فێستیڤاڵی بەدرخان لە ئێرلەندای باکوور بکات، بەڵام بەهۆی قەیرانی عێراقەوە، حکومەتی ئێرلەندا ڕێگای نەدا گرووپەکە بچێتە ئەو وڵاتە.

کۆسار فەتاح، گوتەبێژی گرووپەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "گرووپەکەمان داوەتی فێستیڤاڵی بەدرخان بوو کە بڕیاربوو لە ئێرلەندا بەڕێوەبچێت، بەڵام حکومەتی ئێرلەندا قبوڵی نەکرد ئێمە بچین، بەهۆی ئەوەی لە عێراق شەڕەو ترسیان هەبوو، بۆیە فیستیڤاڵەکە دواخرا بۆ 2014/8/24" .

کۆسار گوتیشی گرووپەکەیان داوەتکراوە بۆ کۆنگرەی لاوانی عەرەبی کە بڕیارە لە 2014/10/15 لە ڕۆمانیا ببەسترێت. دەستپێکی کردنەوەی کۆنگرەکەش بە ئاواز و گۆرانی کوردی دەبێت.



## هێرۆ تێست دەکرێت



**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

کچە ئەکتەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێرۆ حەسەنزادە، دوای ڕۆڵبینینی لە چەند فیلمێکدا، ئێستا بەنیازە ببێتە پێشکەشکار.

هێرۆ لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دوای ئەوەی ڕۆڵم لە چەند فیلمێکی کوردیدا بینی، داوام لێکرا ببمە پێشکەشکاری بەرنامەیەک، لەم ڕۆژانە چەند بەرنامەیەکم وەک تێست لە یەکێک لە کەناڵە ئاسمانییەکان تۆمار کردووە، ئەوانیش زۆر پێیان باش بوو" .

هێرۆ حەسەنزادە، بەهۆی ڕۆڵبینینی لە فیلمی سیمای خۆڵەمێش ناوبانگی دەرکرد.

## موکریان پەشیمانە



**ڕووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژ وموزیکژەن موکریان ئەبوبەکر نوێترین گۆرانی خۆی بەناوی پەشیمانم لە هەولێر کلیپ کرد.

لەوبارەیەوە یوسف لەشکری دەرهێنەری کلیپەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "موکریان لەسەر ئەرکی خۆی گۆرانییەکی بەناوی پەشیمانم کلیپ کرد کە لە ئاواز و تێکستی خۆیەتی" .

لەشکری گوتیشی "هەموو کارەکانی ئەم کلیپە تەواو بووە، لەم ڕۆژانە لە کەناڵەکاندا پەخش دەکرێت کە لە ڕووی دەرهێنانەوە ئیشی مۆدێرن و پرۆفیشناڵی بۆ کراوە، جیاواز دەبێت لە کارەکانی پێشووی" .

## دالیا پێویستی بە لایکە



**ڕووداو- هەولێر**

دالیا ڕێبوار شاجوانی ئینتەرنێتی کوردستان خۆی کاندیدکردووە بۆ شاجوانی جیهان، کە لە تایلەند بەڕێوەدەچێت.

دالیا لە پەیجی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک داوا دەکات لایک و شێری بکەن. دالیا دەڵێت "من وەک نوێنەری کوردستان بەشداری کێبڕکی شاجوانی جیهانی دەکەم، تاوەکو ئێستا من یەکێکم لەو 10 کچە سەرنجراکێشانەی جیهان کە هەڵبژێردراوین بۆ زۆرترین لایک و شێر" .

دالیا داوا لە خەڵکی کوردستان دەکات سەردانی ئەم پەیجە بکەن بەناوی "Miss Grand International" و لەوێ بنووسن کوردستان، هەرچەند لایک و شێری بکەن چانسی سەرکەوتنی زیاتر دەبێت.

## ڕاغب عەلامە دەبێتە عێراقی



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

ئەستێرەی گۆرانی لوبنانی ڕاغب عەلامە نوێترین گۆرانی بەشێوەزاری عێراقی تۆمار کرد و بڕیارە لە ئەلبوومە نوێیەکەیدا بڵاوی بکاتەوە.

ڕاغب عەلامە ڕایگەیاند ئێستا سەرقاڵی تۆمارکردنی گۆرانییەکە بەناوی (تحب روحک انت و بس) کە بەشێوە ئاخاوتنی عێراقی دەیڵێت. گۆرانییەکە لە ئاوازی عادل عێراقییە و یەکێک دەبێت لە گۆرانییەکانی ناو ئەلبوومە نوێیەکەی کە بڕیارە دوای جەژن بڵاوی بکاتەوە.

## کلۆدیا دەینوێنێت



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

ئەکتەری شۆخ و شەنگی عێراقی و شاجوانی عەرەبی ساڵی 2006 دوای ئەوەی چەند ئەلبوومێکی گۆرانی بڵاوکردەوە، ئێستا هەوڵدەدات بچێتە نێو دونیای نواندن.

کلۆدیا ئێستا لە میسر دەژیت و دەیەوێت لەگەڵ ئەکتەرانی میسری ڕۆڵ لە فیلم و دراما ببینێت، لەوبارەیەوە گوتی "ئێستا خەریکی بەرهەهێنانی درامایەکین کە لەگەڵ گەورە ئەکتەرانی میسری ڕۆڵ دەبینم وەک ئەحمەد بدێر، حەسەن یوسف و سیرین عەبدولنوور" .


کلۆدیا گوتیشی "ئەم درامایە باس لە کێشەکانی ئافرەتی عەرەبی دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا حەز و خولیاکانی ئەوانیش بۆ ژیان دەردەخات" .

## بەختی ڕووداو




ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

**کاوڕ**




گۆڕانەکانی داهاتوو بە شێوەیەک دەبێت کە بە قازانجت بشکێتەوە، سۆزداری ئاسوودەییەکی گەورەت پێدەبەخشێت. دەتوانن ئەنجامی کارە باشەکانتان بۆ چواردەورەکەتان باس بکەن کە پلەوپایەتان بەرز دەکاتەوە.

**گا**




ئەم دۆخە نوێیە تەنها کارەکانی تۆی ڕانەگرتووە، هەرچەندە چاوەڕوانی ناخۆشە، بەڵام زۆر جار دەبێتە مایەی ئەنجامێکی باش. ئەو کەسانەی پێشتر دژایەتییان دەکردن ئێستا دەبنە هاوکار و یارمەتیدەرێکی باش.

**جمک**



هەوڵێکی دیکە بدەن بۆئەوەی چارەسەر بۆ گرفتەکان بدۆزنەوە. لەگەڵ سۆزدارەکانتان پەیوەندییەکی بەهێز دروستدەکەن. لەبەدیهێنانی ئاواتێک نزیک دەبنەوە دڵسۆزەکانتان ئامادەن بەهەموو شێوەیەک هاوکاریتان بکەن.

**قرژاڵ**



بەشێکی گەورەی کارەکانت تەواو کردووە و ئەمەش بە سەرکەوتن ئەژمار دەکرێت، بەرنامەیەکی باش بۆ تەواوکردنی کارەکانت دیاربکە، هەرچەندە کەمێک بێزاریت، بەڵام سەرکەوتنی گەورە چاوەڕوانت دەکات.

**شێر**



بەهۆی گۆڕانێکەوە هیوا و گەشبینیتان بۆ دەگەڕێتەوە، هەموو هەوڵەکانتان لە بارەی دەرامەتەوە بەگەڕبخەن چونکە فرسەتێکی زۆر باشە دەسکەوتتان زیاتر دەبێت و هەنگاوەکانیش خێراتر دەبن.

**گوڵەگەنم**




هەندێک جار ئاسوودەیی خۆی دەرناخات، بۆیە دەبێت بەهیواوە بەشوێنیدا بگەڕێی و بیدۆزیتەوە. کاتێکی باشە بۆ بەشداریکردن لە خولەکانی فێربوون، بەتایبەت ئەو بابەتانەی ئارەزووی دەکەن.

**تەرازوو**




هەندێک کار زۆر ماندووت دەکەن هەتا دەگەنە ئەنجام، بەڵام لەدواییدا سەرکەوتن هەستێکی پڕ لە خۆشیت پێدەبەخشێت. هەوڵ بدەن فرسەتەکان بقۆزنەوە، چونکە کاتێکی باشە بۆ پێداچوونەوە

**دووپشک**




ڕەنگە هەموو لێکدانەوە و بۆچوونەکانت ڕاست نەبن، هەتا لە شتێک دڵنیا نەبیت بڕیاری کۆتایی لەسەر مەدە. دەتوانن سەرچاوەی دەسکەوتەکانتان زیاد بکەن. کاتێکی باشە بۆ ڕێکخستنەوەی هەموو ئەو شتانەی پەیوەندی بەماڵ و خێزانەوە هەیە.

**کەوان**




کەس لەهەموو شتەکانی خۆی و چواردەورەکەی ڕازی نییە، هەوڵەکان دەتوانن بەشێکی ناتەواوییەکان چارەسەر بکەن، پەیوەندییەکانتان بەرفراوان دەبێت، لەگەڵ کەسانێکی گرنگ و سەرنجڕاکێش دەبنە هاوڕێ.

**کارژۆڵە**




لەگەڵ جددیبوونی کارەکانی ئەم ماوەیەدا کەمێک دەربڕینەکانت نەرمتر بکەرەوە، بەم دوولایەنە کاریگەری بەهێز لەسەر چواردەورەکەت دروست دەکەیت. کاتێکی زێڕینە بۆ دەستپێکردنەوەی ئەو پڕۆژانەی دواکەوتوون.

**سەتڵ**



دڵتەنگیت کاریگەری دەخاتە سەر بەرامبەرەکەت و گومانی بۆ دروست دەکات، کاتێکیش بەخەندەوە مامەڵەی دەکەیت، هێندەی دیکە شیرینتر دەبیت، کە ڕێگایەکی هێندە ئاسان هەیە ئیتر بۆ خۆت خەمبار دەکەیت.

**نەهەنگ**



بەدیهێنانی خەون و ئاواتەکانت لەدەستی خۆتدایە، لەم کاتە گرنگەدا دەتوانن کاریگەریتان بەسەر کەسایەتییەکانی چواردەورتانەوە هەبێت. پەیوەندیتان لەگەڵ بەرپرسەکانی کار بەهێز بکەن. چەند فرسەتێکی گرنگ دێنە پێشەوە.

## لە 10 ساڵی رابردوودا

# نرخی زەوی لە هەولێر 45 بەرابەر بووە

**عومەر ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

کەرتی خانووبەرە یەکێک لە کەرتە گرنگەکانی ئابووریی هەر وڵاتێکە کە زۆر هەستیارە بە رووداوە سیاسی و ئابوورییەکانی. ئەو کەرتە لە دیاریکردنی رێچکەی ئابووریی وڵاتاندا پێگەیەکی تایبەتی هەیە. بۆ نموونە زۆر لە شارەزایانی ئابووری، هۆکاری دارمانی ئابووریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی 2008 بۆ دابەزینی سەرسوورهێنەرەی نرخی خانووبەرە لەو وڵاتە دەگێڕنەوە. دیارە سستیی ئابووریی ئەمریکاش پاش 2008 کاریگەری نەرێنی زۆری لە ئابووریی وڵاتانی دیکەی جیهان دانا، بەو پێیەی کە بە یەکەم ئابووریی جیهان دادەنرێت.

بۆ زانینی ئاراستەی خانووبەرە لە باشووری کوردستان لە 10 ساڵی رابردوودا، (رووداو) ماوەی سێ مانگە لەگەڵ کۆمپانیایەکی تایبەت بە خانووبەرە کە 10 لقی لە هەولێر هەیە، سەرقاڵی کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکانی پەیوەست بە نرخی زەوی بووە.

کۆمپانیای باغی شەقڵاوە تایبەت بە خانووبەرە، هەموو زانیارییەکان و گرێبەستەکانی کڕین و فرۆشتنی خانووبەرەی داوەتە (تۆڕی میدیایی رووداو) و ئەو داتایانەش لە دیسکی ئابووریی رووداو شیکارییان بۆ کراوەو هەوڵ دراوە بزانرێت ئاراستەی نرخی زەوی لە 10 ساڵی رابردوواو پاش پرۆسەی ئازادیی عێراق چۆن گۆڕاوەو چ رووداوگەلێک کاری تێکردووە.

گرنگترین ئەو خاڵی وەرچەرخانانەی کە لە ئەنجامی شیکردنەوەی داتاکانی کڕین و فرۆشتنی زەوی تێبینی کراون، دەستپێکردنی گەشەی نرخی زەویە لە ساڵی 2008 و بەردەوامبوونی تا ساڵی 2011.

هەروەها دابەزینی نرخی زەوییە لە ساڵی 2012 و بەرزبوونەوەی لە نیوەی یەکەمی ساڵی 2013 و دووبارە دابەزینی لە نیوەی دووەمی ساڵی 2013.

هۆکاری سەرەکیی بەرزبوونەوەی نرخی زەوی لە ساڵی 2008 دەگەڕێتەوە بۆ بەرزبوونەوەی داهاتی نیشتمانیی باشووری کوردستان لەو ساڵەدا بەراورد بە ساڵی پێشووتری.

داهاتی ساڵانەی تاکەکەس لە 1500 دۆلاری ساڵی 2007ەوە لە باشووری کوردستان بەرزدەبێتەوە بۆ نزیکەی سێ بەرابەر، واتا 4300 دۆلار لە ساڵی 2008دا، ئەوەش بزوێنەری سەرەکی بەرزبوونەوەی نرخی زەوی بووە.

بەرزبوونەوەی داهاتی تاکەکەس لەساڵی 2008 ەوە دەستپێدەکات و تا 2011 دەگاتە نزیکەی 5000 دۆلار، بەهەمان شێواز نرخی زەوی تا ئەو ساڵە بەردەوامە لە بەرزبوونەوە.

هۆکاری سەرەکیش لە پشت بەرزبوونەوەی داهاتی نیشتمانیی باشووری کوردستان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پاش پەسەندکردنی یاسای نەوت و گاز لە ساڵی 2007 و بەرزبوونەوەی چالاکیی کۆمپانیا بیانییەکانی نەوت، وەبەرهێنانێکی بەرچاولەلایەن ئەوکۆمپانیایانەوە دەستپێدەکات.

لە ساڵی 2007 بەدواوە تا ساڵی 2014 ، کۆمپانیا بیانییەکانی نەوت زیاتر لە 20 ملیار دۆلار وەبەرهێنانیان لە باشووری کوردستان کردووەو ئەوەش خاڵی وەرچەرخانێک بووە بۆ گۆڕینی سیمای ئابووریی باشووری کوردستان.

بەهۆی گەشانەوەی کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان و گەرموگوڕبوونی بازاڕی باشووری کوردستان لە دوای 2008، ژمارەیەکی زۆر بازرگان و کەسانی شارەزاو کرێکاری بیانیش روو لە کوردستان دەکەن و بەهۆی بەرزبوونەوەی خواست لەسەر نیشتەجێبوون نرخی کرێی خانوو بەرزدەبێتەوەو هەر ئەوەش هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی زەوی و خانووبەرەیە.

بەرزبوونەوەی کرێی خانوو، وەبەرهێنانێکی زۆر لە کەرتی خانووبەرە بۆ خۆی رادەکێشێت و ئەوەش هۆکارێکی دیکەی گرانبوونی نرخی زەوییە لە باشووری کوردستان.

گەرموگوڕیی بازاڕی خانووبەرە لە 2008 بەدواوە بەردەوام دەبێت تا 17 ی شوباتی 2011. بەهۆی دروستبوونی نیگەرانی لە بارودۆخی ئەمنی، وەبەرهێنان لە کەرتی خانووبەرە خاودەبێتەوە و قەبارەی مامەڵەکان لەو کەرتەدا بچووک دەبێتەوە.

سستبوونی بازرگانی و وەبەرهێنان لە کەرتی خانووبەرە دەستبەجێ کار ناکاتە سەر دابەزاندنی نرخی زەوی تا ساڵی 2012. بەڵام بەردەوامیی ئەو بارودۆخە لە ساڵی 2012 هاوشێوەی ساڵی پیشووتری دابەزینی نرخی زەوی لێدەکەوێتەوە.

لە کۆتایی ساڵی 2012 و دەسپێکی ساڵی 2013 نرخی زەوی ئاراستەکەی دەگۆڕێت و بەرزبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێت.

ئەو بەرزبوونەوەیە بەهۆی دەسپێکی هەڵبژاردنەکان لە باشووری کوردستان و دواکەوتنی دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی شەش مانگ رادەوەستێ و دووبارە نرخی زەوی دادەبەزێ و لە کۆتایی ساڵی 2013 و نیوەی ئەمساڵدا ئەو دابەزینە هەر بەردەوامە.

ئەو گۆڕانکارییە ئەمنییانەی کە لە عێراق هاتوونەتە ئاراوە پاش دەستبەسەرداگرتنی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی، بووە هۆکاری ئەوەی کە بازاڕی خانووبەرە سست بێتەوەو نرخەکانی زەویش بەردەوام بن لە دابەزین.

بۆ ئەوەی زیاتر بازاڕی زەوی لە 10 ساڵی رابردوودا لە باشووری کوردستان تاوتوێ بکەین، داتاکانی چوار گەڕەکی: سەربەستی، نازناز، بەختیاری و وەزیران لە شاری هەولێر کە تایبەتمەندیی گەشەسەندنیان هەبووە دەخەینەڕوو.

### زەوی نیشتەجێبوون

لە گەڕەکی سەربەستی کە بە 32ی پارک ناسراوە، نرخی هەر مەتر زەوی لە ساڵی 2004 دا، 42 دۆلار بووە کە نرخەکەی لە ساڵی 2014 بەرزدەبێتەوە بۆ مەترێک 900 دۆلار، ئەوەش بەو مانایە دێت کە پاش 10 ساڵ نرخی زەوی لەو گەڕەکە بەرزدەبێتەوە بۆ 21 بەرابەری نرخە سەرەتاییەکەی.

نرخی زەوی لە گەڕەکی سەربەستی لە 2004 ەوە تا 2009 بە رێژەی ساڵانە 81% بەرزبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێت و لە 2009 تا 2012 بەڕێژەی 104% بەرزدەبێتەوە.

ئەوە لە کاتێکدایە لە کۆتایی ساڵی 2012 تا سەرەتای ساڵی 2013 بەڕێژەی 370% دابەزین بەخۆیەوە دەبینێت، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ قوڵبوونەوەی کێشەی سیاسی نێوان باشووری کوردستان و بەغدا.

لە 2013ەوە تا سەرەتای ساڵی 2014 بە رێژەی 47% بەرزبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێت، بەڵام لە سێ مانگی سەرەتای ساڵی 2014 ئاراستەکەی بەرێژەی 60% دیسان دادەبەزێت.

لە نێوان مانگی 3 تا سەرەتای مانگی 6 ی 2014 بە رێژەی لەسەدا 40 بەرزبوونەوە بە خۆیەوە دەبینێت، بەڵام لە نیوەی مانگی شەشەوە تا مانگی 7 بەهۆی قەیرانی ئەمنیی عێراق و دەستبەسەرداگرتنی مووسڵ لەلایەن چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی بە رێژەی 240% دابەزین بەخۆیەوە دەبینێت.

لە گەڕەکی نازناز کە بە 284 ناسراوە، نرخی هەر مەترێک زەوی لە 2004 دا، 55 دۆلار بووە کە ئەو نرخە لە ساڵی 2014 دا بەرزدەبێتەوە بۆ 2500 دۆلار. بەو پێیەش نرخی هەر مەتر زەوی لە گەڕەکی نازناز 45 بەرابەر بووە.

لەو گەڕەکە لە 2004 تا 2009 بەرێژەی 85% نرخی زەوی بەرزدەبێتەوە. لە 2010 تا 2013 رێژەی بەرزبوونەوەی نرخی زەوی لەو گەڕەکە دەگاتە 93% . لە مانگی شوباتی 2013 تا مانگی ئایاری هەمان ساڵ نرخی زەوی لە گەڕەکی نازناز بە رێژەی 19% دابەزین بەخۆیەوە دەبینێت، ئەوەش بەهۆی ئەو سستییەی کە ساڵی رابردوو لە کەرتی خانووبەرە لە باشووری کوردستان دروست بوو.

سەرەڕای ئەو سستییەی لە 2013 دەکەوێتە بازاڕی خانووبەرە لە زۆربەی گەڕەکەکانی هەولێر، لە دوو گەڕەکی بەختیاری و وەزیران لەبەر ئەوەی دوو گەڕەکی دەوڵەمەندنشینی پایتەختی هەرێمی کوردستانن و لە بازاڕدا برەوەیان زۆرە، نرخەکان دانەبەزیون. ئەوەش وەک وڵاتانی دیکەی جیهانە. بۆ نموونە لە گەڕەکی کێنسینگتۆنی لەندەن، نرخی خانووبەرە هیچ دابەزین بەخۆیەوە نابینێت تەنانەت لە ئەوپەڕی سستیی بازاڕدا.

### زەوی بازرگانی

لە گەڕەکێکی وەک سەربەستی، لە ساڵی 2004 نرخی یەک مەتر زەوی بازرگانی 279 دۆلار بووەو لە ساڵی 2014 بەرزدەبێتەوە بۆ 5000 دۆلار. بەوپێیەش لە ماوەی 10 ساڵدا نرخەکەی 18 بەرابەر بەرزدەبێتەوە.

لە ساڵی 2006 ەوە نرخی زەوی بازرگانی لە گەڕەکی سەربەستی ساڵانە بە رێژەی 120% بەرزبووەتەوە و سستیی خانووبەرە لە ساڵی رابردوو، هیچ کاریگەرییەکی نەکردووەتە سەر نرخەکان.

نرخی زەوی بازرگانی لەگەڕەکێکی دیکەی هەولێر وەک گەڕەکی نازناز لە ساڵی 2004 ، مەترێک بە 79 دۆلار بووە، لە کاتێکدا ئەو نرخە لە ساڵی 2014 دا بەرزدەبێتەوە بۆ 4100 دۆلار. بەوپێیەش لە ماوەی 10 ساڵدا، نزیکەی 50 بەرابەر بووە.


لە گەڕەکی نازناز نرخی زەوی بازرگانی لە نێوان ساڵانی 2006 تا ساڵی 2010 تەنیا بە رێژەی 32% بەرزدەبێتەوە، لە کاتێکدا لە نێوان ساڵانی 2010 و 2011 بە رێژەی 343% بەرزبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێت.

نرخی خانووبەرەو بەتایبەت زەوی لە پایتەختی باشووری کوردستان لەبەر پێشهاتە ئەمنییەکانی نوێی عێراق دیار نییە بە چ ئاراستەیەک دەڕوات، ئەوەی کە لە داتاکان دەرکەوتووە ئەوەیە لە هەندێ گەڕەکی هەولێر نرخی پارچەیەک زەوی تا 30 هەزار دۆلار دابەزینی بەخۆیەوە بینیوەو ئەوەش کاریگەری کردووەتە سەر راوەستانی جموجۆڵی وەبەرهێنان لەو کەرتەدا.


قەبارەی مامەڵەکردن بە زەوی لە مانگی رابردوو بەدواوە بە رێژەیەکی بەرچاو دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە.




**نرخی مەترێک زەوی بە دۆلار**
**(گەڕەکی بەختیاری)**




**نرخی مەترێک زەوی بازرگانی بە دۆلار**
**(گەڕەکی 284)**




**نرخی مەترێک زەوی بازرگانی بە دۆلار**
**(گەڕەکی سەربەستی)**




**نرخی مەترێک زەوی**
**(گەڕەکی وەزیران)**



# هیوا چاوەڕێی زەکاتە

سەروەر سالار و ڕۆژان ئەبوبەکر
ڕووداو- سلێمانی

بەرپرسانی نەخۆشخانەیەکی شاری سلێمانی دەڵێن نەخۆشخانەکەیان پێویستی بە پارەیەکی زۆرە کە بە حکومەت دابین ناکرێت، بۆیە داوا لە موسڵمانانی کوردستان دەکەن زەکات و سەرفیترەکانیان بدەنە نەخۆشخانەکە. مامۆستایانی ئایینیش دەڵێن ئاساییە زەکات و سەرفیترە بدرێتە نەخۆشخانە.

تا ئێستا بەخشینی زەکات و پارەی خێرخوازی بە دەزگا خزمەتگوزارییەکان لە کوردستاندا نەبووەتە کلتوور، بەرپرسانی نەخۆشخانەی هیوا دەڵێن پێویستیان بە بەخشین و زەکات هەیە.

ئێستا سلێمانی لەسەر ئاستی باشووری کوردستان و عێراقیش بە پایتەختی چارەسەری شێرپەنجە دادەنرێ، بەجۆرێک 30%ی ئەو تووشبووانەی شێرپەنجە کە لە سلێمانی چارەسەریان بۆ دەکرێت، لە پارێزگاکانی دیکەوە هاتوون.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، نەخۆشخانەی هیوا ساڵانە پێویستی بە 100 ملیۆن دۆلارە.

دکتۆر دۆستی نەجات، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی هیوا بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو) ی گوت، خەرجیی نەخۆشخانەکە زۆرە و تەنیا بە حکومەت دابین ناکرێت "ئەمساڵ بەهۆی گرفتی بودجەی گشتیی هەرێمی کوردستان و سەرنجدانی زیاتری حکومەت لەسەر هێزی پێشمەرگە و ناوچە تازە ئازادکراوەکان، پێویستییەکی زیاترمان بە هاریکاریی خێرخوازانە".

تێچووی چارەسەری شێرپەنجە زۆر گرانە و لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووش سیستمی دڵنیایی تەندروستی ناتوانێت پارەکەی دابین بکات، بۆیە بەشی زۆری پارەی چارەسەری شێرپەنجە لەلایەن ڕێکخراوە خێرخوازییەکان و کڵێساکانەوە دابین دەکرێت. لەوڵاتانی وەک ئەڵمانیا، ئوردن، ئێران و میسر 80%ی پارەی چارەسەری شێرپەنجە لەلایەن خێرخوازانەوە دابین دەکرێت.

وەک ئەو پزیشکە باسی دەکات، 90%ی ئەوانەی بۆ چارەسەری شێرپەنجە سەردانی نەخۆشخانەی هیوا دەکەن لە چینی هەژارن کە توانایان نییە بچنە دەرەوە بۆ چارەسەری و ئەو نەخۆشخانەیە دوا هیوایانە.

لە نەخۆشخانەی هیوا و لەژێر چاودێری بەڕێوەبەرێتی گشتی تەندروستی سلێمانی، لیژنەیەک پێکهێنراوە بۆ وەرگرتنی پارەی خێرخوازان و پێشکەشکردنی بەشێوەی وەسڵ بە نەخۆشخانەکە.

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف لە پۆستێکیدا لە فەیسبووک دەڵێت پارەی زەکاتی ساڵانەی دەوڵەمەندانی کوردستان 30-40 ملیۆن دۆلار دەبێت. بۆیە وەزارەتەکەیان پرۆژەیەکی داوەتە حکومەت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕێکخراو سوود لەو پارەیە وەربگیرێت و یارمەتی هەژارانی پێبدرێت.

مامۆستایانی ئایینی دەڵێن بەخشینی زەکات بە نەخۆشخانەی هیوا و هاوشێوەکانی کارێکی دروستە و ئایینی ئیسلام ڕێگەی دەدات "مامۆستایانی ئایینی هان دەدەین تا لە وتاری هەینیدا داوا لە خەڵکی بکەن ئەو خێر و زەکاتەی دەیبەخشن، بیدەنە نەخۆشخانەی هیوا و نەخۆشخانەکانی دیکە". ئەوە قسەی مەلا نیازی هەورامانی، پێشنوێژ و وتارخوێنی ئایینییە بۆ (ڕووداو).

ماوەیەک لەمەوبەر، کەمپینێک لە سلێمانی ڕاگەیەنرا بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک بەمەبەستی فراوانکردنی یەکەی چارەسەری شێرپەنجە بە تیشک لە سلێمانی.

بەشێک لە چارەسەری شێرپەنجە لەڕێگەی لێدانی تیشکەوە دەکرێت. بە گوتەی دکتۆر کارزان مارف، بەڕێوەبەری سەنتەری چارەسەری شێرپەنجە بە تیشک لە سلێمانی، ئەو سیستمی تیشکلێدانەی تا ئێستاش لە هەولێر و موسڵ و بەغدا بەکاردەهێنرێت، سیستمی دوو ڕەهەندییە کە سیستمێکی کۆنە و کاریگەرییەکی بەرچاوی نییە "سیستمی سێ ڕەهەندی تەنیا لە سلێمانی هەیە و بەم هۆیەشەوە نەخۆشەکان لە سەرتاسەری عێراقەوە ڕووی تێدەکەن، بەڵام ئێستا سلێمانی خاوەنی تەنیا دوو ئامێری چارەسەری تیشکە. بۆیە هەر نەخۆشێک نزیکەی 8 مانگی دەوێت تا سەرەی لێدانی تیشکی بەردەکەوێت".

بەگوێرەی زانیارییەکانی (ڕووداو)، هەندێک لە نەخۆشەکان بەهۆی دووریی وادەی چارەسەرەکەیانەوە، بەرلەوەی بگەنە ئەو وادەیە گیان لەدەستدەدەن. دکتۆر کارزان دەڵێت پارێزگایەکی وەک سلێمانی کە ژمارەی دانیشتووانی لە سەرووی ملیۆنێکە، پێویستی بە پێنج ئامێری چارەسەر بە تیشکە.

دکتۆر ژیار ڕەئوف، یەکێک لە بەشدارانی کەمپینی فراوانکردنی یەکەی چارەسەری شێرپەنجە بە تیشک، بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو) ی گوت "ئەگەر بتوانین دوو ئامێری دیکە زیاد بکەین بۆ شاری سلێمانی، سەرەی نەخۆشەکان لە 8 مانگەوە بۆ 2 مانگ کورت دەبێتەوە".

کڕینی دوو ئامێری دیکە و پێداویستییەکانیان، پێویستی بە 12 ملیۆن دۆلار هەیە، تا ئێستا لە چوارچێوەی کەمپینەکەدا 4 ملیۆن دۆلار کۆکراوەتەوە. ئەندامانی کەمپینەکە بەشێوازی نوێ بەردەوام دەبن بۆ زیادکردنی بڕی پارەکە وەک لەڕێگەی حیسابی بانکی و خزمەتگوزاریی کورتەنامەی مۆبایل، مانگی ڕەمەزانیش بە دەرفەتێکی زێڕین دەزانن بۆ ئەم مەبەستە.



( فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

# ئاو دەتکوژێت

ڕووداو- ئاژانسەکان

ئەگەر لەماوەیەکی کورتدا بڕێکی زۆر ئاو بخۆنەوە، ئەوا مەترسی لەسەر تەندروستیتان دروست دەکەن، بۆ نموونە کاتی ڕۆژوو شکاندن.

ئەو بڕە ئاوە ئاساییەی کەسێکی تەندروست لە ئەنجامی تینوێتی و گەرمابوون دەیخواتەوە، نابێتە هۆی ژەهراویبوون و بگرە پێویستیشە بۆ تەندروستیی لەش و جوانیی پێست، ئاوە زیادەکەش لەڕێی گورچیلەکانەوە دەردەکرێت بۆ ناو میزەڵدان و لە لەش دەکرێتە دەرەوە. بەڵام ئەگەر کەسێک بڕێکی ئێجگار زۆر ئاوی لە کاتێکی کەمدا خواردەوە، ئەوە گورچیلە فریای کردنە دەرەوەی ناکەوێت و بەو هۆیەشەوە خوێنی کەسەکە بەڕادەیەکی ترسناک ڕوون دەبێتەوە، هەروەها باڵانسی ڕەگەزەکانی خوێن تێکدەدات، کارەبایی ماسولکە و دەمار و دڵیش تێکدەدات. جگە لەوەش ڕۆیشتنی ئاوە زیادەکە بۆ ناو خانەکانی لەش ئاوسان و تەقینی خانەکانی لێدەکەوێتەوە.

نموونەی ئەو کارەساتانەی بەهۆی تێکچوونی باڵانسی ڕەگەزەکانی خوێن ڕوودەدەن، بریتین لە تێکچوونی کاری مێشک و دەمارەکان و تێکچوونی ڕیتمی دڵ و دواتر وەستانی. نموونەی ئەو کارەساتانەش بەهۆی ئاوسانی خانەکان ڕوودەدەن، ئاوسانی مێشک و دواتر ڕاوەستانی سەنتەری هەناسەدان و پاشان مردن. نموونەی ئەو تراژیدیایانەی لە خواردنەوەی ئێجگار زۆری ئاو کەوتەوە، ئەو ڕووداوە بوو کە 12ی کانوونی دووەمی 2007 لە ئەمەریکا ڕوویدا، کاتێک جێنیفەر سترێنج کە دایکی سێ منداڵ بوو، بۆ بردنەوەی پێشبڕکێیەک 8 لیتر ئاوی بە جارێک خواردەوە و دوای چەند کاژێرێک گیانی لەدەستدا.



# زێدەگۆشتی پێست



زێدەگۆشتی پێست، لە نێوەڕۆکدا لە ریشاڵی کۆلاجینی و چەورییەخانە و دەمارەخانە و بۆری خوێن پێکهاتووە و بە پێستێکی تەنک داپۆشراوە.

لە ڕواڵەتیشدا پارچە گۆشتێکی قەبارە بچووکە و بە ملێکی باریک بەستراوەتەوە بە پێستی لەشەوە. ئەو زێدەگۆشتە زیاتر لە درزەکانی پێستی مل، بنباڵ، بنڕان، ژێر مەمک، ڕووکاری ناوەوەی قۆڵ و پێڵووی چاودا دەردەکەون.

## زێدەگۆشت لە کێ پەیدا دەبێت؟

46%ی ژنان و پیاوان بەدرێژایی تەمەنیان تووشی ئەم حاڵەتە دەبن، ئەو حاڵەتانەش کە دروستبوونی زیاد دەکەن بریتین لە: سکپڕی، قەڵەوی و نەخۆشیی شەکرە.

## مەترسییەکانیان:

هەرچەندە پێکهاتەیان لە لوو دەچێت، بەڵام بەگشتی جێگای مەترسی نین، ئەوەندە هەیە زۆرجار کە دەلکێن بە خشڵەوە یان زۆر لە جل دەخشێن یان کاتی تاشین دەبڕدرێن، کەسەکە بێزار دەکەن و هەندێجار خوێنیان لێدێت و لەوانەشە دواتر تووشی هەوکردن ببن.

## هۆکاری پەیدابوونیان:

تا ئێستا هۆکاری تەواوەتیان نەزانراوە، بەڵام وا بڕوا دەکرێت ئەمانە ئەگەری دروستبوونی زیاتر بکەن:

- لێکخشانی زۆری دووڕووی پێست لە یەکدی.
- هۆرمۆنەکان، وەک لەکاتی سکپڕیدا.
- کەمبوونەوەی هەستەوەریی خانەکان بۆ کاری ئەنسۆلین، وەک لە شەکرەدا.
- ڤایرۆسی HPVکە بالوکە دروست دەکات.
- زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی ماددە ستیرۆیدییەکان، بە تایبەتی لەلایەن یاریزانانی لەشجوانی.

## چارەسەر:

بەهۆی ئەوەی بێ زیانە، گۆشتی زیادە زیاتر بەمەبەستی جوانکاری لادەبرێ، ئەوەش بە یەکێک لەم ڕێگایانە:

- لەناوبردنی کارەبایی.
- گەیاندنە پلەی زۆر نزمی گەرمی و مراندنی شانەکە بە نایترۆجینی شل.
- گرێدان، ئەویش بە بەستنی و پچڕاندنی سووڕی خوێن بۆ گۆشتە زیادەکە.
- لابردن بە نەشتەرگەرییەکی بچووک.

# فشەڵبوونی ئێسک



ئێسک شانەیەکی زیندووە و بەردەوام لە نوێبوونەوەدایە، بەجۆرێک هەموو 10 ساڵ جارێک تۆ ئێسکە پەیکەرێکی نوێت هەیە. بەڵام لە تووشبووانی فشەڵبوونی ئێسکدا، ڕادەی تێکشکانی ئێسک خێراترە لە ڕادەی پێکهێنانەوەی شانەی نوێی ئێسک.

## نیشانەکانی چین؟

لەوانەیە هەست بە هیچ نیشانەیەک نەکەیت هەتا تووشی شکان دەبیت، نیشانەکانی دیکە وەک: ئازاری خوارەوەی پشت، لەوانەیە فشەڵبوونی ئێسک بە تێپەڕبوونی کات باڵات کورت بکاتەوە! ئەویش بە پووکانەوەی بڕبڕەکانی پشت.

## هۆکارەکانی تووشبوون:

لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا ئەگەری ڕوودانی فشەڵبوونی ئێسک زیاد دەکات، بە تایبەت ئەو ئافرەتانەی دەچنە تەمەنی نائومێدی.

ئەو فاکتەرانەی دی کە ئەگەری ڕوودانی زیاتر دەکەن بریتین لە:

1- زوو کەوتنە تەمەنی نائومێدی (پێش تەمەنی 45 ساڵی)
2- بوونی حاڵەتی فشەڵبوونی ئێسک لە خێزاندا
3- لابردنی هێلکەدان بە نەشتەرگەری
4- سپی پێست
5- کەمی کالیسیۆم و ڤیتامین D.
6- وەرزش نەکردن
7- جگەرەکێشان و خواردنەوەی کحول
8- فرەچالاکی ڕژێنی دەرەقی
9- زۆر بەکارهێنانی ماددە ستیرۆیدییەکان

## دەستنیشانکردن:

جۆرێکی تایبەتی تیشک دەستنیشانی دەکات کە بە دێکسا سکان ناودەبرێت.

## چارەسەر:

زۆرکردنی کالیسیۆم و ڤیتامین D لە خۆراکدا، چوونە بەر هەتاو بۆ ماوەیەکی دیاریکراو هانی دروستبوونی ڤیتامین دی دەدات، وەرزشکردن یارمەتی پتەوبوونی ئێسک دەدات، ئەگەر بەمانە باش نەبووی، پزیشک دەرمانی تایبەتت بۆ دەنووسێت.

## ڕۆژانە چەند کالیسیۆمت پێویستە؟

پێش تەمەنی نائومێدی ئافرەتان پێویستیان بە گرامێک کالیسیۆمە لە شەو و ڕۆژێکدا، بەڵام دوای تەمەنی نائومێدی دەبێ ئەم ڕێژەیە زیاد بکرێت بۆ گرام و نیوێک. هەرچی ڤیتامین D یە، ئەوە ڕۆژانە دەبێ 800 یەکەی لێ بەکاربهێنی. شیر و بەرهەمەکانی لە سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی کالیسیۆمن، سەرچاوەکانی دیکەش بریتین لە پاقلەمەنییە وشکەکان، ماسیی سەلەمۆن، سپێناخ و قەرنابیت.

هەریەک لەمانە 300 میلیگرام کالیسیۆمیان تێدایە: کوپێک ماست، کوپ و نیوێک فاسۆلیا، نیو کوپ سپێناخ، 2 کوپ قەرنابیت.

"با وەکو کۆرسیکا و کەتەلۆنیاتان لێ نەیەت"

# کیوبکییەکان: با کوردستان پەلە بکات بۆ سەربەخۆیی



سەرۆکی ڕێکخراوێکی ناسیۆنالیستی لە کیوبک:
## چاوەڕوانی لە بەرژەوەندیی کورد نییە

ماموستایەکی زانکۆی کیوبک:
## ناسنامەی کورد بەهێزترە لەوەی کیوبکییەکان

**تێسا مانوێلۆ**
**ڕووداو- مۆنتریال**

ئەوانەی بەشدارن لە ئامادەکاری بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کیوبک-ی کەنەدا، دەڵێن کورد چانسی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بۆ دروستبووە، بەڵام دەبێ بەشێوەیەک کاربکات کە دڵنیابێت لەوەی ئەو هەستە بەهێزە نێوخۆییەی بۆ پشتیوانی لەو سەربەخۆییە دروستبووە، نەپووکێتەوە.

سەرەڕای چەندین دەیە هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی و ڕەتکردنەوەی تێکەڵبوون لەگەڵ کولتوور و زمانی ئینگلیزی لە کەنەدا، بەشێکی خەڵکی هەرێمی کیوبک دەیانەوێ جیاببنەوە. دانیشتووانی کیوبک ناسنامە و کولتوورێکی جیاوازیان هەیە و بە زمانی فەرەنسی قسەدەکەن. ڕۆژێک لە ڕۆژانیش داوای سەربەخۆییان دەکرد. بەڵام ئەو هەستی سەربەخۆییخوازییە دوای ئەنجامدانی دوو گشتپرسیی ناسەرکەوتوو لەسەر سەربەخۆیی لە ساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکاندا، ئێستا لاواز بووە.

ئەوانەی داکۆکی لە سەربەخۆیی کیوبک دەکەن، نیگەرانن لەوەی کە ڕەنگە تازە درەنگ بێت بۆ گەیشتن بەو خەونەیان، بەڵام دەڵێن ڕەوشێکی پێچەوانە لە هەرێمی کوردستان دەبینن. زۆر لە کوردەکانی ئەو هەرێمە خۆیان بە عێراقی نازانن، بەهیوای ئەوەشن کە بەهۆی ئەو بارودۆخەی ئێستای عێراقەوە، کاتی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی هاتبێت.

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ناڕاستەوخۆ ڕایگەیاندووە کە ڕەنگە هەرێمەکەی لە عێراق جیاببێتەوە. بارزانی بە کەناڵی CNNی ئەمریکی ڕاگەیاند: "پاش ڕووداوەکانی ئەمدواییەی عێراق، ئەوە سەلمێنراوە کە دەبێ کورد ئەو هەلەی ئێستا بقۆزنەوە".

پاتریک بۆرگیۆس، نووسەر و ڕۆژنامەنووسێکی فەرەنسی-کەنەدییە و سەرۆکی ڕێکخراوێکە کە داکۆکی لە سەربەخۆیی کیوبک دەکات لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی نووسینی پشتگیری لە سەروەری و سەربەخۆیی هەرێمەکە. بۆرگیۆس، کە ڕێکخراوەکەی بۆ ماوەیەکی کەم لەگەڵ کورد و چەندین گرووپی دیکەی چالاکڤان بۆ بەدەستهێنانی سەروەریی خاک و وڵاتەکانیان کاری کردووە، بە (ڕووداو)ی گوت "زۆر گرنگە ئەوکاتەی هەلێک دێتە پێشەوە، گەلان سەربەخۆیی ڕابگەیەنن، تەنانەت ئەگەر ئەمە لەکاتی جەنگیشدا بێت". پاتریک گوتیشی "داوا لە کورد دەکەم بەزووترین کات ئەمە یەکلایی بکەنەوە. ئەگەر خۆیان ئازاد نەکەن، ئەوە قبووڵکردنی بارودۆخی ئێستایان دەبێتە هەمیشەیی". ئەو گوتیشی "بەدەستهێنانی ئازادی ئاسانترە لەوکاتانەی کە توندوتیژی هەیە، وەک لەوەی ماوەیەکی زۆر چاوەڕوان بکەی. چاوەڕوانیی زۆر وەکو بارودۆخی کۆرسیکا-ی فەڕەنسا و کەتەلۆنیا-ی ئیسپانیای لێدێت کە ئێستا زۆر ئاڵۆزتر بووە".

ماریۆ بیۆلیۆ، سەرۆکی کوتلەی کیوبکییەکان کە پارتێکی سیاسییە و پارێزگاری لە بەرژەوەندی و سەربەخۆیی کیوبیک دەکەن لە پەرلەمانی کەنەدا، پشتگیریی گوتەکانی بۆرگیۆسی کرد و گوتی: "دەمەوێ هاوسۆزی خۆم لەگەڵ کورد دەرببڕم، هەروەها هانیاندەدەم بەردەوام بن لە هەوڵ و شەڕکردن لەپێناو مافەکانیان بۆ بڕیاردان لەسەر مافی چارەنووس. ئەمە مافێکی بنچینەییە".

لەپاش هەرەسهێنانی سوپای عێراق لەسەرەتای مانگی ڕابردوودا، لە چەند ناوچەیەکی ستراتیژیی وەکو خاڵە سنوورییەکان، لەگەڵ چەند شارێکی گرنگی سوننەنشین و کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانە لەلایەن ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) و هۆزەکانی ئەو ناوچانە، زۆرکەس پێیوایە عێراق پارچەپارچە دەبێت. ئەمەش لە قازانجی هەرێمی کوردستانە، کە ماوەیەکی زۆرە ئەو خەونەی هەیە.

هەرچەندە کورد ناوچەیەکی نیمچە ئۆتۆنۆمییان دامەزراندووە کە تێیدا دەتوانن پارێزگاری لە بەرژەوەندیەکانیان بکەن، بەڵام داکۆکیکارانی سەربەخۆیی و شارەزایانی سیستمی فیدراڵی لە کیوبک هۆشداری دەدەنە کورد لەبارەی لاوازییەکانی سیستمی فیدراڵی و ڕەچاونەکردنی بەرژەوەندیی کەمینەکان لە سایەی ئەو سیستمەدا.

ئان لێگارێ، یاریدەدەری پرۆفیسۆر لە بەشی زانستی سیاسیی زانکۆی کیوبک، لە مۆنتریال سێ جار سەردانی باشووری کوردستانی کردووە. لەکاتی یەکەم سەردانیدا لە ساڵی 2002، چەند وانەیەکی لەسەر لایەنە باش و خراپەکانی سیستمی فیدراڵی پێشکەشکرد کە تێیدا ئاستەنگەکانی هەرێمی کیوبک-ی وەک نموونە باسکرد.

کەنەدییە فەڕەنسییەکان، وەکو کورد لە باشووری کوردستان، قەوارەیەکی ئۆتۆنۆمییان لەژێر دەسەڵاتی فیدراڵی کەنەدا هەیە. ئەوان یاسای باری شارستانیی فەڕەنسی بەکاردەهێنن بۆ کاروباری باری کەسی و بازرگانی، هەروەها زمانی فەرەنسی یەکێکە لە دوو زمانە سەرەکییەکەی کەنەدا. بەڵام فەڕەنسییە کەنەدییەکان هێشتا نیگەرانن لە کەمیی مافەکانیان، بەتایبەت مافی بەکارهێنانی زمانی فەڕەنسی لەو ناوچانەی خەڵکەکەی تەنیا بە زمانی ئینگلیزی قسەدەکەن.

ئەو یاسایانەی پارێزگاری لە زمانی فەڕەنسی دەکەن، بەئاشکرا چەندینجار پشتگوێخراون. بەو لقە بازرگانییە نێودەوڵەتیانەشەوە کە لە کیوبک کاردەکەن و دەبێ زمانی فەرمیی پەیوەندییان تەنیا بە فەرەنسی بێت. بەڵام باڵادەستیی زمانی ئینگلیزی ئەوە پێشاندەدات کە دامەزراوەکانی کیوبک کاریگەریی سنوورداریان هەیە لەسەر جێبەجێکردنی یاسای زمان لە کیوبکدا.

لەپاش بەدەستهێنانی قەوارەیەکی نیمچە ئۆتۆنۆمی لەساڵی 1991، کورد لە هەرێمی کوردستان زمانی خۆیان بەفەرمی و بەئاشکرا بەکارهێناوە لە قوتابخانە و دامەزراوە حکومییەکاندا. لەو شوێنانە زمانی عەرەبی کەمتر کاری پێدەکرێت. ئێستا زمانی کوردی، هاوشێوەی زمانی عەرەبی یەکێکە لە دوو زمانە فەرمییەکەی عێراق، بەڵام زۆر بەدەگمەن لە دەرەوەی کوردستان بەکاردەهێنرێت. بە دامودەزگاکانی حکومەتیشەوە.

مافی بەکارهێنانی زمان تەنها یەکێکە لەو کێشە زۆرانەی کورد هەیەتی لە عێراقدا. کورد لە ڕابردوودا لەسەر دەستی ڕژێمی سەدام حوسێن ڕووبەڕووی سەرکوتکاری و چەوسانەوەی زۆر بوونەتەوە. بە ڕەچاوکردنی مێژووی خوێناویی کوردستان، لێگارێ گوتی: "خەڵکی هەرێمی کیوبک لە کورد کەمتر بەتەنگ خۆبەڕێوەبردنەوەن، هەرچەندە ناسنامەی کیوبیکی زۆر هەستیارترە لە ناسنامەی کوردی". چونکە، وەک ئەو گوتی: "ناتوانرێ ناسنامەی کیوبکییەکان بەراورد بکرێت بەو هێزەی ناسنامەی کوردی هەیەتی. ناسنامەی کوردی بۆ چەندین سەدەیە ماوەتەوە، زۆریش بەهێزە و مێژووەکەشی بەشێوەیەکی سەرەکی پشتگیریی لێکردووە. ناسنامەی کیوبک تازەتر و زۆر ئاڵۆزترە. لەبەر ئەو تێکەڵبیانەی لەگەڵ ئەمریکای باکوور هەیەتی، بەتایبەتی کە لەنێو وڵاتێکی ئەنگلۆ ساکسۆنیی وەکو کەنەدا دایە".

# یەکێتی ئەورووپا بە سەربەخۆیی کوردستان قایلە



**دەنیز سەرینجی و زنار شینۆ**
**ڕووداو- برۆکسل**

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو پەرلەمانی ئەورووپا بە ناڕاستەوخۆ ڕەزامەندی لەسەر سەربەخۆیی کوردستان دەربڕی، پاش ئەوەی بۆ یەکەمجار لە کاردانەوەیەکیان لەسەر ڕووداوەکانی عێراق باسی یەکپارچەیی خاکی عێراقیان نەکرد.

تا ئەم دواییەش، ئەو بڕیارانەی پەرلەمانتارانی یەکێتی ئەورووپا لە شوێنی کۆبوونەوەیان لە برۆکسل لەسەر قەیرانی عێراق دەریاندەکرد، جەختیان لەوە دەکردەوە کە "یەک پارچەیی و یەکگرتوویی و سەروەریی خاکی عێراق گرنگە بۆ سەقامگیری و پێشکەوتنی ئابووریی وڵاتەکە و هەموو ناوچەکە".

دلاوەر ئاژگەیی، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە برۆکسلی پایتەختی یەکێتی ئەورووپا، خۆشحاڵی خۆی لەوبارەیەوە دەربڕی و گوتی "تاوەکو ئەم دواییەش، پەرلەمانی ئەورووپا جەختی لەسەر گرنگیی یەکێتی عێراق دەکردەوە، بەڵام گۆڕانکاری لە بۆچوونیان مانای ئەوەیە کە ئەو واقیعە نوێیەی عێراقیان لەبەرچاوگرتووە".

بەبڕوای دلاوەر "ئەمە شتێکی زۆر پۆزەتیڤە، چونکە کەس ناتوانێت شتێک بەسەر عێراقییەکان و کورددا بسەپێنێ کە لە بەرژەوەندییاندا نەبێت".

نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە برۆکسل:
## چەند وڵاتێکی ئەورووپی کە پێشتر سەر بە بلۆکی سۆڤیەت بوون، سەربەخۆیی کوردستان قبوڵ دەکەن

کۆبوونەوەکەی یەکێتی ئەورووپا لەسەر عێراق پاش ڕاگەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان هات بۆ ئامادەکردنی پلانی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی. بەڵام یەکێتی ئەورووپا داوای لە پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی کرد "لە پرۆسەکەدا گشتگیربن و ڕێز لە مافی کەمینەکانی هەرێمەکە بگرن" وەک لە داواکەی یەکێتی ئەورووپادا هاتووە.

(ڕووداو) زانیاری هەیە کە لەکاتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردیدا، ئەمریکا، فەرەنسا، ئیتاڵیا، بەریتانیا، تورکیا، ئوردن، کوێت و ئیمارات تێگەیشتن لەوبارەیەوە نیشاندەدەن.

ئەنیکا لیلیمێت، ئەندامی پەرلەمانی سوید، بە (ڕووداو)ی گوت "بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان، کوردیش وەک خەڵکانی دیکە مافیان هەیە بۆ خۆیان بڕیار لە داهاتوویان بدەن".

بەڵام ئانا گۆمێز، پەرلەمانتاری پورتوگالی لە پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپا، باسی "مەترسی" ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی دەکات و دەڵێت "من لە کێشەی کورد تێدەگەم، بەڵام ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی نابێتە بەشێک لە سەقامگیری ناوخۆیی عێراق.

لەهەمانکاتدا بۆ کوردیش مایەی مەترسییە. چونکە کورد لە تورکیا و ئێرانیش هەن". گوتیشی "ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی دەبێتە ئاگرێکی گەورە لە دژی کورد".

سەرەتای هەفتەی ڕابردوو، ریچارد مۆر، باڵیۆزی بەریتانیا لە ئەنقەرە گوتی کە هەڵوێستی وڵاتەکەی لە بەرامبەر سەربەخۆیی کوردستان "هەمان هەڵوێستی تورکیایە". هاوکات جەختیشی لە گرنگی یەکپارچەیی خاکی عێراق کردەوە.

"بەبڕوای ئێمە ئەوەی پێویستمانە عێراقێکی یەکگرتووە. هەڵوێستمان زۆر ڕوون بووە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و دانمان بەوەدا ناوە کە بۆ ئەوان گرنگە پارێزگاری لە ئاسایشیان بکەن". مۆر وایگوت.

نازم زەهاوی، پەرلەمانتاری بەریتانی، لەوباوەڕەدایە لەپاش داگیرکردنی موسڵ و کۆنترۆڵکردنی یەک لەسەر سێی عێراق لەلایەن جیهادییەکانەوە، ئێستا کورد لە جیهانێکی نوێدان و تازەش بواری گەڕانەوە نەماوە.


ئەو گوتی "گەڕانەوە بۆ حکومەتێکی ناوەندی بەهێزتر مانای لەڕیشەوە هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەسکەوتانەیە کە زۆر بە زەحمەت لە دەیەی ڕابردوودا بەدەستهاتوون، بەتایبەتی لە کوردستان". بەڵام گوتیشی "پارچە پارچەکردنی عێراق، خزمەتی سەقامگیری ناکات".

ئەو پێشنیازی مۆدێلێکی نوێی لە فیدراڵیەت کرد "ئەم مۆدێلە دان بەو واقیعەی ئێستادا دەنێ و خزمەتی بەرژەوەندی هەموو لایەنەکان دەکات. ئەم مۆدێلە چەمکێکی نوێ نییە و لەچەندین وڵاتی فرەنەتەوە کاری پێکراوە. بۆ نموونە، لە بەریتانیا باسمان لە گواستنەوەی دەسەڵاتێکی زیاتر بۆ سکۆتلەندا کردووە".

ئاژگەیی دەڵێت هەندێک لە وڵاتانی ئەورووپا بەگومانن و پشتگیری لە ئەگەرەکانی دروستبوونی کوردستانێکی سەربەخۆ ناکەن، چونکە دەترسن ئەو هەنگاوە ببێتە هۆی ناسەقامگیریی زیاتر.

بەڵام گوتی ئەو ترسە بێ بنەمایە "بەپێچەوانەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان نموونەی ئاسایش و سەقامگیرییە لە ناوچەکەدا، بەهۆی ئابوورییە باشەکەی و سامانە سروشتییەکانی. لە ڕووی مێژوویی و کلتووری و بەهاکانی دیموکراسیشەوە لە ئەورووپا نزیکین".

لە چوارچێوەی کۆبوونەوەکانی لە برۆکسل، ئاژگەیی هاوسۆزیی زۆری بینیوە لەو سیاسەتمەدارە ئەورووپیانەی کە لە ئارەزووی کورد تێدەگەن بۆ جیابوونەوە "بەڵام چەندین سیاسەتمەداری دیکە هەن کە بە دەنگی بەرز ناڵێن وڵاتەکانیان سەربەخۆیی کوردستان قبوڵ دەکات، لەبەرئەوەی خۆشیان هەمان کێشەیان هەیە". ئاژگەیی دەڵێت "چەند وڵاتێکی ئەورووپی کە پێشتر سەر بە بلۆکی یەکێتی سۆڤیەتی جاران بوون، سەربەخۆیی کوردستان قبوڵ دەکەن".



د. هادی عەلی

# هەڵکشانی توندڕەویی ئیسلامی

یەکێک لەدەرئەنجامە دیارەکانی راپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی، بەتایبەتی دوای سەرکەوتنی لە تونس و میسر بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە، بریتی بوو لەهەڵکشانی میانڕەویی ئیسلامی و هاوکات داکشانی توندڕەویی سەلەفیەتی جیهادی و شکستی ئەو ستراتیژییە توندخوازیەی کە ساڵانێکی درێژ بوو لەسەری دەڕۆیشت بۆگۆڕینی رژێمە سیاسییەکان، بەبێ بەدەستهێنانی هیچ ئەنجامێکی ئیجابی لەبەرژەوەندی گەلانی ناوچەکە. بەپێچەوانەوە تادەهات باسکی ئەمنیی رژێمەکان بەهێزتر دەبوو بۆکپکردنەوەی هەردەنگێکی نەیارو گەمارۆدانی رەوتی ئیسلامی بەتێکڕای ئاراستەکانیەوە لەچوارچێوەی جەنگی دژە تیرۆردا.

شکست و پاشەکشەی رەوتی توندخوازی بەگشتی و توندخوازیی ئیسلامی بەتایبەتی، بەردەوام بوو، تا بەوەی کە سەرکەوتنی راپەڕینی ئاشتیخوازانەی گەلی سووریا بە بنبەست گەیشت، بەهۆی پەنابردنی رژێمی ئەسەد بۆ بەکارهێنانی توندترین شێوازەکانی داپڵۆسین و سەرکوتکردنی خەڵکی راپەڕیوی وڵاتەکەی. بەوهۆیەوە ئاراستەی ئاشتیخوازانەی راپەڕینەکە هەرزوو گۆڕا بەرەو شۆڕشی چەکداری. هاوکات دەرگا لەبەردەم هێزە ئیقلیمی و دەرەکیەکاندا کرایەوە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەو ململانێکانیان لەسەر حسابی گەلی سووریا و شۆڕشەکەی. لەو چرکەساتە بەدواوە، زەمینە سازبوو بۆ هەڵکشانی توندڕەویی ئیسلامی لەلایەن گرووپەکانی سەر بە سەلەفیەتی جیهادیەوە، وەک چۆن پێشتر لەعێراق دوای رووخانی رژێمی بەعس بەناوی مقاوەمەت و دژایەتیکردنی داگیرکەر رۆڵی بەرچاویان هەبوو لەو بوارەدا. لەو میانەدا دوو هۆکاری گرنگ کاریگەری گەورەیان کردە سەر هەڵکشانی ئاراستەی توندخوازیی ئیسلامی:

یەکەمیان: پشتیوانیکردنی رەهای کۆماری ئیسلامیی ئێران لە رژێمی ئەسەد و بەشداریکردنی راستەوخۆی لەسەرکوتکردنی گەلی راپەڕیوی سووریا بەمەبەستی شکستهێنان بە شۆڕشەکە، کە بووە هۆی سەرهەڵدانی عونفی تائیفی و کاروکاردانەوەی توندوتیژانەی لەرادەبەدەر لەگشت لایەکەوە.

دووەمیان: پشتیوانیکردنی عەرەبستانی سعودیە و هاوپەیمانەکانی لەهێزەکانی دژەشۆڕش لە میسر لەڕووی دارایی و سیاسییەوە بۆ ئەنجامدانی کودەتای سەربازی و پەنابردنی کودەتاچییەکان بۆ بەکارهێنانی نوێترین شێوازەکانی سەرکوتکردن و داپڵۆسین، دژ بەرەوتی ئیسلامی میانەڕەو کە لە رێی سندوقەکانی هەڵبژاردنەوە دەسەڵاتی میسریان گرتبووە دەست.

سەیر لەوەدایە عەرەبستانی سعودیە و کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ هەموو ناکۆکیەکانیاندا لەڕووی ئایدیۆلۆژی و سیاسییەوە، کەچی هەردوولا بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هاوکار و هاوئامانجن لەشکستهێنان بە راپەڕینەکانی گەلانی ناوچەکە و رێگرتن لەهاتنە پێشەوەی رەوتی ئیسلامیی میانەڕەو بەشێوەیەکی دیموکراتیانە.

دژایەتیکردنی عەرەبستانی سعودیە و ئەو رێچکە مەزهەبیە تەقلیدیەی کە پشتیوانی لێ دەکات، بۆ هەردوو چەمکی دیموکراتیەت و میانەڕەوی ئیسلامی مەعلومە، چونکە سەرانی رژێمە دواکەوتووەکەی سعودیە مەرگی خۆیان لەهاتنە پێشەوەی ئاراستەی میانەڕەوی ئیسلامیدا دەبینن، بەتایبەت ئەگەر بەشێوەیەکی دیموکراتیانە سەرکەوتن بەدەستبهێنن و دەسەڵات لەوڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا بگرنە دەست. بۆیە لەوپێناوەدا هەموو شتێک دەکەن بۆدرێژەدان بەمانەوەی خۆیان و باڵادەستبوونی رابەرایەتییە ئاینییە رووکەشەکەیان.

ئەوەشی کە پەیوەستە بەکۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، دیارە کە ستراتیژیەتی تایبەت بەخۆی هەیە لەتێکڕای ناوچەکەداو کاردەکات بۆ رێگرتن لە هەر گۆڕانکارییەک کە رووبکاتە هاوپەیمانەکانی و ببێتە کۆسپ و هەڕەشە لەسەر بەرژەوەندییەکانی و لەوپێناوەدا هەموو شتێکیان کرد بۆ گۆڕینی ئاراستەی ئاشتیخوازانەی راپەڕینی گەلی سووریا و هێنانە پێشەوەی ئاراستەی توندڕەویی ئیسلامی، بەمەبەستی لکاندنی مۆری تیرۆر لە شۆڕشەکەو لاوازکردنی بەرەی پشتیوانیکردن لێی لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی.

لەبەرامبەریشەوە میحوەرەکەی دیکەی ململانێکە بەتایبەتی عەرەبستانی سعودیە و هاوپەیمانەکانی، بەشێوەیەکی دیکە رێگایان خۆشکرد بۆ هاتنە پێشەوەی ئاراستە ئیسلامییە توندڕەوەکان بەمەبەستی بەرگرتن لەسەرکەوتنی رەوتی ئیسلامی میانەڕەو و بەرەی دیموکراتیخواز لەلایەک و بەشداربوون لە رووخاندنی رژێمی ئەسەد و لاوازکردنی هەیمەنەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەناوچەکەدا لەلایەکی دیکەوە.

بەڵام گومان لەوەدا نییە کە گەمەکردن بەئاگر کارێکی بێئامانەو پشتیوانیکردن لەتوندڕەوی و توندخوازی ئاگرێکە، ئەگەر داگیرساندن و خۆشککردنی بەدەست تۆ بێت، ئەوا خامۆشکردن و بەرگرتن لە فراوانبوونی بەدەست تۆ نابێت و بەخێرایی لەکۆنتڕۆڵ دەردەچێت و زوو یان درەنگ یەخەی هەڵگیرسێنەر و خۆشکەرانی دەگرێت.

ئەوەتا گرووپێکی توندڕەوی وەک داعش (تالیبان ئاسا)، لەگۆڕەپانی ئاڵۆسکاوی سووریادا بەخێرایی سەریهەڵداو وجودی خۆی سەپاند بەسەر ناوچەیەکی هەستیار و فراواندا و بەهەموو شێوەیەک دژایەتی بێ درێغی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن دەکات. لەلایەکی دیکەوە بەهۆی سیاسەتی نادروستی دەسەڵاتدارانی ئێستای بەغدا بەرامبەر ناوچە سوننییەکانی عێراق، رێگا خۆش بوو بۆ چالاکبوونی جارێکی دیکەی گرووپە چەکدارەکان بەگشتی و هاتنە ناوەوەی چەکدارەکانی داعش و دەستبەسەرداگرتنی پارێزگای نەینەواو ناوچەیەکی فراوان و بەربڵاوی شارە سوننیەکانی دیکە و خولقاندنی هەلومەرجێکی جیۆپۆلیتیکی نوێ بەسەر عێراق و تێکڕای ناوچەکەدا کە بەدڵنیاییەوە سەردەکێشێت بۆ گۆڕینی نەخشەی سیاسی ناوچەکە بەگشتی.

ئەو ئاگرەی لە سووریا کرایەوە ئەوەتا سنورەکانی ئەو وڵاتەی بەزاند و گەیشتە دیوارەکانی بەغداو بەجددی یەخەی دەسەڵاتدارانی ئێستای بەغدای گرتووە. بەوهۆیەوە شکستێکی گەورەی سەربازی و سیاسی رووبەڕووی دەسەڵاتدارانی شیعەی عێراق بووەتەوە کە بەشێوەیەک لەشێوەکان شکستیشە بۆ ستراتیژیەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەعێراق و سووریا و ناوچەکە بەگشتی.

دەرهاویشتەیەکی دیکەی مەترسیداری ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی هاتووەتە ئاراوە، بریتییە لە توندبوونەوەی شەڕی تائیفی نێوان شیعە و سوننە کە راستەوخۆ دەبێتە پاساوێکی ترسناک بۆ هەڵکشانی زیاتری ئاراستەی توندڕەوی و توندخوازیی ئیسلامی لە نێوان سوننە و شیعەدا بەگشتی. ئەڵبەت ئەوەی کە هەیە لەڕاستیدا شەڕی سوننە و شیعە نییە، بەڵکو شەڕی خەڵکێکی ستەملێکراو و مافخوراوە لەلایەن دەسەڵاتە ستەمکارەکانەوە کە بەشێوەیەکی میکیاڤیلیانە مامەڵە دەکەن و بەمەرامی سیاسی ئاگری شەڕی نێوان سوننە و شیعە خۆش دەکەن لەپێناو درێژکردنەوەی تەمەنی سیاسی خۆیاندا.

لە هەلومەرجێکی ئاوا دژوار و ئاڵۆزدا، پێویستە لەسەر یاریزانە سیاسییەکانی هەموو لایەک کە بەشێوەیەکی زۆر حەکیمانە لە هەوڵی هێورکردنەوەی دۆخەکەدا بن و کاربکەن بۆئەوەی ئاشتی و سەقامگیری و دادپەروەری بۆ گەلانی ناوچەکە دەستەبەر بکرێت، ئەوەش بە سنووردانان بۆ رێگاچارەی ئەمنی و سەربازی و کۆتاییهێنان بەستەمکاریی سیاسی و رێگرتن لە هۆکارەکانی ورووژاندنی توندڕەویی ئاینی و تائیفی. ئەگەرنا ئەو پشێوی و ئاڵۆزییەی هاتووەتە کایەوە بورکانێکی وەهای بەرپا کردووە کە پریشکی ئاگرەکەی بەخێرایی سنوورەکانی ئێستای دەبەزێنێ و هەمووان پێوەی دەسووتێن.

ئەوەتا گرووپێکی وەک داعش خەلافەتی بەناو ئیسلامی رادەگەیەنێت و خەلیفە بۆ موسڵمانان دادەنێت و داوای بەیعەت و تاعەت لە هەموو لایەک دەکات. لەو راستایەدا زۆربەی گرووپە ئیسلامییەکانی سەر بە سەلەفیەتی جیهادی لەوڵاتانی دوور و نزیک ئامادەیی خۆیان رادەگەیەنن بۆ بەیعەتدان و گوێڕایەڵیکردن بۆ خەلیفەی دەستنیشانکراو. لەو بوارەدا رۆژ بەڕۆژ بازنەی توندخوازی و توندڕەویی ئیسلامی بە رواڵەت فراوانتر دەبێت.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو حاڵەتە نەخوازراو و نائاساییەدا کە رووی کردووەتە ناوچەکە بەگشتی و حاڵەتی ئیسلامی سەردەم بەتایبەتی، هێشتا ئاراستەی میانەڕەو و ئاشتیخوازانەی رەوتی ئیسلامی هەر زۆرینەیە و لەبەرامبەردا ئاراستەی توندڕەوی و توندخوازی بەناوی ئیسلامەوە هەر کەمینەیە و بە کەمینەش دەمێنێتەوە. چونکە پێداویستییە بنچینەییەکانی ژیان و شارستانیەت بریتییە لە ئاشتی و سەقامگیری و ئازادی و کرانەوەو مرۆڤدۆستی و دادپەروەری و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی. پەیامی ئاینی ئیسلامیش بریتییە لە بەرەوپێشبردنی ژیان و بنیاتنانی شارستانیەت و لەسەر بنەماکانی میانەڕەوی و ئاشتیخوازی و کرانەوەو دادپەروەری و ئازادیی مرۆڤەکان دامەزراوە.

لەولاشەوە ئاشکرایە کە توندڕەوی و توندخوازی حاڵەتێکی نائاسایی و ناسروشتییە و لە هەلومەرجی نەخوازراوی داخران و پشێوی و ناعەدالەتیدا دروست دەبێت و پشتبەستووە بە درێژەدان بەحاڵەتی نائاسایی و تۆقاندن و بەرەودان بە رق و کێشە و نائارامی. دیارە کە هەمیشە مانەوەو سەرکەوتن بۆ میانەڕەوی و ئاشتیخوازی و سەقامگیری دەبێت، بۆیە ئەمڕۆ یان سبەی زۆر ناخایەنێت کە هەور و دووکەڵی رەشی توندڕەوی و توندخوازی لەئاسمانی ئەم ناوچانە دەڕەوێتەوەو بەرکەنار دەبێت.



شاهۆ حوسێنی

# ئێران و هەڕەشەکانی لە باشووری کوردستان

"رۆژهەڵاتی ناوین خەریکە بەگشتی دەگۆڕێ" ئەمە بەشێک لە وتەکانی بەڕێز مەسعود بارزانی بوو لە خواکورک، لە کۆتایی دەیەی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا بۆ پێشمەرگەکانی. ئێستا نزیکەی 25 ساڵ بەسەر ئەم وتانەدا تێدەپەڕێ، بەڵام ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوین لەم چەند ساڵەدا نیشانی داوە، کە رۆژهەڵاتی ناوین خەریکی ماڵئاواییە لە نەزمێکی کۆن بە هەموو تایبەتمەندییەکانیەوە، نەزمێک کە بەرهەمی جیهانێکی دوو جەمسەری تایبەتی پاش کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی بوو، لە وەها نەزمێکدا بەهۆی کێشە و بوونی رکابەری لە نێوان دوو جەمسەری زلهێز، دیکتاتۆرەکان باشتر دەیانتوانی خزمەت بە بەرژەوەندیی وان بکەن، بەڵام لەپاش رووخانی یەکێتی سۆڤیەت وەک زلهێزی بەرەی چەپ، رەوتی ئاڵوگۆڕەکان بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی جیهانی گرتەوە کە پاش درەنگانێکی بیست ساڵە وا رووی لە رۆژهەڵاتی ناوینیش کرد، عێراق یەک لەو وڵاتانە بوو کە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات. وڵاتێک کە چاوەڕوان دەکرا بە رووخانی دەسەڵاتی سەرەڕۆ و دیکتاتۆریی سەددام، وردە وردە بەرەو ئازادی و ئاوەدانی بڕوات، بەڵام سەرهەڵدانی پاوانخوازێکی تەیارکراو و پشتبەستوو بە ئێران بەناوی نووری مالیکی، هەموو هیواکانی کردە بڵقی سەرئاو. لە وەها بارودۆخێکدا کورد خەریک بوو بۆ جارێکی دیکە ببێتەوە قوربانی، هەر بۆیە بڕیاری سەربەخۆیی هێنایە ئاراوە، ئەم بڕیارە لەلایەن ئێران و بڕێ وڵاتی دیکەوە هەڕەشەی لەسەرە، ئەمەش هەڵوێستێکی تازە نییە، شۆڤێنیزمی فارس و شۆڤێنیزمی عەرەبی زۆر لەمێژە نکۆڵی لەمافی رەوای کورد دەکەن، بەڵام لەم نێوەدا هەڕەشەکانی ئێران خەریکە سنووری دیپلۆماسی و هێڵی سوور دەبەزێنێ، بە باوەڕی من ئێران نایەوێ دەسەڵاتێکی گوێ لەمستی وەک مالیکی لەسەر کار وەلابنرێ، چونکە هێژموونی ئێران لە رۆژهەڵاتی ناویندا بەگشتی لاواز دەکات. بوونی عێراقێکی شیعەی بەهێز لە تەنیشت سووریەی ئەسەد بە مانای گارانتی مانەوەی حیزبوڵڵای شیعەیە لە لوبنان و ئەمەش واتە مەودای هەڕەشەی راستەوخۆ بۆ سەر ئیسرائیل و بەگشتی بەرفراوانتربوونی هێژمۆنی ئێران لە رۆژهەڵاتی ناوین لە بەرامبەر ئیسرائیل و عەرەبستاندا، هەروەها ئێران ترسی هەیە کە ئەم ئاڵوگۆڕانە بەرۆکی ئێرانیش بگرێ، هەربۆیە بەتەمایە پێش بە هەڕەشەکان بگرێ، یەک لەم هەڕەشانە بە باوەڕی کاربەدەستانی ئێرانی سازبوونی دەسەڵاتێکی سەربەخۆی کوردییە، بۆیە بە هەر شێوەیەک ئێران بەتەمایە پێش بە سازبوونی ئەم دەسەڵاتە نوێیە بگرێ کە دەتوانێ هاوسەنگیی هێز و دەسەڵات لە رۆژهەڵاتی ناوین بە زەرەری ئێران بگۆڕێ. من لەسەر ئەو باوەڕەم کە ئێران لە رێگای هێزی نیزامی و بە شێوەی راستەوخۆ ناتوانێ پێش بە سازبوونی ئەم دەسەڵاتە تازەیە یان پێش بە بەهێزتربوونی دەسەڵاتی باشووری کوردستان بگرێ. لەبەر ئەم هۆکارانە:

1–ئێران توانای ئابووریی دەرگیربوونی نییە لە شەڕێکدا کە چارەنووسی نادیارە.

2–ئێران جیۆپۆلیتیکێکی زۆر لاواز و قەیراناوی هەیە بە جۆرێ کە لە هەر چوار لاوە هەڕەشەی لەسەرە، لە باکوورەوە ئازەربایجان، لە باشوور ئیمارات و قەتەر، لە رۆژئاوا کورد و لە رۆژهەڵات بەلووچ، کەوابێ هەڵایسانی هەرجۆرە شەڕێک بۆ ئێران زۆر گران تەواودەبێ و ئەگەری لەناوچوونی خۆی تێدایە.

3–ئێران لە ناوخۆدا مەشروعیەتی وەک سەردەمی سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی 1979ی بۆ بەسیجکردنی خەڵک و ناردنی وان بۆ بەرەکانی شەڕی نەماوە، هەربۆیە توانای مرۆیی ئێران بۆ دەرگیربوون لە شەڕێکی وەهادا لاوازە.

***کارناسی باڵای زانستە سیاسییەکان و مامۆستای پێشووی زانکۆی مهاباد.**



د. عومەر نورەدینی

# ئەنجوومەنی باڵای سیاسی هەرێمی کوردستان

ئەو ژینگە سیاسیە ناوخۆیی و ئیقلیمیەی هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەکی سیاسی لەناویدا دەژی و کاری تێدا دەکات، ژینگەیەکە سروشتێکی جوڵاو و لووسی هەیە، ئەمە وادەکات ئەگەری خزین و جمین و خلیسکانی کاراکتەرە سیاسییەکان لەسەری زیاتر بێت. لەلایەکی دیکەشەوە کەشوهەواکەی لەبار و گونجاوە بۆئەوەی تۆوی تەحەدیات و تەنگژەو قەیرانی سیاسی و ئابووری و ئەمنی تازەی لەناودا بڕوێت و گەورە بێت و پاشان رووبەڕووی دەوڵەت و قەوارە سیاسییەکان بێتەوەو بەرۆکیان بگرێت. بۆیە دەشێ ریالیستانە ئەوە بڵێین کە ژینگەی سیاسی ناوخۆ و هەرێمیی قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان ژینگەیەکە تاڕادەیەکی بەرچاو سەرچاوەی نادڵنیایی سیاسی و لەئارادانەبوونی متمانەی سیاسی پتەوەو لێیەوە زیاتر هەڕەشە و مەترسی و ئاستەنگ و چاوسوورکردنەوەو فشار و تەنگژەو قەیران سەرهەڵدەدەن نەک پشتیوانی و ئارامی و ئاشتی و گەشەو تەبایی و هاوپەیمانی و هاوکاری و پشت بەیەکتری بەستنی دووسەرەو چەند سەرەی نێوان یەکەو قەوارە سیاسییەکان. لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق ژینگەی سیاسی سەرچاوەی چەندین هەڕەشەو مەترسیە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، لەسەرروویانەوە غائیببوونی عەقڵیەتی سیاسی دیموکراتی نیشتیمانپەروەر و پێشکەوتنخواز کە بڕوای هەبێت بەوەی عێراق وڵاتی فرەنەتەوەیی و فرەئاینی و فرەکەلتوورییە و دەبێت ئەم فرەییە لەناو سیستەمی سیاسی وڵاتدا پەیڕەو بکرێت، لەسای غائیببوونی ئەم جۆرە عەقڵیەتە سیاسیەدا، مەترسیی ئەوە لەئارادا دەبێت کە لایەنەکانی فەرمانڕەوا لەبەغدا پشت بکەنە دەستوور و یاساو سیستەمی دیموکراتی و فیدراڵی و پەنا بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی و سزا و ئابڵوقەی ئابووری بەرن وەک چۆن سەرۆک وەزیران لەماوەی پێنج ساڵی رابردوودا هەوڵی تاقیکردنەوەیانی دا و ئێستا دەیەوێت لەڕێگای دامەزراندنی حکومەتی زۆرینەوە کورد بێبەش بکات لە دەسەڵات، وەک چۆن بڕیاری بێبەشکردنی لەداهات و بودجە داوە. لەلایەکی دیکەوە ژینگەی سیاسیی عێراق لەبارە بۆ مانەوەو گەشەکردنی توندوتیژی و تیرۆر، بەهێزبوونی داعش و پەرەسەندنە سیاسی و ئەمنی و سەربازییەکانی ئەم دواییە لە عێراق، بەتایبەتی زاڵبوونی داعش بەسەر ناوچە عەرەبیە سوننەنشینەکان و زۆربوونی کردەوە تیرۆریستیەکان لە عێراق نموونەیەکی زیندوو و بەرچاوە و نابێ ئەوەشمان لەبیربچێت کە بوونی عێراق وەک دەوڵەتێکی فاشیل لەسەرووی لیستی دەوڵەتانی فاشیلی دنیا بۆخۆی جێگای مەترسییە، چونکە دەوڵەتی فاشیل لە دەوڵەتی دابینکەری ئاشتی و ئاسایش و خزمەتگوزاری و خزمەتکاری میللەتەوە دەبێتە دەوڵەتی خزمەتکاری ئاغا و کوێخاو مافیای سیاسی و دەسەڵاتداری خۆسەپێن. لەسەر ئاستی هەرێمیش لەلایەکەوە تەنگژەی سووریا و تێکگیران و تێکئاڵقانی هەڵوێستی سیاسی وڵاتانی ناوچەکەو جیهان لەسەری، لەلایەکی دیکەوە ناکۆکیی نێوان هێز و لایەنە سیاسیە کوردستانیەکان لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی کورد لە سووریا، دەستتێوەردانی نێگەتیڤی دەوڵەتانی دراوسێ و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەکاروباری ناوخۆی عێراق کە ئەمە بەڕادەیەکە دەتوانین بڵێین عێراق سەربەخۆیی دروستکردن و وەرگرتنی بڕیاری سیاسی لەدەستداوەو بووەتە گۆڕەپانێک بۆ بەڕێوەچوونی ململانێی سیاسیی دەوڵەتان و پیادەکردنی ئەجێندای دەرەکی و پاکتاوکردنی دۆز و کێشەو بەرژەوەندیی چەندین دەوڵەت و لایەن و هێزی سیاسی، ئەمانە چەند نموونەیەکن بۆ نالەباریی ئەو ژینگە سیاسییەی کە هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەکی سیاسی بەدەوڵەت نەبوو، لەناویدا دەژی و دەکەوێتە ژێر کاریگەری، وەک چۆن کاریگەریشی لەسەر دادەنێت، بۆیە ئەو ژینگە سیاسییە مایەی دڵنیایی و مسۆگەریی نییە، بەتایبەتی کە هەرێمی کوردستان خاوەن سەروەریی دەوڵەتی نییە و یاسای نێودەوڵەتی ماف و ئەرکەکانی ناپارێزێ و قووڵاییەکی ستراتیژی ئەوتۆشمان لە هاوپەیمانێتی و پەیوەندیی نێودەوڵەتی نییە کە بەتەواوی بۆشایی شەرعیەت و سەروەریی دەوڵەتمان بۆ پڕبکاتەوە. ئەم وێنەیە لە ژینگەی سیاسی مانای ئەوە نییە کە کارەسات و پاشاگەردانی و لەبارچوونی دەسکەوتەکان روودەدات و رەشبین بین و دەستمان لەکراسی بێنینەدەر، بەڵکو مامەڵەیەکی واقیعیانەیە لەگەڵ ژینگەیەکی سیاسی کە بوون و ئایندەو چارەنووسی ئێمەی پێوە بەستراوە تا بکارین بەپشتبەستن بە تواناو سەرچاوەکانی هێزی خۆمان خۆی لەگەڵ بگونجێنین و رووبەڕووی تەحەدیات و هەڕەشە و مەترسییەکانی ببینەوەو بەسەریاندا زاڵ بین و دەسکەوتەکانمان بپارێزین و کار بۆ هێنانەدی دەسکەوتی مەزنتر بکەین. بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم ژینگە سیاسیە نالەبارەو تێپەڕاندنی مەترسییەکانی و بازدان بەسەر کۆسپ و تەگەرەکانی پێویستمان بەوەیە بەشێوەیەکی باش و لەچوارچێوەی بەرنامەی سیاسی رەشید و عەقڵانی و ئامرازی نوێی چالاک هێز و توانا خودییەکانی خۆمان وەک قەوارەی سیاسی و کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان وەگەڕبخەین. یەکێک لەو ئامرازانەی کە ئێمە بەباشی دەزانین بریتییە لە دامەزراندنی (ئەنجوومەنی باڵای سیاسی هەرێمی کوردستان) کە دەکرێ پێکبێت لە (سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی حکومەت و سەرۆک و سکرتێر و کەسی یەکەم یان دووەمی ئەو حیزب و لایەنە سیاسیانەی کورسی پەرلەمانیان هەیە). ئەم ئەنجوومەنە سکرتاریەتێکی هەبێت و پەیڕەوێکی ناوخۆی هەبێت. ئەم ئەنجوومەنە دەبێتە باڵاترین ئۆرگان و ژووری سیاسی هەرێمی کوردستان بۆئەوەی یەکگرتوویی هەڵوێست و بڕیاری سیاسی سەبارەت بە پرسە سیاسی و ستراتیژییەکانی وڵات بەرجەستەو رەنگڕێژ بکات. گومانیشی تێدا نییە کە مسۆگەریی هاوهەڵوێستیی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناوخۆمان دەبێتە ئامرازێکی کاریگەر و چالاک بۆ رووبەڕووبوونەوەی مەترسی و تەحەدیاتەکانی ئەو ژینگە سیاسییە نالەبارەی ئێمە لەناویدا دەژین.



د. ئەحمەد وەرتی*

# دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە کوردستان

پرۆژە یاسای دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان لە خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا پێشکەش کرا و دوای پەسندکردنی چوار ماددەی دواخرا، هۆکاری دواخستنەکەشی رێکنەکەوتنی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان و ناکۆکییان بوو لەسەر چەند خاڵێک لەوانە: ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی دەستەکە و شێوازی هەڵبژاردن و دیاریکردنیان، لە پرۆژەکەدا بە (7) ئەندام هاتبوو کە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە کانید دەکرێن و بە دەنگی زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێن. لە نێو ئەندامانی فراکسیۆنەکاندا چەند پێشنیارێک لەو رووەوە هەبوون: 7، 9، 11 ئەندام، بەڵام نەگەیشتن بە ئەنجامێکی کۆتایی. مەسەلەی بڕیار وەرگرتن لە نێو دەستەکە کە ئایا بە زۆرینە یان دوو لەسەر سێ یاخود بە تەوافوقی نێوان ئەندامانی بێت، لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئەوکاتە لەسەر ئەوە بوون کە بڕیاردان لە نێو دەستەکە بە دوو لەسەر سێ بێت، هەرچەندە جۆرێک لەیەک نزیکبوونەوە روویدا لە نێوان فراکسیۆنەکاندا سەبارەت بە دروستکردنی دەستەکە ، بەڵام رێککەوتنی تەواو نەکراو دواجار دواخرا.

گرنگیی دەستەکە بۆ هەرێمی کوردستان

گرنگیی بوونی دەستەیەک بۆ هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان لە ئێستادا زیاتر ئاشکرایە، بە تایبەت کە باس لە ئەنجامدانی راپرسی دەکرێت لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی هەرێم و راپرسیی گشتی بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووس، ئەگەر ئەو دەستەیە دابمەزرێت راستەوخۆ ئامادەکارییەکان بۆ هەڵبژاردنە نێوخۆییەکان و راپرسیەکان ئەنجام دەدات و ئەرکی رێکخستن و سەرپەرشتیکردنیان لە ئەستۆ دەگرێت، لەو هەڵبژاردن و راپرسیە ئیتیحادیانەش کە لە هەرێمی کوردستاندا ئەنجام دەدرێن هەماهەنگی تەواو دەبێت لە نێوان کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق و دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی بۆ رێکخستن و جێبەجێکردنیان، کەوابوو زۆر پرسی گرنگی تەکنیکی پەیوەست بە هەڵبژاردن و راپرسی وەک: نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران، سکاڵای قەوارە سیاسییەکان، تانەکان ، راگەیاندنی ئەنجامەکان و رێکارە یاساییەکانی تر.. ئاسانتر دەتوانرێ کاری بۆ بکرێت بێ ئەوەی پێویست بە گەڕانەوە بکات بۆ بەغدا، جگە لەوە بوونی دەستەیەکی لەو جۆرە وەک پرسێکی سەروەریش بایەخی خۆی هەیە.

ئێستا کە جارێکی دیکە پرۆژە یاسای دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی پێشکەش بە پەرلەمان کراوەو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوەو بڕیار وایە گفتوگۆی لەسەر بکرێت ، زۆر گرنگە فراکسیۆن و ئەندامانی پەرلەمان بە هەستکردن بە بایەخی بوونی ئەو دەستەیە وەک دەستەیەکی یاسایی زوو بگەنە تەوافوق لەسەری و بە زوویی پەسەندی بکەن بە لەبەرچاوگرتنی هەستیاریی قۆناغەکە و حیسابکردن بۆ پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکان، دیارە هەنووکە زەمینەی کۆدەنگی زیاترە بە حوکمی بوونی هەموو لایەنەکان لە دەسەڵات و حوکمڕانی هەرێمی کوردستاندا، ئەگەرنا هەرگیز دەسەڵاتی بەغدا رازی نابێت بە ئەنجامدانی راپرسی لە کەرکوک و ناوچە کوردستانیەکان و راپرسی بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووس و بڕیاردان لە ئایندەی گەلی کوردستان.

***ئەندامی لیژنەی یاسایی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان.**



گۆران محەممەد

# مالیکی یەوموددین


خۆ بەمتومووروو فرۆشتن نییە، بە لووتبەرزییەکەیدا پێدەچێ بەسەهوو، لە قورئان تێگەیشتبێ و کە خودای گەورە دەفەرموێ "مالیکی یەومولدین، ئییاکە نەعبودو وە ئییاکە نەستەعین" بە خۆی تێگەیشتبێ و ئیتر خۆی هێنابێتە ریزی زەیتوون و هەنجیر و ئەو شتانەی لە قورئانی پیرۆزدا ناویان هاتووە. ئەی بە گاڵتە کیلۆیەک هەنجیر بە پازدە قوتە هەزارە؟ بە گوێرەی هەندێک بەقاڵ، هەرزانفرۆشیی هەنجیر، سووکایەتیکردنە بە قورئان. جا دەبێ سرینەوەی وشەی مالیکی، چ قەباحەتێک بێت.

لە مەزنترین فەیلەسووفی دونیاوە بگرە تا خوێڕیترین جیقنەنووس، باسی سیحر و میحری کورسییان کردووە. بەڵام بە ئەسحابە قەسەم تا ئێستا تێنەگەیشتووم سیحری کورسی لە چیدایە وا مرووفرۆش دەکاتە دێوەزمە. لێتان ناشارمەوە، من هەموو کورسییەکانی ماڵی خۆمانم تاقیکردەوە فەرقێکی ئەوتۆیان نەبوو، ناچار پەنام بردە بەر سیاسەتبازێک، کە عەیب نەبێ، قوونی لەسەر ئەنواعی کورسی داناوە. قوربان سیاسەتباز، جیاوازە لە سیاسەتکار. ئەویان لەسەر کێشی مێبازە، ئاخر وەک چۆن مێباز بە تاقە مێیەک دڵی داناسەکنێ، قوونی سیاسەتبازیش بە تاقە کورسییەک ناحەوێتەوە.

بە گوێرەی ئەم سیاسەتبازە قوونەڕاشە، هەندێ کورسی تەنیا بۆ دانیشتن نییە. لە شەرعا شەرم نییە دەڵێ وەک چۆن تۆ لەسەر ئەو دادەنیشی، ئەویش هەندۆکەک بە جەنابتانا رادەچێ. جا ئەم رۆچوونە جورەهایە و هەر یەکەیان تامێکی هەیە. تازە هیچ دەرفەتی عەیب نەبێ نەما.

قوربان بێینەوە سەر کورسییەکەی مالیکی و پرسیارێک کە ئێستاکێ خۆی فرێدەداتە گۆڕێ و کەمێکیش تەپاوتل دەکات ئەمەیە: ئاخۆ کورسییەکەی کا نووری، هەرامەی پێوەیە وا کا نووری ئارامی لێبڕاوە یان نا؟ بە گوێرەی کاکی سیاسەتباز، ئەم هاربوونەی کا نووری هەرگیز بێ هەرامە نییە.

بەم وەڵامە قوڕەکە خەستتر دەبێتەوە، ئاخر کێیە ئەوەی بە کا نووری دەڵێ قوربان هەرامەکە چەند و چۆنە؟ ئا لێرەدا کاکی سیاسەتباز دەمووچاوی یا بە یەکا و وتی کەرە لە کورد زیاتر کێیە؟ بەینی خۆمان بێت نەموێرا بە دەنگی بەرز دوا پرسیاری لێبکەم، ئەی قوربان مەگەر تا ئێستا هەر کورد نەبوو جێقوونی کا نووری گەرموگوڕ راگرتبوو؟ ئاخیری خێر بێت.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# هێنانەوەی تاڵەبانی

گەڕانەوە یان گێڕانەوەی سەرۆک کۆماری پێشووی عێراق بەڕێز جەلال تاڵەبانی، لەم ساتەوەختەدا کە وڵاتی بەناو عێراق پێیدا تێپەڕ دەبێت، لەلایەک جێگەی دڵخۆشییە، لەلایەکی دیکەشەوە گومان و پاڵەپەستۆ خستنەسەر رێچکەیەکی سیاسی نیشان دەدات. بە واتایەکی دیکە ئەم گەڕانەوەیە شتێکی ئاسایی نییە و تەوقیت و کاتەکەی جێگەی لێوردبوونەوەیە.

خەڵکی ئاسایی ناو یەکێتی و تەنانەت دەرەوەی یەکێتیش بەوە خۆشحاڵن کە سەرۆک کۆماری پێشووی عێراقی پێشوو، دوای نزیکەی دووساڵ چاوەڕوانی دەگەڕێتەوە وڵات. ئەگەرچی پێشتر بڕیار وابوو کە یەک دوو رۆژ بەر لە هەڵبژاردنەکانی 30ی نیسانی رابردوو ئەم کارە بکرێت، بەڵام گرتەیەکی ڤیدیۆیی چەند چرکەیی و هەندێ دەست و قاچی دیکە، کافی بوو بۆ راستکردنەوەی باری لەنگی یەکێتی و دەربازبوونێکی کاتی لەو قەیرانەی تێیکەوتبوون. ئەوە وایکرد کە باڵێک لەناو یەکێتیدا بە بیانووی ئەوەی ئەو "سەرکەوتنەی بەدەستیان هێناوە" بەرهەمی کەس نییە غەیری خۆیان نەبێ، ویستیان و توانییان هەژموونی خۆیان بەسەر پاشماوەی یەکێتیدا بسەپێنن. ئەوەی باڵی دەستڕۆیشتوو حیسابی بۆ نەکردبوو، رووداوەکانی مووسڵ و توانەوەی شێرە بەفرینەکەی ئێران "مالیکی" بوو. بۆیە بە درێژایی مانگێک یەکێتی نەیدەزانی چی بڵێت و هەرکەسە لە ئاوازێک دەیخوێند.

باڵی دەستڕۆیشتوو وای دانابوو کە بە دوو هەنگاو (یەکیان لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان و ئەوی دیکەش وڵاتی بەناو عێراق، پێگەی خۆی دادەکوتێ). هەنگاوی یەکەم بەسەرکەتوویی کۆتایی هات و کاندیدەکان و داواکانیان لە ئیدارەی کوردستاندا سەری گرت. چەند چرکە ڤیدیۆکە کاری خۆی بەزیادەوە کرد. هەنگاوی دووەم ئەوە بوو کە موعتەمید و نهێنیپارێزە مەزنەکەش (نەجمەدین کەریم) کە سەرکەوتنێکی بێوێنەی بۆ تۆمار کرابوو، کورسییەکەی بەغدا پڕبکاتەوە. چونکە قەت ناچێتە عەقڵەوە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی بێئەوەی حیزبەکەی ئاگادار بێت (بەڵام باڵی دەستڕۆیشتوو ئاگادار بوو) جەسارەتێکی سیاسیی وا لە خۆی نیشان بدات. بەڵام ئیدی کە دیتی بۆی ناچێتەسەر و مەترسیی کودەتای سەربازیی فەرماندەکانی پێشمەرگەی ناو یەکێتی، باڵی دەستڕۆیشتووی ناچارکرد هەنگاو بۆ دواوە بنێنن.

لەگەڵ هەموو رێز و حورمەتم بۆ مام جەلال، بەڵام راستییەک هەیە کە ئەویش ئەوەیە لەو رۆژەوە کە بەڕێزیان بۆ چارەسەری لە دەرەوەی وڵاتە، ژیانی سیاسی کۆتایی هاتووە، یان ئەوەتا کۆتایی پێهێندراوە. ئەگەرنا لەو هەموو قەیران و ئاڵۆزییەی یەکێتی تێیکەوت، رستەیەکی مام بەس بوو بۆ کۆتاییهێنان بە موناقەشە و جەدەلەکانی ناو یەکێتی و پێویستی بەوە نەبوو هەفتەی سێ رۆژ قاسم سلێمانی لە مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەوام بکات!

باڵی دەستڕۆیشتوو کە ئێستا لەناو یەکێتیدا باش دیارن کێن، بەر لە هەموو کەس گەورەترین مەترسین بۆ سەر ناو و ناوبانگ و رابردووی خەباتی مام جەلال. ئینجا ئەوان کە خۆیان بە میراتگری رێبازی مام جەلال دەزانن، رەنگبێ لە رووی ماڵی، دارایی و دەسەڵاتەوە لە مام جەلالەوە زۆریان بۆ مابێتەوە، بەڵام پێناچێ بەو رادەیە سیاسەت و بیرکردنەوەی ئەویان بەنسیب بووبێت. مام جەلال بەدرێژایی تەمەنی سیاسیی خۆی دەیزانی دۆست و دوژمنەکانی خۆی چۆن ئیدارە بدات، ئەگەرچی ئەو سیاسەتە زۆر کێشەی لەناو یەکێتیدا کەڵەکە کرد، بەڵام قەت نەیهێشت یەکێتی تووشی فەوزا ببێت. میراتگرەکان ئەمڕۆ بەچەپ و راست خەریکن، هەموو هێزەکە لەواندا کۆببێتەوە و جڵەوەکە لەدەست ئەواندا بێت. خۆشیان دەزانن کە ئەوە تاسەر نابێت، بەڵام تا دوا هەناسە مام جەلال بەکاردێنن.

باڵی دەستڕۆیشتوو، بەهێنانەوەی تاڵەبانی بۆ سلێمانی و راگەیاندنی ئەوەی کە (هێشتا سیاسەتی پێدەکرێت) دەیانەوێ تا دوا هەناسە تاڵەبانی بەکاربێنن.

ئەم بەکارهێنانە تەنها لە ناوخۆی کوردستان نابێت و دەیانەوێ شتێکی وەک ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی لێ دروستبکەن و لەسەر هەموو ئاستەکان، جا کۆنگرەی یەکێتی بێت یان ماددەی 140 فەرق ناکات، گرنگ ئەوەیە کە ناوبەناو فتوایەک لەدەمی ئەوەوە بدرێت.



قەرەنی قادری

# هەرێمی کوردستان، ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی

رووداوە خێراکانی ئەم دواییەی عێراق، لەبەریەکترازان و جێگۆڕکێ لە هاوکێشەکاندا، عێراقیان بۆ دۆخێکی تەواو نوێ گواستەوە و ئاستی کێشە و داواکارییەکانیش بەرز بوونەتەوە. رێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی، تەنیا رێگەیە لەبەردەم هەرێمی کوردستان. "پێکەوە هەڵکردن" و "پێکەوە ژیانی برایانە" لەگەڵ بەغدا لەمێژە شکستی هێناوە.

رۆژی 2014/7/3 مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان، دوو داواکاریی پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کرد، تا بە زووترین کات بڕیاری یاسایی بۆ دەربکەن: "پەلە بکرێت لە دانانی کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن بۆ کوردستان" و هەروەها "ئامادەیی بکرێت بۆ دەستپێکردنی ریفراندۆم بۆ دیاریکردنی چارەنووس".

باشترین رێگە کە بارزانی بۆ پرسی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی دیاری کرد، ئەوە بوو کە بۆ پەرلەمانی کوردستان گەڕایەوە و پەرلەمانی کوردستانیش کە نوێنەرایەتیی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەکات، راسپێردرا تا ئەو ئەرکە مێژوویی و یاساییە بەڕێوەبەرێت. خاڵێکی تریش هەر لەو پەیوەندییەدا پێویستە ئاماژەی پێ بدرێت، کە ئیتر پرسی سەربەخۆیی موڵکی هیچ حیزبێک نییە، بەڵکو ئەوە کاری دامەزراوەیەکی نەتەوەییە (پەرلەمانی کوردستان) و هاوکاتیش پەرلەمانی کوردستان دەتوانێت یەکڕیزی و کۆدەنگی لە هەرێمی کوردستاندا بێنێتە دی و هەر حیزب و گرووپێکیش کە بخوازێت بەلاڕێدا بڕوات، بەرداشی کۆدەنگی دەیهاڕێت.

## ئەوروپا و پرسی سەربەخۆیی

لە 2008/2/17دا پەرلەمانی کۆسۆڤۆ، بەبێ ئەوەی بۆ رای هاووڵاتیانی بگەڕێتەوە، بە زۆرینەی دەنگ و یەکلایەنە سەربەخۆیی وڵاتەکەی لە سێربستان راگەیاند. پەرلەمانی سکۆتلەنداش بڕیاری داوە لە (2014/9/18)دا، رێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی وڵاتەکەی بەڕێوەبەرێت. ئەوەش لە کاتێکدایە کە سکۆتلەندا 307 ساڵە سەر بە بەریتانیایە. لە (2014/1/16)دا، پەرلەمانی کەتالۆنیا بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری دا کە لە مانگی 11ی ئەمساڵدا، رێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کەتالۆنیا بەڕێوە ببات. هەر بە دوای ئەو بڕیارەدا، پەرلەمانی کەتالۆنیا داوای لە پەرلەمانی ئیسپانیا کرد کە دەسەڵاتی ئەنجامدانی ئەو راپرسییە بە دەوڵەتی خۆجێیی کەتالۆنیا بدات. بەپێی دەستووری گشتیی ئیسپانیا، تەنیا دەوڵەتی ناوەندی مافی بەڕێوەبردنی ریفراندۆمی هەیە. سەرۆکوەزیرانی ئیسپانیا رایگەیاند، ئیزن نادات ئەو ریفراندۆمە لە کەتالۆنیادا بەڕێوەبچێت. پرسی نەتەوەیی و مەیل بۆ سەربەخۆیی، (جامایکا)شی هێناوەتە سەر ئەو رێبازە کە بیر لە سیستەمێکی کۆماری و سەربەخۆیی بکاتەوە. جامایکا کە خاوەنی پەرلەمان و سەرۆکوەزیرانی خۆیەتی، بەڵام لە ژێر چاودێریی شاژن (ئێلیزابێت)ی بەریتانیادا بەڕێوەدەچێت. دیموکراسیش لەو دەڤەرەدا نەیتوانی پرسی نەتەوەکان چارەسەر بکات.

ساڵی 2014 بۆ هەندێک لە یەکە نەتەوەییەکان ساڵی رێفراندۆمە بۆ سەربەخۆیی، بێشک ئەمەش کەشێکی لەبار بۆ هەرێمی کوردستان دەخولقێنێ، تا تێکەڵ بەو پرۆسەیە ببێتەوە. هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2003وە تا ئێستا بە شێوازی جۆراوجۆر "پێکەوەژیان"ی لەگەڵ بەغدا تاقی کردەوە و بە هیچ ئاکامێک نەگەیشت و شکستی هێنا. ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە گۆیا سیستەمی سیاسیی عێراق "فیدراڵی" بوو، لەبەر ئەوە بیرکردنەوە لە چەمکی کۆنفیدراڵیش لەگەڵ بەغدا تەنیا لە تراویلکە دەچێت. کاتێک سیاسەتوانان لە بەغدا نەتوانن سیستەمی فیدراڵی پیادە بکەن، چۆن دەتوانن بیر لە سیستەمێکی نوێی حوکمڕانی بکەنەوە کە چوارچێوە و هزری بەڕێوەبەرێتییەکەی لە فیدرالیزم بەرزترە؟ هەر وەکو فکری سیستەمی فیدراڵی جێگەی لە بەغدادا نەکردەوە، بێگومان هیچ ئاسۆیەکیش بۆ کۆنفیدراڵی لە بەغدای شیعە بەڕێوەبەردا نییە.

راگەیاندنی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان ئەو دەرفەتەشی هێناوەتە کایەوە کە مەودای نێوان هاووڵاتیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کەمتر ببێتەوە، هەروەها ئەوانەی کە دوێنێ ئۆپۆزسیۆن بوون، ئەمڕۆکە بەشێکن لە حکومەت. ئەمانەش دوو دەرفەتی گرینگن کە کۆدەنگی سەبارەت بە پرسی سەربەخۆیی خێراتر بە ئەنجام بگات. بەڵام بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکە مێژووییەش، پێویستە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە گشت دامەزراوەکانییەوە، زۆر بە خێرایی بیرێکی جددی لە باشتربوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان (ئاو، کارەبا، سووتەمەنی و خواردەمەنی) بکەنەوە و، چارەسەریش بۆ کەموکورتییەکان بدۆزنەوە. کەمکردنەوەی گەندەڵی و بەربەرەکانی بە دژی بەفیڕۆدانی سامانی نەتەوەیی، پێویستە لە ئەولەویەتی کارەکانی حکومەتدا بن. کۆدەنگی تەنیا بە رێگەی کەمکردنەوەی مەودای نێوان حکومەت و هاووڵاتیانەوە دێتە دی، کە بنەماکەیشی خزمەتگوزاریی باشتر و خێراترە.

لێپێچینەوە و لێپرسینەوە لە کاربەدەستە حکومییەکان لە کاتی وڵامدەرنەبوونیاندا، هەروەها چاودێریکردنی باری ژیان و پێداویستییەکانی پێشمەرگە لە مەتەرێزەکانی بەرگریدا. پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بە تایبەت کۆنسوڵگەری و شەریکە بیانییەکان. کاری بەردەوامی دیپلۆماسی لە ناوچەکە و جیهان، بێشک کار لەگەڵ لۆبییەکانیش بەشێکە لەو ئەرکە. ئەگەر بارودۆخی عێراق گۆڕانی بنەڕەتی بەسەردا هاتووە و بۆ بەر لە رووداوەکانی موسڵ ناگەڕێتەوە و چارەسەری نوێی دەوێت، بێشک ئەمە هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە. ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان گەڕانەوەی بۆ نییە و هەرێمی کوردستانیش ناتوانێت بۆ بەر لە (2014/7/3) بگەڕێتەوە.



عەبدوڵڵا ڕێشاوی

# مام جەلال و کۆریای باکوور

بێ ئەوەی نە هاووڵاتیان، نە میدیاکان، نە سیاسییە گەورەکانی ئەم وڵاتە، چاویان بەسێبەرەکەشی کەوتبێت، هەمووومان لەوە دڵنیابووینەوە کە بەڕێز مام جەلال رۆژی شەممە بە فڕۆکەیەک لە بەرلەینەوە گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی و بەتەندروستییەکی باشیشەوە.

هەمووومان بێ ئەوەی نە وەک یاقوبی باوکی یوسف بۆنی مام جەلالمان کردبێت و بێ ئەوەش کە شاهێد عیانێک یان سیاسییەک پێمانی گوتبێ: خودی مام جەلال یان سێبەرەکەی یان شتێک کە لەو دەچێتی بینیوە، قەناعەتمان بەوە هێنا کە تاڵەبانی گەڕاوەتەوە.

ئێمە کە بێ ئەوەی هیچ شتێک ببینین، یان دەستێکی سڵاومان بۆ بەرز بکرێتەوە کە لە هی سەرۆکەکەمان بچێت، ئاسایی باوەڕ بەوە بکەین کە مام جەلال گەڕاوەتەوەو تەندروستیشی باشە و گەڕانەوەشی کاریگەریی لەسەر رەوشی عێراق دەبێت، ئیدی بۆچی پێمان سەیرە کاتێک ببیستین خەڵکی کۆریای باکوور باوەڕیان بەوە هێناوە کە تیمی وڵاتەکەیان یەکەمی مۆندیالی 2014 بووە؟

میدیا دەتوانێت هەموو شتێک بکات، دەتوانێت پێمان بسەلمێنێت کە بزووتنەوەی حەماس زیانێکی گەورە لە ئیسرائیل دەدات و بەچۆکیدا دێنێت، پێشمان بسەلمێنێت کە کۆریای باکوور مانگ دێنێتە سەر زەوی و پێشمان دەسەلمێنێت کە مام جەلال گەڕاوەتەوە و تەندروستیشی زۆر باشەو سبەینێش سەرپەرشتی کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەکات و گەڕانەوەشی کاریگەری لەسەر رەوشی عێراق دادەنێت!

من ناڵێم مام جەلال نەگەڕاوەتەوە، بەڵام دەپرسم بۆ کەس گومانی لەگەڕانەوەی ئەو پیاوە نەکرد؟ بە رووداویشەوە کە گەورەترین رەواج و تەرویجی بە گەڕانەوەی مام جەلال داو بۆ ساتێکیش نەیپرسی، ئایا بەڕاست ئەمە مام جەلالە دەگەڕێتەوە؟

تۆڕی رووداو کە هاوسەفەری تاڵەبانی بوو لەگەڕانەوەکەیدا –بێگومان بێ ئەوەی بیبینێت– دەبوو پرسیاری گەورە لەسەر ئەو شێوە گەڕانەوەیەی بەڕێز مام جەلال دابنێت، نەک تەرویجی پێبدات و بیکاتە ئەمری واقیع و وەک بینەر ئەویش تەماشای گەڕانەوەی فڕۆکەیەک بکات و پێمان بڵێت "ئەوە تاڵەبانییە لەو فڕۆکەیەدا دەگەڕێتەوە" بێ ئەوەی بپرسێت "بەڕاست ئەوە تاڵەبانییە لەو فڕۆکەیەدا؟ ئێمە وەک تیمی رووداو تائێستە دڵنیانین، چونکە هیچ شتێکمان بەدی نەکرد".

رووداو لەپای ئەو رووماڵە بەهێزە گشتگیرەی بۆ سەفەری گەڕانەوەی مام جەلالی کرد، دەبوو ئەو مافەشی بەخۆی دابایە کە پرسیار لەوە بکات داخۆ بۆچی کامێرا زووم کراوەکان بەهیچ شێوەیەک تارماییەکیش لە تاڵەبانی بەدی ناکەن.

رووداو نەک مافی خۆی بوو ئەم پرسیارە بکات، بەڵکو ئەوە ئەرکە راستەقینە میدیاییەکەی رووداو بوو کە پێمواییە لە گەڕانەوەکەی مام جەلالدا نەیانتوانی تەوزیفی بکەن و خۆشیان و خەڵکیشیان لە دڵنیاییەکی وەهمیی نامەحسوسدا هێشتەوە.

جگە لە میدیا، هەموو سیاسییەکان بەیەک ئاواز ستایشی گەڕانەوەی مام جەلال دەکەن، بێ ئەوەی کەسیان بینیبێتیان، یان مافی بینینی ئەو پیاوە و سەردانیکردنی ئەویان هەبێت، ئەگەر لەپشت پەنجەرەشەوە بێت.

ئەم یەک ئاوازییەی سیاسیەکانی ئێمە بۆ شتێک کە نە بینیویانەو نە هەواڵیان پێدراوەو نە مافی پرسیارکردنیشیان لەبارەیەوە پێدراوە، جیاوازیی چییە لەگەڵ ئەوەی هەموو منداڵانی کۆریای باکوور دەبێت بەیانیان بەدەم رۆیشتنیانەوە بۆ قوتابخانە سروودی نیشتیمانی وڵاتەکەیان بڵێنەوە وەک خۆشترین سروودی نیشتیمانی دنیا؟

با یەکێک لە سیاسییەکانی ئێمە بیگوتبایە "من دەبێت مام جەلال ببینم ئەوسا قسە لەسەر گەڕانەوەی دەکەم"، ئەگەر سیاسییە پلە یەکەکانیش ناتوانن ئەمە بڵێن، با سیاسییەکانی خوار ئەوان پرسیارێک لەسەر مام جەلال و چیرۆکی نەخۆشی و چیرۆکی گەڕانەوەشی دروستبکەن.

نەک سیاسییەکان ئەم هەڵوێستە دەرنابڕن، بەڵکو رۆشنبیر و چاودێرەکانیشمان هەر بەم ریتمی دڵنیاییە قسە دەکەن. ئەوە پیاوە حیزبییەکان هەر مەپرسە کە دەبێت وەک رۆبۆت چییان لەسەر خەزنکراوە ئەوە بڵێنەوە.

پێمواییە ئەگەر وریا نەبین مام جەلال چۆن بە لەشساغیەکەی رەواجی بە دیموکراتیەت و را جیاوازی لەکوردستاندا دا. بە پێچەوانەی ئەمە بە نەخۆشکەوتنەکەی هەمووومان دەکاتە کۆریایی.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# مام جەلال و دیارییەکەی

کاتێک دوای ساڵێک و زۆرتر لە حەوت مانگ مام جەلال گەڕایەوە سلێمانی، من لەوێ بووم. لەنێو ئاپۆرای جەماوەری چەند سەد کەسیدا، لەبەردەم فڕۆکەخانەی سلێمانی و دواییش لەنزیک پردی سەرچنار کەژاوەی ئەو ئۆتۆمبێلانەم دیت کە دەگوترا هەواڵسازترین پیاوی نێو مێژووی کوردستانیان پێیە و دەیگەیەننەوە ماڵەوە. بەوردی و لەدوورییەک مەترەوە سەیری نێو ئۆتۆمبێلەکانم کرد. سووکە گومانێکم هەیە کە لەنێو یەکێک لە ئۆتۆمبێلەکاندا مام جەلالم دیت.

کەژاوەی ئۆتۆمبێلەکان لە کەژاوەی سەرۆککۆماری عێراق نەدەچوو. هیچ پرۆتۆکۆلێکیان تێدا ڕەچاونەکرابوو. ئەو دیمەنەی دیتم زۆرتر لە دیمەنی گەڕانەوەی پێشمەرگە لە سەردەمی ڕاپەڕین دەچوو، بەڵام جیاوازییەکەی ئەوەبوو کە وەکو ساڵی 1991 خەڵک لەسەر شەقامەکانی سلێمانی ئاپۆرای نەبەستبوو بۆ دیداری شۆڕشگێڕە جلوبەرگ خاکییە دەم بە بزەکە.

بنەماڵەی مام جەلال، لە هێنانەوەیدا، هەم غەدریان لێکرد، هەم زیرەکیشیان نواند. غەدر لەوەدا کە لە هاوڕێکانی و جەماوەرەکەی شاردیانەوە. شەو لە چێشتخانەیەکی بەنێوبانگی سلێمانی دانیشتبووم، گەنگەشەی "خەڵکی شار" لەسەر ئەوەبوو "مادام مام گەڕاوەتەوە بۆ کەس نەیدیت؟" لە ڕۆژی گەڕانەوەیدا زوومی کامێراکانی ڕووداو لە بەرلینەوە تاوەکو دەباشان لەسەر ئەو فڕۆکە و ئۆتۆمبێلانە بوو کە مام جەلالیان دەگواستەوە و چرکە بە چرکە بۆ خەڵکیان دەگواستەوە، کەچی لە کۆتایی ڕۆژدا، سکرتاریەتی مام جەلال لەجیاتی ئەوەی گرتەیەکی ڤیدیۆیی یان فۆتۆیەکی نوێ بە دیاری بدەنە ڕووداو، بە پاقلاوە و گوڵ سوپاسیان کرد! ئەمە پەیامێکی ڕوون بوو کە هێشتا ناکرێ مامە پێشانی دنیای دەرەوە بدرێت. بۆچی؟ وەڵامەکەی تەنیا هێرۆخان و خوای ئەو و ڕەنگە چەند کەسێکی دیکە بیزانن.

لەماوەی ساڵێک و حەوت مانگی رابردوودا، یەکێتییەکەی مام جەلال چیدیکە ئەو سەفینە نەبوو کە لەبن نەیەت. شکست لە هەڵبژاردنێکدا و باڵباڵێن و پەلەپرووزەی بەرپرسانی بۆ خۆدەوڵەمەندکردن ئەو حیزبەیان شەکەت کردبوو. لەماوەی رابردوودا چاکترین تاکتیکی ڕکابەرەکانی یەکێتی ئەوەبووە لوقمەیەکی چەور پیشانی سەرکردەکانی یەکێتی بدەن و پێیانبڵێن "لەنێو خۆتاندا ڕێککەون کە کێ ئەم لوقمەیە نۆش دەکات"، ئیدی بە هەفتە و بە مانگ یەکێتییەکان خەریک دەبوون بۆئەوەی لەسەر کاندیدێک پێکبێن کە نە شیش بسووتێنێ نە کەباب.

ئەوەمان لەسەر پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزارەتەکانی کوردستان دیت. هەمان حیکایەت لەسەر میراتگرتنەوەی مام جەلال و وەرگرتنی پۆستی سەرۆککۆماریش درێژەی هەیە. بەقەولی هاوڕێیەکم "ئەگەر گۆڕان دەیەوێ یەکێتی لە ئێستاوە پڕناکۆکیتر بێت، دەبێ واز لە پۆستی پارێزگاری سلێمانی بهێنێت و لێگەڕێت یەکێتییەکان لەنێوخۆیاندا لەسەری ڕێکنەکەون".

بەم حاڵەشەوە یەکێتییەکان دیواری هیوایان لەسەر گەڕانەوەی مام جەلال هەڵچنیوە. کاتێک قسەیان لەگەڵ دەکەی هەست دەکەی دوایین ئومێدیان بەوەیە کە بە گۆچانەکەی و تەسبیحەکەی دەستییەوە هەستێتە سەرپێ و قسەی یەکلاکەرەوەیان بۆ بکات. بەڵام ئایا تازە مام ئەوەی پێدەکرێت؟ مامێک نەکرێت گرتەیەکی ڤیدیۆیی لێ بڵاوبکرێتەوە و خۆی نا، بەڵکو بنەماڵەکەی بڕیار بدەن کە کێ بیبینێت و کێ نەیبینێت، ڕێی تێدەچێت جارێکی دیکە قسەکانی بڕیکات؟

بە هەموو بارێکدا هێشتاش یەکێتییەکان و بنەماڵەکەی پێویستیان بەوەیە سێبەری مام جەلالیان بەسەرەوە بمێنێت. ئەویش بۆئەوەی هەمیشە ترسێک هەبێت لەوەی لەپڕ بگەڕێتەوە و گومە مەنگەکەیان بۆ بشڵەقێنێت.

ئەو ترسە هەم ڕێگە دەگرێت لە تەقینەوەی ناکۆکییەکانی نێو یەکێتی و دەیپارێزێت لە هەڵوەشانەوە، هەم واشدەکات بنەماڵەی مام جەلال جێپێی خۆیان قایمتر بکەن. ئەوە ڕاستییەکە کە هێشتا قوباد تاڵەبانی پێویستی بە کاتە بۆئەوەی فێری ئەو گەمە سیاسییە جیاوازە نارۆژئاوایی و نازانستییە بێت کە لە کوردستان دەکرێت. هێرۆخانیش پێویستی بە کاتە بۆئەوەی ئەو پەڵە هەورانە لە ئاسمانی یەکێتییەکەی نێو خەیاڵدانیدا بڕەوێنێتەوە کە دەکرێ ببنە تیری پاژنەکەی ئاشیل بۆی.

بۆ ڕەواندنەوەی ئەو ترس و گومانە پێویستە مام جەلال قسەبکات و خەڵک لەسەر شاشە بیبیننەوە. کەسیش نازانێ، بەڵکو سبەی تا لەخەو هەڵدەستین سکرتاریەتی مام جەلال، لەجیاتی گوڵ و پاقلاوە، یەکەمین لێدوانی ڤیدیۆیی مام جەلالیان بەدیاری هێنابێ بۆ ڕووداو!






بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# ئەردۆغان و گرەوبردنەوەی لە ڕکابەرەکانی

2014 ساڵی هەڵبژاردنەکان بوو لە تورکیا. 30 ئادار هەڵبژاردنی شارەوانییەکان دانیشتووانی ئەو وڵاتەی بردە سەر سندوقەکانی دەنگدان. 10ی مانگی داهاتووش هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری جارێکی دیکە ڕای دانیشتووانی ئەو وڵاتە وەردەگرێتەوە لەسەر ئەوەی کێ تورکیا بەڕێوەبەرێت. سەرجەم ئاماژەکان وا پێشاندەدەن کە ترێندی سەرکەوتوویی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لەم هەڵبژاردنەشدا بەردەوام دەبێت و ئەگەری هەیە زیاتریش لە هەڵبژاردنی پێشوو دەنگ بهێنێتەوە. لێرەدا حەقی خۆیەتی بپرسین چییە ئەو شتەی ئەردۆغان لە سەرجەم سیاسەتمەدارانی مێژووی هاوچەرخی تورکیا جیادەکاتەوە؟ نهێنی سەرکەوتنی چییە؟ چۆنە 3 هەڵبژاردنی گشتی یەک لە دوای یەکی بە زیادکردنی بەردەوامی دەنگەکانی بردووەتەوە و بۆ خولی چوارەمیش بەهێزترین بەربژێرە بۆ کۆشکی چانکایا؟

پێش هەموو شتێک کەس ناتوانێت نکوڵی لەوە بکات کە ئەردۆغان تورکیای لە قۆناغێکی پڕقەیرانەوە گواستەوە بۆ قۆناغێکی باشتر بە هەموو پێوەرەکان. بەڵام ئەمە تەنیا نهێنیی سەرکەوتنی نییە. دەکرێت فاکتەرەکانی ئەو سەرکەوتنە بەم شێوەیە کورت بکەینەوە: یەکەمیان بوونی دیسپلینێکی بەهێز لەناو ئۆرگانەکان و ڕێکخستنەکانی ئەو پارتە. دووەمیان تەکتیکەکانی خودی ئەردۆغانە لە بەڕێوەبردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان. سوود وەرگرتن لە پێشهاتەکانی دەرەوەی تورکیاش یەکێکی دیکەیە لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەردۆغان.

با یەک یەک ئەمانە شیبکەینەوە، دسپلینی ناو ئۆرگانەکان و ڕێکخستنەکانی پارتی داد و گەشەپێدان، لە شێوەی کارکردن و یەک هەڵوێستی و پتەویی پارتەکەدا ڕەنگیداوەتەوە. AKP هەشت ملیۆن و 83 هەزار و 665 ئەندامی هەیە، ئەمە ژمارەیەکی گەورەیە بۆ وڵاتێک کە ژمارەی دانیشتووانی نزیکی 76 ملیۆن کەس بێت. بەو پێیە لە هەر 10 هاووڵاتییەکی تورکیا یەکێکیان ئەندامی AKP یەو پەیوەندیی ئۆرگانی هەیە بەو پارتەوە. ئەم ئەندامانە شەو و ڕۆژ کار دەکەن بۆ بەدەستهێنانی دەنگ بۆ پارتەکە. لەسەر ئاستی باڵاش بە هیچ شێوەیەک ڕێگە بە دروستبوونی تەکەتولات نادرێت و هەموو ئەندامەکان چاویان لە دەمی ئەردۆغانە و لێدوانەکانی ئەو دەبنە ڕێفرانسی بڕیار و کارەکانیان. بەم پێیە پارتی داد و گەشەپێدان لەسەر ئاستی ئیدارە و قاعیدەش پارتێکی پتەوەو دەنگەکان لەناو خۆیدا دابەش نەبووە. دیارترین نموونەش بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونە هاوهەڵوێستیی عەبدوڵڵا گیولە لەگەڵ ئەردۆغان کە بە دووەم کاریگەرترین کەسایەتی پارتەکە ناسراوە.

یەکێکی دیکە لە فاکتەرەکان بەتوانایی AKP یە لە بەڕێوەبردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن. لە ڕاستیدا ئەردۆغان و ڕێکخستنەکانی بە بەردەوامی وەک لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا بن کار دەکەن. بە واتایەکی دیکە ئەو هەڵمەتەی پێش هەڵبژاردنەکانی 2002 دەستیان پێکرد، هەتا ئێستا بەبێ وەستان بەردەوامە. ڕاستە ئامرازەکانی بانگەواز و ئارگومانەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، بەڵام ئاکپارتییەکان بە هەمان وزەوە بە بەردەوامی پرۆپاگەندە بۆ پارتەکەیان دەکەن. شرۆڤەیەک بۆ ئەمە ئەوەیە کە ئەردۆغان دوای سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنە یەک لەدوای یەکەکاندا تووشی غووری سەرکەوتن نەبووە و هەڵبژاردنەکانی داهاتووی بیر نەچووە. بە پێچەوانەوە سەرکەوتنەکانی بوون بە ورەیەک بۆ زیاتر کارکردن بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو. لێرەدا توانای گوتاربێژیی بەهێزی خودی ئەردۆغان و پلاندارێژی تیمی ڕاوێژکارەکانی بۆ بەڕێوەبردنی هەڵمەتەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە. ئەردۆغان پێش هەموو هەڵبژاردنێک دوو شت دەکات: یەکەمیان، ستەملێکراویی پارتەکەی دەخاتەڕوو کە نەیارەکانی ئەمە بە "ئەدەبیاتی ستەملێکراوی" ناودەبەن. لەم قۆناغەدا باس لە ڕکابەرێک دەکرێت کە دوژمنایەتی ئارامی و سەقامگیریی تورکیا دەکات. لە هەڵبژاردنەکانی 2007دا ئەم نەیارە بریتی بوو لە "دەوڵەتی قووڵ" یان وەک دواتر ناویان لێنا "ئەرگەنەکۆن"، مەبەست لێی ئەو پێکهاتە جێگیرەی ناو دەوڵەت و سوپا و بیرۆکراسیی تورکیا بوو کە هەوڵیان بۆ بەڕێوەبردنی وڵات داوە لە ڕێگەی نایاسایی و نا دیموکراسییەوە. لە هەڵبژاردنەکەی ئەمساڵیشدا جەماعەت یان گرووپی خزمەت بوو کە ناوی "دەوڵەتی هاوتەریب"یان لێنا و تۆمەتباریان کرد بە قۆرخکردنی دەسەڵاتی دادوەری و پۆلیس بۆ ئیدارەکردنی تورکیا. لە هەردوو هەڵمەتەکەدا ئەردۆغان بە دەنگی بەرز سکاڵای لەدەست ئەم "پێکهاتانە" کرد و تۆمەتباری کردن بەوەی دەیانەوێت ستەم لە پارتەکەی و لە حکومەت و گەل بکەن. دواتر قۆناغی دووەم دێت کە بەرەنگاربوونەوەی ئەو پێکهاتانەیە. ئەردۆغان بە خەڵک دەڵێت: "ڕاستە ئەمانە هێرشمان دەکەنە سەر، بەڵام ئێمە چاونەترسانە بەرەنگاریان دەبینەوە". بۆ ئەو بەرەنگاربوونەوەیەش داوای متمانەی زیاتر لە دەنگدەران دەکات.

سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی تورکیاش بەشێکی دیکەن لەو ئۆبژێیانەی پارتی داد و گەشەپێدان سوودیان لێ دەبینێت بۆ بردنەوەی گرەوی دەسەڵات. لێرەدا دوو نموونەی ئەم هەڵمەتەی ئێستا دەهێنمەوە، یەکەمیان سەبارەت بە ناوخۆی تورکیایە کە پرۆژە یاسای چارەسەری و ئەوی دیکەیان هێرشەکانی ئیسرائیلە بۆ سەر غەززە. تێپەڕاندنی پرۆژە یاسای چارەسەری کارتێکی بەهێزی ئەردۆغان بوو بۆ ڕازیکردنی کورد لەلایەک، بەو دیوەیدا زەمینەی یاسایی بۆ پرۆسەی ئاشتی ساز دەکات و ڕازیکردنی تورکیش بەو دیوەی دیکەیدا کە ئەوەی خۆیان پێیدەڵێن "کێشەی تیرۆر" چارەسەر دەکات. بە کورتی چەک لەدەستی PKK دادەماڵێت. هێرشەکانی ئیسرائیلیش بۆ سەر غەززە لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی دەرگایەکی دیکەی پرۆپاگەندەیان بەڕووی ئەردۆغاندا کردەوە وەک داکۆکیکار لە مافی فەلەستینییەکان. ئەردۆغان لە دوایین کۆبوونەوە جەماوەرییەکانیدا ئیسرائیلی بە ئەنجامدانی پاکتاوی ڕەگەزی تۆمەتبارکرد، ئەم قسەیە بۆ سیاسییەک لە تورکیا زۆر قورسە، ساڵانی زوو جارێک بلەنت ئەجەوید لێدوانێکی هاوشێوەی دا، دواتر 4 جار داوای لێبووردنی لە ئیسرائیل کرد.

ڕەنگە ئەمە بۆ خۆی وەڵامی پرسیارەکە بێت، ئەردۆغان لێدوانی توند دەدات و دوایی داوای لێبووردن ناکات وەک سیاسییەکانی پێشووی تورکیا. ئەمەش بووەتە جێی متمانەی خەڵکی تورکیا و 11 ساڵە، ساڵ بە ساڵ ئەردۆغان لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی بەرزتر بڵند دەکەنەوە. لە هەڵبژاردنەکەی 10ی ئابی ئەمساڵیش، بەگوێرەی زۆربەی ڕاپرسییەکان لە خولی یەکەمدا زیاتر لە 50%ی دەنگەکان مسۆگەر دەکات.



دەیڤد ڕۆمانۆ

# میدیا و کورد لە عێراق

لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماس، هەواڵەکانی میدیای ڕۆژئاوایی دەربارەی عێراق وەلانران. هەرچەندە هەست بە ناڕەحەتییەکی زۆر دەکەم بۆ ئەو هاووڵاتیانەی لە شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماسدا گیریان خواردووە کە تا ئێستا کوژرانی نزیکەی 200 فەلەستینی لێکەوتووەتەوە، بەبێ هیچ قوربانییەک لەلایەنی ئیسرائیلی و بەسەربردنی هاوین لە ژێرزەمینەکان لە هەردوولا، پێشتر هەموو ئەمانەمان بینیوەو ڕەنگە دووبارە بیبینینەوە. قورسە بۆ من تێگەیشتن لەوەی بۆچی بەردەوام دووبارەبوونەوەی شەڕی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل زیاتر شایەنی هەواڵە وەک لە ئاوارەبوونی زیاتر لە یەک ملیۆن کەس لەپاش گرتنی موسڵ و دەنگوباسی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی، هەروەها ڕژێمێک لە بەغدا کە لەلایەن ڕاوێژکارانی ئێرانی و ئەمریکییەوە ئامۆژگاری دەکرێت و ژمارەی قوربانیان و دروستبوونی لەناکاوی دەوڵەتی خەلافەت لە عێراق و سووریا. من ناڵێم نابێت هیچ هەواڵێک لەسەر غەززە و ئیسرائیل بڵاوبکرێتەوە، بەڵکو دەڵێم بەهەموو پێوەرێک، ئەوەی لە عێراق و سووریا و کوردستان ڕوودەدات ئێستا زۆر خوێناویتر و گەورەتر و گرنگترە لەڕووی جیۆستراتیژییەوە. کەچی کاتێک تەلەفزیۆنەکەم دەخەمە سەر هەر کەناڵێکی هەواڵ، هەموو وردەکارییەکم لەسەر شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماس دەداتێ، هەر لە ژمارە و قەبارەی مووشەکەکانەوە هەتا ژمارەی ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنیانەی کە ئیسرائیل بە هاووڵاتیانەوەی دەکات بەرلەوەی ماڵی کەسێک خاپوور بکات. بەڵام وا دەردەکەوێت قورس بێت کە بزانی ئاخۆ عێراق بوونی هەیە، یان ئەمریکییەکان و ئەورووپییەکان و وڵاتانی ناوچەکە هەوڵ و پلانەکانیان چییە بۆ ئەو قەیرانە لەڕێی میدیا سەرەکییەکانەوە .

دەزانم هەندێک دەڵێن ئەو ناهاوسەنگییەی میدیا لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ژمارەیەکی زۆری جوولەکەکان لە بواری میدیا کاردەکەن. ئەم بیرۆکەیە ڕەتدەکەمەوە، چونکە تەنانەت لەو وڵاتانەی کە تاکە جوولەکەیەکیش نادۆزیتەوە لە میدیاکان کاربکات یان لەسەر شەقامەکانیان بسووڕێتەوە، هەواڵەکانیان تەرکیز دەخەنە سەر شەڕی غەززە- ئیسرائیل. هەندێکی دیکە دەڵێن "تۆمەت و گلەییکردن لە جوولەکە زیاتر سەرنجی شەقام ڕادەکێشێ". ڕەنگە ئەوە بۆ هەندێک خەڵک و کەناڵی تایبەت ڕاست بێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە بۆ زۆران وانییە. هەندێکی دیکە ئەو ڕاستییە ڕوون دەکەنەوە کە لە جیهاندا لە پاش واشنتن، ئۆرشەلیم زۆرترین ژمارەی ڕۆژنامەنووسی بێگانەی تێدایە. ئەم ڕۆژنامەنووسانە ئاست و پلەیان پێشکەوتووترە لەوانەی لە عێراق یان سووریا کاردەکەن. یاخود ڕەنگە موحەڕیرە باڵاکانی هەواڵ هەست بکەن کە گوێگرانیان بێتاقەت بوون لە بیستنی هەواڵ لەسەر سووریا و عێراق، بەڵام بۆچی هەمان لۆژیک جێبەجێ نابێت بۆ کێشەی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل؟ ئەوە نادیارە.

تەنانەت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش، دواترین هەواڵ لەسەر ئیسرائیل و غەززە زیاتر تاوتوێ دەکرێ لەنێوان ئەو کەسانەی خەڵکی ناوچەکە نین. هەموو کەس وا هەست دەکات دەبێت قسەی هەبێت لەسەر ئەوەی کێ ڕاستە و کێ هەڵەیە لەم جەنگەدا (ئیدی ئەوانە بێت کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ژێردەستەن یان وڵاتێکی دیموکراسی لیبراڵ کە شەڕی ئەوانە دەکات هەوڵی لەناوبردنی دەدەن)، لەلایەکی دیکەوە زۆر کەس لەو بڕوایەدان کە پێویستە چارەسەرە ئاسانەکانیان بۆ ئەو کێشەیە بۆ کەسانی دیکە بخەنەڕوو. بەبڕوای من کرۆکی کێشەکە کە بۆچی قەیرانێکی بچووکی وەک فەلەستین و ئیسرائیل بە بەراورد بەوەی لە عێراق دەگوزەرێ زیاتر باس دەکرێ ئەوەیە: خەڵک کەمتر تێدەگەن لەوەی لە عێراق دەگوزەرێ، بۆیە نازانن چ لایەک هەڵبژێرن بۆ پشتگیری. جگە لە پشتگیریی هاووڵاتیانی بێتاوان لە هەموو نەتەوەو ئاینێک، دەبێت وەڵامەکە بۆ زۆرینەی ڕۆژئاواییەکان ئاسان بێت. لێرەدا چەند خاڵێکی سەرەکی لەشێوەی پرسیاری هەڵبژاردە دەخەمەڕوو کە هاوسۆز و جەماوەری لە ڕۆژئاوا زۆرە: 1- ڕژێمەکەی بەغدا کە زۆر لە ئێرانەوە نزیکە، ئامادە نییە لایەنەکانی دیکەی عێراق لە دەسەڵات بەشدار بکات، هەروەها بەردەوام پارەیەکی زۆری نەوتی وڵات دەدزێ و پایتەختەکەی کارەبای نییە و سوپاکەی پەکیکەوتووە. 2- بوونی ژمارەیەک هێزو گرووپی جیاواز کە لەلایەن ئیسلامییە توندڕەوەکان و ئەندامانی ڕژێمی پێشووی ڕژێمی عێراق و هۆزەکانەوە سەرکردایەتی دەکرێن. 3- بوونی ژمارەیەکی زۆر کەم و بێدەسەڵات لە سیاسیی مۆدێرن. 4- حکومەتێکی کوردی، کە خەڵکەکەی بە درێژایی مێژوو چەوسێنراونەتەوە، ئەم حکومەتە کە لەلایەن خەڵکەکەیەوە پشتگیری لێدەکرێ، زیاتر لە ملیۆن و نیوێک ئاوارەی لە هەموو ئاین و نەتەوە جیاوازەکان لەخۆگرتووە، بایەخ بەمافەکانی ژنان دەدات بە (بەبوونی ژنانیشەوە لەنێو هێزە چەکدارەکانیان)، پشتگیری بازاڕی ئازاد دەکات و هێرشی نەکردووەتە سەر هیچ کەسێک، هەموو کات پەیوەندیی هاوڕێیانەی لەبەرامبەر ڕۆژئاوا نیشان داوە، هەروەها هەوڵی پارێزگاریکردن لە ئاسایش و ئازادیی خاکەکەی دەدات.

لێرەدا بە وردی باسی هەریەک لەو هەڵبژاردانە ناکەم بە جۆرێک کە شایەنی باسکردن بن، بەڵام ئەم شتانە زۆر بە دەگمەن لە میدیاکاندا باس دەکرێن. ئەگەر زۆر لەڕۆژئاواییەکان هێشتا ئاشنای ئەم شتانە نەبن، کەواتە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بەوەیە زیاتر کار لەسەر پەیوەندییە گشتییەکانی بکات. هەر کە شەقامی ڕۆژئاوایی لەم شتانە تێگەیشتن، ڕەنگە سەرکردەکانیشیان تێبگەن.



عەبدولڕەحمان سدیق
asidiq1962@yahoo.com

# عەرەبی دەزانیت؟

لەکتێبخانە و پەڕاوگەیەکی ئەم باشووری کوردستانە، دوو کچی خوێندکارم بینی داوای کتێبی فێربوونی زمانی عەرەبیی عێراقییان دەکرد. هەفتانەش دوو جار یان زیاتر ڕۆژنامەی ریکلامە ئابوورییەکان بەدەرگای ماڵانی گەڕەکی ئێمە و زۆر گەڕەکی دیکەوە دەکرێت، تێیدا هەلی کار دەخرێتە ڕوو بۆ خەڵکی لە بازاڕگەو مارکێتەکان، بەڵام بەو مەرجەی زمانی عەرەبی بزانن، مەرجی کۆمپانیاکانیش زانینی زمانی ئینگلیزییە.

واتە لەجیاتی ئەوەی پەنابەر فێری زمانی خاوەن ماڵ بێت، داوا لەخاوەن ماڵ دەکرێت فێری زمانی پەنابەران بێت، ئەمە لەکاتێکدا کە خەڵکی ئێمە دەڵێن کاتێک ئەمان چوونەتە هەندەران، دەبووایە پێش هەر شتێک فێری زمانی ئەو وڵاتە بن کە بۆی چوون، نەک خەڵکی ئەو وڵاتە ناچار کرابن فێری زمانی گەلانی هاتوو بن لەبەرئەوەی بە ملیۆنان پەنابەر ڕوویان لەو وڵاتانەی ئەورووپا کردووە.

ئەگەر تەماشا بکەین، دەبینین زۆر لە وڵاتانی خاوەن زمانی نەتەوەیی تایبەت بەخۆیان، ئەمڕۆ لەبەردەم شاڵاوی بەجیهانیکردن و عەولەمەو زاڵبوونی زمانی ئینگلیزیدا، هەوڵێکی یەکجار زۆر بەخەرج دەدەن بۆ پاراستنی زمانی نەتەوەیی، لەوانەش فەرەنسا کە لە ساڵی (1998)دا بڕیاری گرنگی بۆ پاراستنی زمانی فەرەنسی داوە، لەو بڕیارانەش:-

1 - دەبێت 60%ی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنەکانی فەرەنسا بە فەرەنسی بن، بۆ بەرەنگاربوونەوەی شاڵاوی بەرنامە ئەمریکییەکان کە هەموویان بەزمانی ئینگلیزین.

2- ڕاگرتنی تەواوی یارمەتییە ماددییەکان لەگشت ئەو کۆڕو کۆبوونەوەو سیمینارە ڕۆشنبیرییانەی کە لە (فەرەنسا)دا دەگێڕدرێن و زمانی (فەرەنسی) ناکەنە زمانی سەرەکی لەو کۆبوونەوانەدا.

3- هەوڵدان بۆ دەرکردنی یاسایەک کە بەهۆیەوە ڕێگە بگیرێت لەهەموو لێپرسراو و کاربەدەستێکی فەرەنسی گەر بەزمانێکی بیانی بدوێن لەکاتی لێدوان بۆ هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و دیمانە ڕۆژنامەگەرییەکاندا.

دەوڵەتی میرنشینی ئیماراتی یەکگرتوو لەساڵی (2006)ەوە یاسای پاراستنی زمانی عەرەبیی پەسەند کردووە لەبەرامبەر هەژموونی زمانەکانی ئینگلیزی و هیندی و ئۆردو، چونکە زمانی عەرەبی لە ئیماراتدا بووەتە زمانی چوارەم بەهۆی هاتنی ژمارەی زۆری کرێکار و کۆمپانیای بیانی بۆ کاری ئابووری و وەبەرهێنان.

بۆیە پێویستە پەرلەمانی کوردستان خێرا بێت لەپەسەندکردنی (یاسای زمانی کوردی)، لەبەر زۆر هۆی خودی و بابەتی لەوانە بۆ نموونە:

1- زیادبوونی قسەکاران بەزمانەکانی عەرەبی و تورکی و ئینگلیزی و فارسی لەباشووری کوردستاندا.

2- کارکردنی نزیکەی سێ هەزار کۆمپانیای بیانی لە باشووری کوردستاندا کە زۆربەی ستاف و کرێکارەکانیان بیانین.

3 - دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆری قوتابخانەی ئەهلی و کردنەوەی قوتابخانە و کۆلێژ و زانکۆی بیانی وەک عەرەبی و تورکی و ئەمریکی و ئەڵمانی و فەرەنسی و ئەوانی دی، کە وای کردووە ژمارەیەکی زۆری منداڵ و لاوی کوردستان پاش تەواوکردنی خوێندنیان، زمانی ئەو دەوڵەتانە بکەنە زمانی فەرمییان لەنێو ماڵ و شوێنی کارکردندا و زمانی کوردی فەرامۆش بکەن.

4 - شۆڕشی گەیاندن و ڕاگەیاندن و ئینتەرنێت و فەیسبووک و مۆبایل و دەرهاویشتەکانیان کاریگەریی زۆریان هەیە لەسەر پاشەکشەکردن بەزمانی نەتەوەییمان، بۆیە وڵاتانی خاوەن کیان و زۆر لەئێمەش بەهێزتر لەهەموو ڕوویەکەوە لە زیاتر لە (100) دەوڵەت و هەرێمدا یاسای پاراستنی زمانی نەتەوەییان پەسەند کردووە.

5 — لە خولی دووەمی پەرلەمانی عێراقدا یاسای زمانە فەرمییەکان دەنگی لەسەردرا، بۆیە پێویستە بەخۆ بکەوین و لێرە پرۆژە یاسای پاراستنی زمانی کوردی پەسەند بکەین.

ئێمە سەدان ساڵە لەپێناوی زیندوو ڕاگرتنی دۆزی نەتەوەییماندا بەهەموو توانامانەوە کار بۆ زیندوو ڕاگرتنی زمانی کوردی دەکەین، چونکە زانیومانە و دەزانین کە زمان کۆڵەکەی پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیە و دەشزانین کە پرۆسەی پەروەردە و فێربوونیش میکانیزمی زیندوو ڕاگرتنی زمانە.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## هێرۆ تێست دەکرێت » 17

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : سالّح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net